

فایلی ژمارە

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا

# لاوان

41

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

ڕەشەمەی ١٣٨٩ March 2011

- پێناسەو ئەرک و کاریگەریی ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکان
- ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کێشەی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شۆڕشی ڕووناکبیری
- خۆشەویستەکەم بەهار
- وتووێژ لەگەڵ لاوێکی وەرزشوان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی لاوان
# بە بۆنەی جەژنی نەتەوایەتی نەورۆز

بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەتەوایەتی کورد، جەژنی نەورۆزو هاتنی ساڵی تازەی کوردی جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتیو ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و دەکەین. بەو هیوایەی کە جەژنی نەورۆز و نوێبونەوەی ساڵی کوردی ببێتە هاندەرێك بۆ گەیشتن بە ماف و داخوازی‌یەکانی نەتەوە ستەم دیدەکەمان.

لاوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دا سەرەڕای ئەم هەموو زەبر و زەنگەی دەسەڵاتداران لە هەموو بۆنە نەتەوەی‌یەکان دا بە مەبەستی دەربرینی خۆشی و شادی لە سەر جاددە و شەقامەکان دا ئاهەنگیان گێراوە. بەو هیوایەی نەورۆزی ئەمسالیش بە هەمان جۆش و خرۆشەوە یادی ئەم جەژنە بکەنەوە و بە رژێم رابگەیەنن کە زۆرداری رژێم نابێتە ئاستەنگ لەبەردەم یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکان.

بەرێزان: گەلی کورد لە کاتێك دا یادی جەژنی نەورۆز دەکاتەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دوای زیاتر لە سێ دەیە بۆ چرکەیەکیش لە گرتن و ڕەشەکوژی دژی خباتگێران و لەوانیش لاوان لە سەرانسەری ئێران و کوردستان بە تایبەت سڵی نەکردۆتەوە، نارەزایەتیە بەربڵاوەکانی ئەم چەند ساڵە، بە تایبەت دوای دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد بە سەرۆك کۆماری ئێران کە لە لایەن چین و توێژەکانەوە و لاوان بە تایبەت ئەنجام دەدرێن بەرهەمی ئەم سیاسەتە چەوتانەی سەرانی رێژیمە.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان وەکو هەموو چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگاکەمان پێکهێنانی بەرەیەکی کوردی کە هەموو حیزب و لایەنەکەنی رۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتە خۆ بە پێویستی‌یەکی گرنگ دەزانێت، چونکە وەك هەموومان ئاگادارین ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ڕوبەروی شەپۆلێکی گەورە لە نارەزایەتی جەماوەر دژ بە رژێمە دیکتاتۆرەکان بۆتەوەو کۆماری ئیسلامیش هەر ئان و لە داهاتوویەکی نزیکدا گۆرانکاری بەخۆوە دەبینی، بۆیە پێویستە لە سەر حیزبە کوردستانیەکان هەرچی زووتر بە زمانی دیالۆگو گفتوگۆ هەموو گیرو گرفتەکانی نێوانیان چارەسەر بکەنو رێگا چارەیەکی گونجاویش بۆ ئێرانو بە تایبەت رۆژهەلاتی کوردستان دابنێن بە جۆرێك کە لەو سایەوە گەلانی ئێران بە مافەکانیان بگەن.

لاوان وەکو هەموو چین و توێژەکانی تری کۆمەلگاکەمان بەشداریەکی دیار و بەرچاوی بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەکەمانن و ڕۆڵێکی کاریگەریان لە هەموو شۆڕش و راپەرینەکانیان دا بینیوەو هەر لەم رێگەیەشەوە سەدان لاوی خوێن گەرم بوونەتە قوربانی دەسەڵاتی هەڵەی رێژیمە یەك لە دوای یەکەکان. بەو هیوایەی کە گەلی کوردیش وەکو هەموو میللەتانی‌تر بە مافە ڕەواکانی بگاتو چیتر نەبێتە قوربانی‌و بە دەستی دوژمنان نەچەوسێتەوە.

«بەرز و پیرۆز بێت جەژنی نەتەوایەتی کورد، جەژنی نەورۆز»

کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی

یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوان
ژماره: ٤١
ڕەشەمەی ٢٧١٠ی کوردی (١٣٨٩) – March ٢٠١١ی زایینی

دەوری دووهەم، ساڵی دەیەم
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

## پێڕست

سەروتار.................................سەرنووسەر
**فایلی ژمارە:**
**ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا**
پێناسەو ئەرك و کاریگەری ڕێکخراوە مەدەنییەکان........ل٤
ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ڕۆژهەڵاتی .........ل٧
کێشەکانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ڕۆژهەڵات......ل١٠
وتووێژی گۆڤاری لاوان لە گەڵ بەڕێز "حەسەن...........ل١٢
باندۆری خەباتی مەدەنی کوردان ......................ل١٦
کورتە باسێك لەسەر ڕیکخراوە ناحکوومییەکان.......ل١٨
ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە سەردەشت............ل ٢٠
کۆمەڵگای مەدەنیو NGOکان......................ل٢٣
ڕێکخراوە ناحکوومییەکان.........................ل ٢٦
ڕێکخراوە مەدەنیو سنفییەکان ئەمڕۆ لە............ل ٣٠
ئاورێکی کورت لە مێژووی یەکیەتی لاوان..........ل٣١
ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین.............ل٣٤
شێعری ٢ی ڕێبەندان..............................ل ٢٥
وتووێژی گۆڤاری "لاوان"لەگەڵ شەڤین.............ل ٣٦
بەسەر چوونی تەمەنی دیکتاتۆرەکان................ل ٣٧
بزووتنەوەی سەوز و هۆیەکانی سەرهەڵدانی.........ل ٣٩
شۆڕشی ڕۆشنبیری...............................ل ٤٠
کەونە z.........................................ل ٤٢
چریکە...........................................ل ٤٥
وتوویژ لەگەڵ خاتوو پەخشان فەلسەفی.............ل ٤٦
بە بۆنەی کردنەوەی...............................ل ٤٦
جیاوازی نێوان دوو سەرۆك کۆماری ...............ل ٤٨
دەمەتەقە.........................................ل٤٩
خۆشەویستەکەم بەهار.............................ل ٥٠
تێڕوانینێکی لۆژیکیانە لەسەر وانەکانی ژیان.........ل ٥١
ئەی دادوەر.. گەر نیشتمان.........................ل ٥٢
بە بۆنەی ڕۆژی ڤالێنتاین...........................ل ٥٣
وتەی بەنرخ......................................ل ٥٤
چۆن وازی لێ دێنێ؟...............................ل ٥٥
وتوویژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ"ئاگری عەبدوڵلاپوور"....ل ٥٨
- کارو چالاکی لاوان...............................ل ٦٠

خاوەن ئیمتیاز:
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**سەرنووسەر:**
**عەبدوڵلا عەبدوڵلاپوور**
Email:
Abdulla.abdullapoor@gmail.com

**دەستەی نووسەران:**
سەید جەلال ساڵحی،
هەژیر عەبدوڵلا پوور
سیروان موسا پوور،
وریا ساڵح زادە
تەها ڕەحیمی

**بەرگ:**
ئەیوب شەهابی ڕاد
**دیزاینی ناوەوە:**
ئاگری عەبدوڵلاپوور
**تایپ:**
سەلاح خەلیل بەیگی
ئازاد کوردستانی

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن: WWW.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شۆڕشگێڕانی دوێنێ و دیکتاتۆرەکانی ئەمڕۆ



عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور

لە کاتێک دا بە رەو پیری ساڵی نوێ دەچین کە جەندین ڕووداوی گرینگ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا سەریان هەڵدا کە زۆر گرینگن‌و جیگای لێ وردبوونەوەو تێڕامانن، ئەویش کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆڕی "بێن عەلی" لە یەمەن و دەسەڵاتی دیکتاتۆڕی "حوسنی موبارەک" لە میسرە کە شەپۆلەکانی ڕاپەڕینی ئەو وڵاتانە کۆمەڵێک وڵاتی تریشی گرتۆتەوە کە هەنووکەش بەردەوامە. هەر ئێستا لە لیبی ڕاپەڕینی خەڵک بەردەوامە و خەڵک دەسەڵاتی بەشێکی بەرچاو لە شارەکانی لیبی‌یان لە ژێر دەستی قەزافی دیکتاتۆڕ دەرهێناوەو هەروەها لە بەحرەین و چەند وڵاتی تریش جموجۆڵ دەستی پێ کردووە بەشێوەیەکی وا کە بە تەواوی دیکتاتۆڕەکان ترسیان ڕێ نیشتووەو هەر پێشەکی بەڵینی چاکسازیان بە خەڵکی وڵاتەکانیان داوە تاکوو بەم شێوەیە ڕێ لە سەرهەڵدان بگرن. ئەوەش بەرهەمی وشیاربوونەوەی خەڵکی ئەو وڵاتانەیە کە لەو نێوەدا ڕاگەیەنە سەربەخۆکان ڕۆڵێکی زۆر باشیان گێڕا و لەو نێوەدا فەیس بووک وەک ماڵپەڕێکی کۆمەڵایەتی لەم سەرهەڵدانانەدا پشکی شێری وەبەر دەکەوێ لە ڕێکخستنی خۆپێشاندەراندا.


ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە ئەو دیکتاتۆڕانەی ئەمڕۆ کە خەڵکی وڵاتەکانیان دەچەوسێننەوە و خەڵکیان بە دەست دەچەوسێتەوە، سەردەمێک شۆڕشگێڕێکی ناوداری ئازادی وڵاتەکەیان بوون لەدەست داگیر کەران و نەهامەتی وڵاتەکانیان و زۆربەی زۆری خەڵکی وڵاتەکانیشیان شانازیان پێوە کردوون، بەڵام چی وای لێ کردوون کە وا بوون بە دیکتاتۆڕ، هەر مرۆڤێک مەیل و ئارەزوویەکی دیکتاتۆڕی تێدایە کە ئەگەر دەرفەتی پێ‌بدرێ و ڕێگای بۆ هەموار بکرێ ئەوا ئەو مەیلەی زۆر زوو گوڵ دەکاو لە دەرفەتێکی کەمدا دیکتاتۆڕێکی زاڵمی لێ‌دەردێ کە ئەوەش بۆ خەڵکی وڵاتەکە دەگەڕێتەوە کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم کەسانەوە ڕێگایان بۆ خۆش دەکەرێ و لێپرسینەوەیان لێ‌ناکەن و لە بچووکترین هەڵەکانیان را بگرە تاکوو دەگاتە هەڵەو سەرەڕۆیی‌یە گەورەکان واتە خەڵک بۆ خۆیان دیکتاتۆڕ دروست دەکەن کە دەتوانین ئاماژە بە قسەیەکی "وینیستۆن چێرچیل" سیاسەتوانی ناوداری ئینگلیز بکەین کە دەڵێ هەر میللەتەی شایانی ئەو ڕێبەرەیە کە هەیەتی، بە واتایەکی دیکە دەبێ ئەو میللەتە بۆ خۆی نیشان بدات کە شایانی دیکتاتۆڕ نیە و وەکوو زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی شایانی باشترین سیستمە کە لەودا دادپەروەری حاکم بێت و تاکێک یان چەند کەس لە جیاتی هەموو خەڵکی وڵات بڕیار نەدەن و سەروەت‌و سامانی وڵاتەکانیان بۆ ئامانجە کەسەکیەکانیان تەرخان نەکەن.

ئەوەی جێگای دڵخۆشی‌یە کە لاوانی ئێستا لە هەموو وڵاتان دا لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەو کەسانە دان کە دژی دیکتاتۆڕی وڵاتەکەیان ڕاپەڕیون و داوای داد پەروەری و نەهێشتنی گەندەڵی دەکەن و لە هەموو ئەو شۆڕش و سەرهەڵدانانەی کە بە درێژایی مێژوو هاتوونەتە کایەوە لاوان هەر لە ریزی پێشەوە بوون، کە ئەوەش بۆ زاتی لاو دەگەڕێتەوە کە دەگەڵ نوێ‌بوونەوەو دادپەروەری‌یەو زوڵم زۆری بۆ قبوول ناکرێت.

ئەوەی کە پێوەندی بە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی هەیە ئەوەیە کە دەبێ خەڵکی ئێران بە گشتی و لاوان بە تایبەتی نیشان بدەن کە شایانی ئەو سیستمە کۆنەپەرەست و سەدە ناوەراستی‌یە نین‌وزۆر لەوە زیات هەڵدەگرن و هەر وەکی لە ڕابردوودا نیشانیان داوە کە زوڵم و زۆری دیکتاتۆڕانیان پێ قەبووڵ ناکرێ، چونکە گەلانی ئێران ئازادی خوازن و چی دیکە ناتوانن و نایانهەوێ ئاخۆندە کەلە ویشک و سەدە نێوەڕاستی‌یەکان بەسەریان دا حکومەت بکەن و باڵا دەست بن.

بە هیوای ئێرانێکی ئازادو دێموکڕاتیک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێناسەو ئەرکو کاریگەری ڕێکخراوە مەدەنییەکان



ئامادە کردنو وەرگێڕان: ئازاد کوردستانی

تێگەیشتن و لیک دانەوە لە شێوەی پێناسە کردن و کاریگەری ڕێکخراوە NGOکان بەم جۆرەیە کە بە دەزگایەکی غیرە حکوومی دادەنرێن، واتە لە دەرەوەی چوارچێوە دەسەڵات دا چالاکی دەکەن کە ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخیان هەیە لە شکڵ گرتنی کۆمەڵگای مەدەنیدا، سەرەتا دەبێ بڕوانینە سەرچاوەو بناخە و نێوەڕۆکی پێک هێنانی ئەم پێکهاتانە کە لە هەنگاوی یەکەمدا تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەگرێتەوە کە بە بنچینەی پەیدابوونی کۆمەڵگەی هەمەچەشنی مەدەنی دادەنرێن کە بێ گومان خۆی لە خۆیدا دروست بوونی کۆمەڵێک فاکتەر و بنەمای فیکری هاوبەش کاریگەری پۆزەتیڤیان لە سەر تاکەکانی نێو ئەم قەوارە کارگێڕییە مۆدێرنە و بیروڕای گشتی کۆمەڵگایەدا هەیە. بۆ ڕوون کردنەوەو تێگەیشتنی ڕۆڵی ڕێکخراوە NGOکان، دەزگا سنفی و ناوەندە خێرخوازەکان لە سازبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە ڕاستیدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە سەرەتای مێژووی پەیدابوونیاندا کە بۆ سەدەی ١٧ ـــ ١٨ دەگەڕێتەوە بە دامەزراندنیان پڕ بایەخترین و گەورەترین دەستکەوتی ماکی و مینۆکی لە وڵاتاندا لە سەر بنەمای یەک ریزی و بەرەوپیش چوونی مەدەنی کردنی کۆمەڵگاکان مسۆگەر کردووە. زۆر کەس و لایەن، شارستانییەت و مەدەنییەت بە یەک شێوە پێناسە دەکەن و هەڵ دەسەنگێنن، بەڵام جیاوازی مەدەنییەت و شارستانییەت بەم شێوەیە لێک دەدرێتەوە کە سەرەتای دروست بوونی شارستانییەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا دامەزراوە. یەکەم سەرچاوەکان لە مێزۆپۆتامیادا دۆزراونەوە کە بە پێی ئەو سەرچاوە مێژوویییانە و لێکۆڵینەوەکان لە سەر ئەم بابەتە دەردەکەوێ کە شارستانییەت جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لە گەڵ مەدەنییەت کە وەک دەوترێ شارستانییەت لە کۆتاییەکانی دوا چاخی بەستەڵەک و چاخەکانی بەردین لەگەڵ هاتنی مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ پێ دەشتەکان و دامەزراندنی یەکەم گوند و شار و گۆران و تێکەڵ بوون و پێکەوەبوونی ژیانی خەڵکانی ئەوکات لە دەوری یەکتر و پەیدابوونی یەکەم قۆناغی پیشەسازی دەستی، کشت و کاڵی، ئاژەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داری و داهێنانی نووسین و پەیدابوونی پەرستگاکان، لە گەڵ دروست کردنی سیستەم و دەسەڵاتە گارگێڕی‌یە هەرێمی و ناوچەییەکەن وەک هۆز و خێڵ و میرنشین و ئیمپراتۆڕەکان کە ئەرکیان بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی کۆمەڵگەی ئەوکات بووە. بەڵام زانراوە کە مەدەنییەت چەمکێکی تازەیە و شێوەیەکی دیکەیە لە پیک هێنانی کۆمەڵگای هەمەچەشن و پێشکەوتوو یان بە شێوەیەکی سادە بە شارستانییەتی نوێ دادەنرێ کە بە نوێترین چەمکی دەورەی مودێرنیتەی دوای شۆڕشی پیشەسازی پێناسە دەکرێ کە لە ئورووپاوە سەری هەڵ داوە. مەبەست لە کۆمەڵگای مەدەنی ئەو هێزە مرۆڤانەن کە بۆ دەستەبەر کردن و پشتیوانی کردنی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە نێو کۆمەڵگاکاندا لە دەرەوەی دەسەڵاتی هۆز و خێڵ و میر و دەسەڵاتی دەوڵەت لە

**زۆر کەس و لایەن، شارستانییەت و مەدەنییەت بە یەك شێوە پێناسە دەکەن و هەڵ دەسەنگێنن، بەڵام جیاوازی مەدەنییەت و شارستانییەت بەم شێوەیە لێك دەدرێتەوە کە سەرەتای دروست بوونی شارستانییەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا دامەزراوە.**

دامەزراندنی ڕێکخراوە NGOیەکان، سنفیەکان، پیشەییەکان، مامۆستایان، ژنان، لاوان ڕۆژنامەنووسان، خوێندکاران، ژینگە پارێزان، ئەنجوومەنە ئەدەبی‌یەکاندا بەردەوام چالاکی دەنوێنن لە پێناوی یەکسانی خوازی دا، بۆ گەیشتن بە لوتکەی ئازادی و دێموکڕاسی بۆ دەستەبەر کردنی مافی شارستانی نوێ تا مافی یەکسانی هەموو تاکەکان بۆ بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا. گرنگی کۆمەڵگای مەدەنی لە چەند لایەن و بیر و بۆچوونی جیاجیا لە ڕێگای گەیشتن بە یەک ئامانج دایە. هیچ شک و گومانی تێدا نیە ئەم دامەزراوانە گەورەترین گۆڕانکارییە مەدەنی‌یەکانیان بە درێژایی مێژوویی سەرهەڵدانیان و دامەزراندنیانەوە خوڵقاندووە. هیچ کات ڕێکخراوەیەکی مەدەنی کە هەموو هێز و توانای بۆ بەرەوپێش چوون و مەدەنی کردنی کۆمەڵگایە بیر لە لایەنی بەرژەوەندی، قازانج و دەست ڕاگەیشتن و سوود وەرگرتن بۆ بە لاداشکانەوەی کەسێک یان لایەنێک دا ناکاتەوە، چونکە ئەرکی ڕێکخراوەیەک پاراستنی سامان و فەرهەنگ، کلتوور و ڕەسەنایەتی و خەم خۆری لە بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکانی

**هیچ شك و گومانی تێدا نیە کە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان گەورەترین گۆڕانکاری‌یە مەدەنی‌یەکانیان بە درێژایی مێژوویی سەرهەڵدانیان و دامەزراندنیانەوە خوڵقاندووە.**

کۆمەڵگە دایە لە هەموو بوارەکانی ژیان دا. هەر وەکوو ڕێکخراوەیەک ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لە دروست کردنی کۆمەڵگای پێشکەوتوو، چەندین ڕێکخراوی NGیش هەر بەم جۆرە بۆ زیاتر مەدەنی کردنی کۆمەڵگە و چەسپاندنی خەباتی مەدەنی دەتوانن کاریگەری پۆزەتیڤیان هەبێ لە سەر چەند خاڵێکی فیکری





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوبەش لە سەر بنەمای یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی بۆ داخوازییە گشتییەکانی کۆمەڵگە. ڕێگە خۆش کردن بۆ گەشەکردن و هەموارکردنی یەکسانی خوازی و ئازادی تاکەکەسی لە سەر بنەمایەکی هاوبەشی یەک بوون و یەکیەتی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەلگەدا لە پێناو دەستەبەرکردنی خەباتی جەماوەری هەمەلایەنە. لە هەمان کاتدا ڕوون و بەرچاوە کە ڕێکخراوە مەدەنییە پێشکەوتووخوازەکان لە وڵاتانی ئازاد و دێموکڕات دا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەستێنن لە لایەن سیستەمی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتانە گرنگیان پێ دەدرێ و پشتیوانیان لێ دەکرێ. بە پێچەوانەشەوە لە وڵاتانی دیکتاتۆڕ و دواکەوتوودا ئەم NGOیانە توندترین زەخت و تەوژمیان دەکەوێتە سەر و گەورەترین لەمپەریان بۆ دروست دەبێ، بە دژایەتی کردنی دەسەڵات لەگەڵ چالاک وانان لە لایەنەکانی سیاسی و لایەنەکانی دیکەدا و بە ڕاوونان، گرتن، کوشتن، ئێعدام، دەستبەسەر کردن، هەڕەشە کردن و خەفەکردنی دەنگی کەسانی ئازادی خواز و خێرخواز و تەنانەت بنکە و ناوەندەکانیشیان بە ناوەندی فیتنە و ئاژاوە، تێکدەر و خەڵک هەڵخەڵەتێن و دژی دەسەڵات و ئاسایشی وڵات لە قەڵەم دەدەن. بەڵام لایەنی هەرە بە سوودی ڕێکخراوە NGOیەکان لە نێو ئەم جۆرە سیستەمە دواکەوتووانەدا بەرپەرچ دانەوەی پیلانە دزێوەکانی دەسەڵاتە کە

●●

**لە وڵاتانی دیکتاتۆڕو دواکەوتوودا NGOکان توندترین زەخت و تەوژمیان دەکەوێتە سەر و گەورەترین لەمپەریان بۆ دروست دەبێ**

●●

ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی لەم وڵاتە دیکتاتۆڕانەدا بوونە هەوێنی بەرخۆدان بۆ گەیشتن بە داخوازە میللیەکانیان جیا لە داخوازە کۆمەڵایەتی و سینفییەکانیان. یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی و لێوەشاوەیی چین و تەیفە جیاجیاکانی خەڵکە لە پێناو بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بە بوارەکانی پەروەردە کردن و گیانی نوێ خوازی و تەباییە، کە لە هەمان کاتیشدا سڕینەوە و ڕیشەکێش کردنی باری دواکەوتوویی کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ستراتیژ و ئامانجە سەرەکییەکانی تێکڕای کۆمەڵگە. پشتیوانی کردن و یارمەتی دان و پێگەیاندنی کەسایەتییە مەدەنییەکان کە خۆی لە خۆیدا سیما و ڕووخساری خەباتی مەدەنی دەردەخا. چەند نموونەیەک کە بە ئەرکی ریکخراوە مەدەنییەکان لە سەردەمی نوێدا دادەنرێن لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا کە پەیوەندیان بە ژیان و سەقامگیری و مەدەنیەتەوە هەیە کە لە ڕێگەی بایەخ پێدان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، ڕادیۆ، TV و ئەنتەرنێت، گرینگی دان و پاراستنی ژینگە و سامانە سروشتییەکانی سەرزەوی وەک ئاو، هەوا، دارستانەکان و زیندەوەران و هەروەها سەرچاوە سروشتییەکانی ژێر زەوی وەک نەوت، گاز و کانزاکانی دیکە پاراستن و پاریزگاری کردن لە شوێنەوارەو کەل و پەلی بەنرخ و ئاسەوارە مێژووییەکان، بایەخدان بە فۆلکلۆر، کلتوورو کەلەپووری ڕەسەنایەتی، فەرهەنگی و هونەری و زمان و ئەدەب و هەوڵدان بە مەبەستی زیندوو ڕاگرتنیان و پەرەپێدانیان، ریشە کێش کردنی باری نەخوێندەواری و ڕێگە خۆش کردن و هاندان و پشتیوانی کردن و پەروەردەکردنی کەسانی نەخوێندەوار، پشتگیری و داکۆکی لە مافەکانی ژنان و ڕاکێشانیان و تێکەڵ کردن و ئاشنا کردنیان لە گەڵ شێوازەکانی

●●

**پشتیوانی کردن و یارمەتی دان و پێگەیاندنی کەسایەتییە مەدەنییەکان کە خۆی لە خۆیدا سیما و ڕووخساری خەباتی مەدەنی دەردەخا.**

●●

خەباتی مەدەنییەت بۆ بەشداری کردن لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، یارمەتی دانی کەم ئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، دەست گرتنی منداڵانی هەژار، بێ سەرپەرەست و پی پەنا، چونکە منداڵان گەورەترین سەرمایەکانی دوارۆژی کۆمەڵگان. پشتیوانی کردن لە کرێکاران، پیشەوەران، هەژاران، بەساڵداچووان، کەسانی دەست تەنگ و کەم دەرامەت، بایەخ دان بە بوارەکانی تەندروستی، گرنگی دان بە بەهرەو توانا و داهێنانە نوێیەکانی لاوان، ژنان و منداڵان و کەسانی پسپۆڕ و ڕۆشنبیر و ئاکادمیست لە ناو کۆمەڵگادا.


سەرچاوەکان:

١: کورتەیەک لەسەر خەباتی مەدەنی. سیروان جەلال.

٢: هزر و بیری پێشکەوتن (ماڵپەری یەکیەتی لاوانی دێموکرات کوردستان)_ عێراق .

٣: ئازادی عەقڵ وکۆمەڵی مەدەنی. مالا بەختیار


❋❋❋



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان





سەید جەلال سالّحی

ئەگەر بە چاوخشاندێکی هەر چەند کورتیکش بێ، پێویستە ئاوڕێک لە مێژووی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان(غیر دولتی) کە بە NGO و کورت کراوەی Non Governmental Organization ناسراون واتە، ئەو ڕێکخراوانەی سەر بە حکوومەت نین یانی ڕێکخراوگەلێکی کەسایەتی داری ڕاستەقینەی سەربەخۆن کە بۆ ئەنجام دانی چالاکی خۆبەخشانە بە مەیل گەلێکی ناسیاسی و بە پێی یاسامەندی و ئەساسنامەیەکی داڕێژراو و لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی مافە داڕێژراوەکانی وڵات و واتای ئایین نامە بەڕێوەبەرییەکان دا چالاکی دەکەن، بدەینەوە. بە شێوەیەکی گشتی یانی لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵات دا خەریکی چالاکین کە ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لە فۆڕم و قەوارە گرتنی کۆمەڵگای مەدەنی و بە کۆمەڵی کردنی کۆمەڵگادا هەیە.

دیارە شارەزایان و پسپۆڕانی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان، مێژووی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە دەگەڕێننەوە بۆ یەکەم دامەزراوەی ناحکوومی کە لەساڵی **١٨٦٣**ی زایینی وەک ڕێکخراوێکی ناحکوومی بە ناوی خاچی سووری(صلیب سرخ) جیهانی دامەزراوەو بەدەر لە چوارچێوەی هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی کاری خۆی کردوە. دواتر پاش شەڕی دووهەمی جیهانی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان(**١٩٤٥**) دادەمەزرێ لە بەندێکی جاڕنامەکەی‌دا وەک پشتیوان و بە فەڕمی ناسینیان باسی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان هاتووە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەی بیستەمدا و بە تایبەتی لە پەنجا ساڵی دووهەم بەولاوە چالاکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان لە کۆمەڵگا نێوخۆیی‌یەکانی سەرانسەری جیهان و ئامادەبوون و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**یەکەم دامەزراوەی ناحکوومی کە لە ساڵی ١٨٦٣ی زایینی وەك ڕێکخراوێکی ناحکوومی بە ناوی خاچی سووری(صلیب سرخ) جیهانی دامەزراوەو بەدەر لە چوارچێوەی هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی کاری خۆی کردوە.**

پشتیوانی هێزەکان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ڕێگای ماڵی و تەکنیکی‌یەوە، بوارێکی لەباری بۆ گەشەکردنی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان ڕەخساند.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جیا لە پشتیوانی هەمەلایەنە لە چالاکی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان و پرۆژەو بەرنامەکانیان، لە پێناو گەیشتن بە مەبەستەکانیان ڕێ نیشاندەرو هاوکاریان بوون. لە ڕاستی‌دا ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان وەک ڕێکارێکی نوێ بۆ بەشداری کردنی خەڵک لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا، لەو بوارەدا لە دونیای ئەمڕۆکەدا گرینگیان پەیدا کردوە کە وەک ئەڵقەی پێوەندی نێوان حکوومەتەکان و خەڵک، ئەرکی گواستنەوەی داواکاری‌یەکانی خەڵک بە سیستمی دەسەڵاتیان لە ئەستۆیە.

دەتوانین ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بە گشتی لەو چەند خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

ئەلف: پشتیوانانی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان، ئەو ڕێکخراوانە وەک ئەڵترناتیڤێکی لەبار بۆ دەوڵەتی(کابینەی وەزیران) وڵاتەکانیان لە خستنەڕووی خزمەت گوزاری‌یەکان و ئەولەوییەتەکانی وەک پلان دانانی خێزانی، پشتیوانی منداڵان، برەوپێدانی بەشداری‌یە بچووکەکان، نەخوێندەواری، ژینگە، گەشتیاری و ... هتددا دەزانن. چڕبوونەوەی سەرەکی پشتیوانان لە بەهێزکردنی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بۆتە هۆی پەرەپێدان و توانایی ڕێکخراوەیی لە پلان دانان، بەڕێوەبردن و هەڵسەنگاندنی پرۆژە پەرەسەندووەکان دا.

ب: ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بە گشتی وەک هێزگەلێکی گرینگ بۆ دێموکراتیزەکردن و بەهێزکردنی بنیاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دێنە ئەژمار. چونکە زۆربەی ڕێکخراوە خۆبەخشەکان خاوەن بایەخ و ئارمان گەلێکی بەرزی هاوبەش لە نێو ئەندامەکانیان دان، هەر بۆیە بە پشتیوان و لەزکەری گرینگی گۆڕانکاری‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان دەژمێردرێن.

ت: ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان دەتوانن سەرچاوەی نوێگەری، ئەزموون و تاقی کردنەوەی ڕوانگە نوێ‌یەکان لە ئاست برەوپێدانی کاروبارکان‌دا بن. هەروەها دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر گرینگ لە پێشکەوتن دا بگێڕن کە ئەم کارە لە ڕێگای ئامرازی سەرچاوەو وزەی بەرهەم هێنەر لە خزمەت گوزاری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و پەرەسەندنیان دا مەیسەر دەبێ.

پ: ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان ڕۆڵێکی گرینگ لە خستنەڕووی کاردانەوە پێویستی‌یەکان لە بواری سیاسەت و پلان دانان دا دەگێڕن کە ئەم کارە لە ڕێگای بەشداری کردن لە گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌یەکان و یارمەتی دان لە داڕشتنی بەرنامە پەرەسەندووەکان دا دەستەبەر دەبێ.

ئێستا ئەگەر چاو لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بکەین دەبینین ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان مێژوویەکی فرە دووریان نیە، بەڵام بەو پێ‌یەش لانی کەم توانیویانە مەبەستەکانیان بپێکن و بەو ئاقارەدا هەنگاو هەڵێننەوە، کەواتە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان هی سەردەمی گەشەکردن و مۆدێرنیتەن.

دیارە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بە گشتی زۆر لق و پۆپیان لێ دەبێتەوەو هەر کۆمەڵێک و لە ژێر ناوێک دا خۆیان وەک ڕێکخراوێکی ناحکوومی ناساندوە، بۆ وێنە ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان، ڕێکخراوی لاوان و ژنان، خوێندکاران، منداڵ پارێزی، ژینگە پارێزی، گەشتیاری، ئایینی، ڕێکخراوی مامۆستایان، پەرستاران، سەرتاشەکان، کورتە باڵایان، زیندانیانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان و ... هتد. هەرکامیشیان لە ڕاستای کاری خۆی‌دا کەم تا زۆر لە هەوڵ و تێکۆشان دان.

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیاتر هی سەردەمی پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانن کە تەنانەت هێندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەم یەک دوو دەیەی دواییش. بەناشکوری نەبێ کوا لە نێو ئەو ئاخوندە کەللە ویشک و دواکەوتووانەی سەدە ناوەڕاستی‌یەکان کە بەدەر لە خۆیان هیچ کەسیان قەبووڵ نیە دەکرێ داوای ماف و ویستەکانت بکەی.

**لە ڕاستی‌دا ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان وەك ڕێکارێکی نوێ بۆ بەشداری کردنی خەڵك لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا، لەو بوارەدا لە دونیای ئەمڕۆکەدا گرینگیان پەیدا کردوە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



زۆرن ئه‌وانه‌ی له سه‌ر داوای ڕه‌وای گه‌له‌که‌یان وه‌ده‌نگ هاتوون هه‌نووکه له چاڵه ڕه‌شه‌کانی کۆماری به‌ناو ئیسلامی دان. له حکوومه‌تی کۆماری ئیسلامی و حکوومه‌ته دیکتاتۆڕ و هاوچه‌شنه‌کانی‌دا نه‌بێ له هیچ کوێی ئه‌و جیهانه‌دا نابینی تاکی سه‌ر به ڕێکخراوه ناحکوومی‌یه‌کان له‌سه‌ر دامه‌زرانی ڕێکخراوگه‌لێکی له‌و چه‌شنه بخرێنه به‌ندی خانه و ته‌مه‌نی پڕ به‌هره‌ی لاوه‌تی خۆیان له‌وێ‌دا به‌سه‌ر به‌رن. له‌و بواره‌دا به‌ڵگه زۆرن ته‌نیا ئاماژه به نموونه‌یه‌ک ده‌که‌ین وه‌ک محه‌ممه‌د سه‌دیق که‌بوودوه‌ند که کاندیدای خه‌ڵاتی ئاشتی نوبێلیشه، به تاوانی دامه‌زرانی ڕێکخراوی "مافی مرۆڤی کوردستان" له تاران هه‌نووکه له زیندان دایه.

به خۆشی‌یه‌وه ڕێکخراوه ناحکوومی‌یه‌کان له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان دا هێنده زۆرن و له زۆربه‌ی شاره کوردییه‌کان دا له‌و جۆره ڕێکخراوانه ده‌بینین. بۆ وێنه ئه‌نجوومه‌نه ئه‌ده‌بی‌یه‌کان له هه‌موو شاره کوردی‌یه‌کان دا هه‌ن و ته‌نانه‌ت پێش قه‌ده‌میش بوون بۆ فێربوونی زمانی کوردی. ئه‌و بۆشایی‌یه‌ی که کۆماری ئیسلامی خستوویه‌تی-یه زۆربه‌ی ناوچه‌کانی ئێران و له فێربوونی زمانی دایک بێ‌به‌ری کردوون، ئه‌و ئه‌نجوومه‌نانه ئه‌و ئه‌رکه‌یان خستۆته سه‌ر شانی خۆیان و ده‌توانم بڵێم له زۆربه‌ی شاره‌کان دا به پێی توانا و ده‌رفه‌ت لانی که‌م ئه‌و بۆشاییه‌یان پڕ کردۆته‌وه که جێگای ڕێز و سپاس و ده‌ست خۆشی‌یه. له‌و نێوه‌دا دامه‌زراوه‌ی "فه‌رهه‌نگی سۆما" له مه‌هاباد بۆ فێربوونی زمانی کوردی ئه‌و ئه‌رکه‌ی وه‌ئه‌ستۆ گرتووه‌و له زۆربه‌ی

●●

## ئه‌نجوومه‌نه ئه‌ده‌بی‌یه‌کان له هه‌موو شاره کوردی‌یه‌کان دا هه‌ن و ته‌نانه‌ت پێش قه‌ده‌میش بوون بۆ فێربوونی زمانی کوردی

●●

شار و گونده‌کانی کوردستاندا لقی لێ‌یه و ئه‌رکی خۆیان له فێرکردنی تامه‌زرۆیانی زمانی کوردیدا به‌جێ گه‌یاندوه‌و به پێی توانا ته‌نه‌خی‌یان نه‌کردوه. ئه‌نجوومه‌نه ئه‌ده‌بیه‌کان جیا له بواری فێر کردنی زمانی کوردی، به گرتنی کۆڕه ئه‌ده‌بیه‌کانیان که ساڵانه ده‌یان گرن زۆر باس و ڕاوێژی دیکه‌ی فه‌رهه‌نگی و کلتووری تێدا دێنه گۆڕێ. له وێنه‌ی ئه‌و ئه‌نجوومه‌نه ئه‌ده‌بیانه ده‌کرێ وه‌ک وێنه ئاماژه به چه‌ند نموونه‌یه‌کیان بکه‌ین وه‌ک: ئه‌نجوومه‌نی "مه‌له‌وی کورد" له سنه، ئه‌نجوومه‌نی ئه‌ده‌بی "هاژه" له بانه، ئه‌نجوومه‌نی ئه‌ده‌بی "له‌یلاخ" له دێولان، ئه‌نجوومه‌نی ئه‌ده‌بی "مه‌هاباد" له مه‌هاباد و ... هتد.

ده‌کرێ ئاماژه به هێندێک له ڕێکخراوه ناحکوومی‌یه‌کانی دیکه‌ش له کوردستان بکه‌ین وه‌ک: ئه‌نجوومه‌نی "زنان ێ‌ژر مهر" له سنه که تایبه‌ت به ژنانن، "بنیاتی دێموکراسی و مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران" له بۆکان که مه‌سعوود کوردپوور به‌رپرسیه‌تی، ئه‌نجوومه‌نی ژینگه‌پارێزی چیای سه‌وز له مه‌ریوان که هیوا بوتیمار دامه‌زرێنه‌ر و به‌رپرسیه‌تی که به‌داخه‌وه ئه‌ویش له به‌ندی خانه دایه و زۆری دیکه.

سه‌رچاوه:
ماڵپه‌ڕی گوگل و ویکی پیدیا

❊❊❊



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# کێشەکانی رێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان



وریا
ساڵح زادە

ئەگەرچی دامەزراوە خۆبەخشەکانی هاووڵاتیان‌و شارۆمەندان بە درێژایی مێژوو بوونیان هەبووە، بەڵام بە گشتی رێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی لەم دوو سەدەی دواییدا سەریان هەڵداوە، یەکێک لەم رێکخراوە بەرچاوانەش مانگی سووری نێودەوڵەتی‌یە کە لە ساڵی **١٨٦٣** دا دامەزراوە. دەستەواژەی <<رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان>> هاوکات لەگەڵ دامەزرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی **١٩٤٥** کە ماناو ناوەڕۆکەکەی لە ماددەی ٧١ی بەشی ١٠ی بڵاڤۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی پێ کراوە، هاتۆتە ئاراوە.

رێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی وەک دامەزراوە بەردەوام لە گەڵ کۆمەڵێک کێشە رووبەڕوو دەبنەوە کە دەبێتە بەربەست لە بەردەم گەشە کردنیان و ئەو ئامانجە کە رێکخراوەکەی بۆ دامەزراوە لە ناو پێشهاتە سیاسی و بەربەستەکان دا ئامانجەکەی ون دەکات و رێڕەوەکەی دەگۆڕدرێت. دەتوانین بڵێین رۆژهەڵاتی کوردستانی بن دەستی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانە کە کەمترین رێگە دەدا بە رێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی تا درێژە بە چالاکی‌یەکانیان لە چوارچێوەی بنەماو پرەنسیپی نێودەوڵەتی بدەن.

چالاکی‌یەکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە سەرچاوەیەکی ئابووری جێی متمانە هەیە، بەڵام رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بە گشتی لەو سۆنگەوە لەگەڵ کێشەدا بەرەوڕوون، چونکە ئەوان رێکخراوی حکوومی نین تا حکوومەت یارمەتی ئابووریان بدات، ئیتر بەم هۆیەوە لە ئێراندا و بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان رێکخراوەکان هیچ کات ناتوانن بە باشی ئامانجە مرۆییەکانیان بێننە دیی، نەبوونی سەرچاوەیەکی ئابووری سەربەخۆ و بەردەوام بۆتە کۆسپ لەبەردەم چالاکی و بەرەو پێش چوونی رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بەربەستە ریشەییانەی کە لە ماوەی **٣٢** ساڵەی تەمەنی رژێمی ئیسلامی بەرامبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوه‌کانی کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی و چالاکوانه‌کانی به‌رده‌وامی هه‌یه و ڕۆژبه ڕۆژ توندتر ده‌بێت، له‌م چه‌ند خاڵه سه‌ره‌کی‌یه دا خۆی ده‌بینێته‌وه :

١ـ نه‌بوونی سه‌رچاوه‌ی دارایی:

به بێ بوونی سه‌رچاوه‌یه‌كی دارایی ڕێکخراوه‌كه زۆر زوو تووشی داڕمان ده‌بێت كه ئه‌مه‌ش له كۆماری ئیسلامی دا بوونی نیه مه‌گه‌ر ڕێکخراوه‌كه گشت چالاكیه‌كی له ڕاستا و به‌رژه‌وه‌ندی سیاسه‌ته‌كانی ڕژێمی ئیسلامی دابێت و به هیچ شێوه‌یه‌ک ڕه‌خنه‌ی له ئه‌دای كاری حكوومه‌ت نه‌بێت.

٢ـ دان پێدانه‌نانی ده‌سه‌ڵات و به فه‌رمی نه‌ناسین:

چالاكی ڕێکخراوه ناحكوومی‌یه‌كان تا ڕاده‌یه‌كی زۆر ڕه‌نگدانه‌وه‌ی سیاسه‌تی حكوومه‌ته له ژێر ناوی ڕێکخراودا، حكوومه‌تیش به‌رده‌وام له به فه‌رمی ناسینی ڕێکخراوه‌كان ترسی هه‌یه نه‌وه‌ک ببێته هۆی دروست بوونی پێگه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی به‌هێز و كاریگه‌ر بوونی له‌سه‌ر هاوكێشه سیاسیه‌كان.

٣ـ ململانێی ناته‌ندروست:

جگه له كێشه خوڵقاندنی ڕاسته‌وخۆ له لایه‌ن حكوومه‌تی ئیسلامی بۆ ڕێکخراوه‌كان، نانه‌وه‌ی پشێوی له ناو ئه‌ندامانی ڕێکخراوه‌كه تا هێزی كاری خۆیان سه‌رفی ململانێی یه‌كتر بكه‌ن، ئه‌ركێكی هه‌نووكه‌یی ئه‌و سیستمه‌یه و ئه‌مه‌ش ده‌بێته هۆی ئه‌وه‌ی كه ئامانجی سه‌ره‌كی جێی خۆی به به‌رژه‌وه‌ندی تاكه‌كه‌سی بگۆڕێته‌وه.

٤ـ نه‌بوونی پڕۆژه‌ی په‌روه‌رده و فێركاری:

زۆر جار كه مۆڵه‌تی كاركردن به ڕێکخراوێک ده‌درێت هیچ ڕێنماییه‌كی په‌روه‌رده‌یی و ڕاهێنان و كه‌ره‌سته‌كانی ڕاهێنان ناخرێته به‌ر ده‌ست ئه‌ندامانی ڕێکخراوه‌كه، به‌م هۆیه‌ش پردی پێوه‌ندی له نێوان ڕێکخراو و كۆمه‌ڵگا دا دروست نابێ و بێ متمانه‌ییه‌ک به‌رامبه‌ر ڕێکخراوه‌كان دروست ده‌بێ و ئه‌ندامانی ڕێکخراوه‌كه‌ش تووشی دڵساردی و ناهومێدی ده‌بن.

٥ـ لاوازی پێوه‌ندی ڕێکخراوه‌یی و ئینته‌رنێتی:

ڕێکخراوی مه‌ده‌نی بۆ به‌رده‌وام بوون له كاری ڕێکخراوه‌یی و به‌ده‌ست هێنانی زانیاری و پێویستیه‌كانی سه‌رده‌م پێویستی به ئامێره‌كانی ڕاگه‌یاندن و پێوه‌ندی كردن به ڕێکخراوه نێوده‌وڵه‌تیه‌كانه‌وه هه‌یه كه حكوومه‌ت به هیچ شێوه‌یه‌ک ڕێگا نادات ڕێکخراوه‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان به‌شداری له گردبوونه‌وه جیهانیه‌كاندا بكه‌ن و بڵاوكراوه ده‌ره‌كی‌یه‌كانیش سانسۆڕی له‌سه‌ره و كه‌ڵكی لێ وه‌رناگیرێ و هه‌روه‌ها تۆڕه‌كانی ئینته‌رنێت و ڕاگه‌یاندن له ژێر چاودێری وردی ده‌سه‌ڵات دان.

له ئێراندا له هه‌موو ماوه‌ی ته‌مه‌نی **٣٢** ساڵه‌ی حكوومه‌تی ئیسلامی به سه‌دان جار له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا له لایه‌ن ناوه‌نده‌كانی چاوه‌دێری مافی مرۆڤی جیهانی و حیزبی و لایه‌نه سیاسی و ئاكادمیه‌كانی ناوخۆو ده‌ره‌وه‌ی وڵات ناڕه‌زایی خۆیان به‌رامبه‌ر ڕژێمی ئیسلامی سه‌باره‌ت به سه‌ركوتی ڕێکخراوه‌كان و مافی مرۆڤ و پێشێل كرانی مافی كه‌مینه نه‌ته‌وه‌یی و ئایینیه‌كان خستۆته ڕوو، به‌ڵام مه‌خابن ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ڕۆژ له داوای ڕۆژ ژیانی له خه‌ڵكی ئێران به گشتی و به تایبه‌ت خه‌ڵكی كوردستان، جیابیران، ئازادی خوازان و ڕووناكبیران تاڵتر كردووه‌و ده‌زگا سه‌ركوت كه‌ره‌كانی هان داوه تا زیاتر په‌ره به سه‌ركوتی خه‌ڵكی ئازادی خواز له ناو ڕێکخراوه ناحكوومی‌یاكاندا بده‌ن و هه‌ر ڕێکخراوێک كه له به‌رژه‌وه‌ندی ویلایه‌تی فه‌قیه و سیاسه‌ته‌كانی كۆماری ئیسلامیدا كار نه‌كات ناوه‌نده‌كانیان به بیانووی جۆراوجۆر داده‌خرێن و چالاكانیشی به تۆمه‌تی محاربه دژه شۆڕش ڕاپێچی به‌ندیخانه بكرێن كه به‌رچاو ترین نموونه‌یان محه‌مه‌د سدیقی كه‌بوودوه‌ندو ڕێکخراوی مافی مرۆڤی كوردستان و به‌سه‌دان ڕۆژنامه‌وان و نووسه‌رو ئازادی خوازی كورده.

له كوردستان دا به هۆی بوونی پێشینه‌ی خه‌بات و ململانێی گه‌لی كورد له‌گه‌ڵ ڕژێمه داگیركه‌ره‌كان كۆماری ئیسلامی هێزی سه‌ركوتی خۆی زیاتر له‌و ناوچه‌یه‌دا چڕ كردۆته‌وه‌و ڕێگه‌ی گه‌شه كردنی هیچ بزووتنه‌وه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی نادا و زۆر زوو كۆنترۆڵی ده‌كا و به‌وه‌ش ڕاناوه‌ستێت و دێت كۆمه‌ڵێک ڕێکخراوی ئیسلامی خۆی چالاک ده‌كا و هانیان ده‌دا له ناو لاوانی پڕ له سۆزو هه‌ست ناسكی كورد په‌ره به دیارده‌ی ئیسلامگه‌رای توندڕه‌و بده‌ن. وێڕای ئه‌وه‌ش ده‌ستو باڵی گرووپه ئیسلامیه توندڕه‌وه‌كانی سه‌ر به ئه‌لقاعیده له ژێر ناوی ڕێکخراوه ناحكوومی‌یه‌كان ئاوه‌ڵا ده‌كا و جێگه‌و پێگه‌یان له كوردستان بۆ دابین ده‌كات تا هه‌ستی ئایینی و نه‌ته‌وه‌یی شۆڕشگێڕی لاوه‌كان تووشی جۆرێ له سه‌ر لێ شێواوی بكه‌ن، ئه‌وه‌یه چالاكی ڕێکخراوه‌كان به شێوه‌یه‌كی یاسایی له ژێر ده‌سه‌ڵاتی كۆماری ئیسلامی له ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستاندا.

***

. **ده‌توانین بڵێین ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستانی بن ده‌ستی ئێران یه‌كێكه له‌و وڵاتانه كه كه‌مترین ڕێگه ده‌دا به ڕێکخراوه ناحكوومی‌یه‌كان تا درێژه به چالاكی‌یه‌كانیان له چوارچێوه‌ی بنه‌ماو پڕه‌نسیپی نێوده‌وڵه‌تی بده‌ن** ●●



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**حەسەن شێخانی:**
**ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بە پێچەوانەی پارتە سیاسی‌یەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چالاکیی سیاسی ناکەن. ئەم ڕێکخراوانە وەك ناوبژیوانێك لە نێوان خاڵك و سیستمی سیاسی دا دەجووڵێنەوە.**



# ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وتویژی گۆڤاری لاوان لە گەڵ بەڕێز "حەسەن شێخانی"

## ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان

**دیمانە: عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور**

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە
وتوویژی گۆڤاری لاوان لە گەڵ بەڕێز "حەسەن شێخانی" ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"

**لاوان:** کاک حەسەن پێم خۆشە سەرەتا ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان پێناسە بکەی و مێژووی ئەم ڕێکخراوانە بەگشتی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**حەسەن شێخانی:** وشەی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لەو کۆنسێپتانەیە کە کۆدەنگیکی‌یەک لەمەڕ پێناسە کردنی بوونی نیە. لەلایەن شوورای ئورووپا، ئیدارەی زانیاری‌یە گشتی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی‌و بە پێی بەڵگەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین پێناسەی جیاواز بۆ ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان خراوەتە ڕوو کە بە سەرنج دان بەم پێناسانە دەتوانین بەگشتی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بەم شێوەیە پێناسە بکەین: بە کۆمەڵە،بزووتنەوە یا گرووپ گەلێکی غەیرە دەوڵەتی و داوتەڵەبانە دەگوترێن کە سەربەخۆ لە دەوڵەت‌و بە بێ هەبوونی مەبەستی بەرژەوەندی خوازی، لە ئاستی لۆکاڵی، نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی دا چالاکی دەکەن‌و خەڵکانێک بەهۆگری هاوبەش بەڕێوەیان دەبەن. خزمەت گوزاریی مرۆڤ دۆستانە، چاوەدێری کردنی ئەو سیاسەتانەی لە لایەن دەوڵەتانەوە دەگیرێنە بەرو هاندان بۆ بەشداری لەکاروباری گشتی دا لە چالاکی‌یەکانی ئەم ڕێکخراوانە دەژمێردرین.

ئەنجوومەنەکانی داوتەڵەبانەی هاووڵاتیان بە دریژایی میژوو بوونیان هەبووە، بەڵام ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بەم شیوەیەی کە ئەمڕۆ دەبیندرێن لەم دوو سەدەی دوایی‌دا پەرەیان سەندووە. ئەوەندەی بزانم دەستەواژەی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان (non Governmental organization) بۆ یەکەم جار لە ماددەی ٧١ لە فەسڵی ١٠ی جاڕنامەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە. بێزاری لە کارەساتەکانی شەڕی جیهانی و بە تایبەتی شەڕی جیهانی دووەم وای کرد کە نەتەوەکان وێڕای نوێ کردنەوەی خۆیان، وردە وردە هەست بە پێویستیی بەشداری لە کاروباری وڵاتو حکوومەتی خۆیاندا بکەنو بەخۆ ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دا، چۆنیەتی هاوکاریو مامەڵەی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتەکانیان نهادینە بکەن.

**لاوان**: ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ئێراندا مێژوویان بۆ کەی دەگەڕێتەوە، ئاخۆ دەتوانین بڵێین کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بوونیان هەیە؟ لەو بارەوە چی دەفەرموون؟

**حەسەن شێخانی**: ئەگەر مزگەوتەکان، تەکیەکان، هەیئەتە مەزهەبییەکانو قاوەخانەکان وەک بنیاتە ناحکوومییەکانی تەقلیدیی کۆن لە قەڵەم بدەین، سندووقەکانی "قرچ الحسنە"، ئەنجوومەنە ئیسلامیو خێرخوازییەکانو لە قۆناغی دواتریش یەکیەتییەکان، ڕێکخراوە سینفییەکان و سیستم گەلی ئەندازیاری وەک دامەزراوەکانی نوێتری بنیاتە مەدەنییەکان جێی ئاماژەن. بەم پێیە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە فۆڕمی تەقلیدی دا مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە .

لە ڕووی حقووقیەوە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە پێی ئەسڵی ١٣٨ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران ڕێگە پێدراون .دامەزرانو چالاکی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە چوارچێوەی ئایین نامەیەکی ئیجراییی کە بە پشت بەستن بە ئەسڵی ناوبراو ئامادەکراوە، ڕێک دەخرێن. بەر لە هاتنە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی نژاد دەیان کۆمەڵە، ئەنجوومەن، کانون، ناوەند، گرووپ، کۆڕ، خانەو دامەزراوەی ناحکوومی بوونیان هەبووە کە لەسەردەمی ئەحمەدی نژاددا ئەم ڕێکخراوانە زۆر بەر تەسک کراونەوە. ئیجازەنامەی ژمارەیەک لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ٥ ساڵی ڕابردوودا نوێ نەکرایەوەو هێندێکیان بە ئیجازەنامەی نوێ نەکراوە درێژە بە چالاکی خۆیان دەدەن. هێندێک لە بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان خرانە زیندانەوە و هێندێکیان چوونە دەرەوەی وڵاتو ژمارەیەکیشیان بە هۆی فەزایەک کە بوونی هەیە چالاکیی مەدەنیی خۆیان کەم کردۆتەوە .

**لاوان**: بە گشتی ئامانجی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان چییە؟

**حەسەن شێخانی**: ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە پێچەوانەی پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چالاکیی سیاسی ناکەن. ئەم ڕێکخراوانە وەک ناوبژیوانێک لە نێوان خاڵکو سیستەمی سیاسی دا دەجووڵێنەوە. بە وشیار کردنەوەو پێشکەش کردنی شرۆڤەی نوێ فشار بۆ سیستەمی سیاسی دێنو لە ڕاستیدا وەک ئامرازی فشار ڕۆڵ دەبینن.

ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە دانی ڕاپۆرت بە بنیاتە نێونەتەوەییەکان، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم بنیاتانە زانیاری و داتای دروستتر لە بواری جۆراوجۆردا وەربگرنو بە پێی ئەمەش هەڵوێستی گونجاوتر وەربگرن و لە بەرنامە دارێژییەکانیان دا کەڵکیان لێ وەرگرن.

ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە پێناو بەرەوپێش بردنی ئامانجە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەندامانی خۆیان تێ دەکۆشن. بردنە سەری ئاستی خۆش گوزەرانیی توێژە هەژارو بێ بەشەکان، چالاکیی خێرخوازیی و دیفاع لە بەرژەوەندی گەلێکی تایبەتی وەکوو پرسەکانی پیشەیی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، بازرگانی، زانستی، مرۆڤ دۆستانەو مەزهەبی لە ئامانجی ڕێکخراوەناحکوومییەکانن.دەکرێ بگوترێ کە ئامانجی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا زیاتر خێرخوازی و یارمەتیدانی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن دا مافەکانی مرۆڤ، مافی ژنان، مافی منداڵان، ژینگە پارێزی و

## حەسەن شێخانی:
## ئاشکرایە کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە فەزایەکی ئازاددا دەتوانن گەشە بکەنو هەرچی فەزاکە داخراوتر بێ مەجالی کارو چالاکی ئەم ڕێکخراوانە کەمتر دەبێتەوە

پرسە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان چەقی خەباتی ئەم ڕێکخراوانە پێک دێنن.

**لاوان**: لە کوردستاندا هەلی ئەوە هەیە کە ئەم ریکخراوانە کار بکەن یان بە واتایەکی دیکە کۆماری ئیسلامی ڕێ بە کاری ئەم ڕێکخراوانە دەدا؟

**حەسەن شێخانی**: ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیەو خاوەن فرە چەشنییەکی کلتووریو مەزهەبییە. بەڵام پێکهاتەی سیستەمی سیاسی لە ئێراندا بە پێچەوانەی ئەم واقیعە، پێکهاتەیەکی تاک کلتووری و تاک زمانییە .بە دەربڕینێکی دیکە پێکهاتەی بەڕێوەبردن لە ئێراندا ڕەنگ دانەوەی فرەچەشنیی ئێتنیکی، کلتووری و مەزهەبیی ئێران نییە، بۆیە هەموو ئەو نەتەوانەی خراونە پەراوێزەوەو هەبوونیان هیچ ڕەنگ دانەوەیەکی لە پیکهاتەی بەڕێوەبردنی ئێراندا نییە، هەست بە جیاوازی دانان دەکەن و لە پێناو لابردنی دۆخی ئاراییدا تێ دەکۆشن. بەم پێیەش یەکێک لە ئەولەوییەتە سەرەکییەکانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لابردنی ئەو جیاوازی دانانەیە و، پرسە کلتووری و زمانییەکان لە ئەولەوییەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**حەسەن شێخانی:**
**یەکێك لە جیاوازییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە دیمۆکڕاتیکەکان لە گەڵ وڵاتێکی دیکتاتۆر لێدراوی وەکوو ئێران ئەوەیە کە لەو کۆمەڵگایانەدا بەستێنێکی لەبار و کراوە بۆ دامەزراندن و پێکهاتنی بنیاتە مەدەنی و خۆڕسکە خەڵکی و سەربەخۆ لە دەوڵەتەکان بوونی هەیە**

دان. بۆ نموونە ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان کە ئەرکی سەرەکییان خزمەت بە زمان و کلتووری کورد بوو لە بەسابقەترین و دیارترین ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەژمار دێن.

سەرەڕای ڕوانگەی ئەمنییەتیو هەستیارییەکانی دەوڵەتی ناوەندی بە نیسبەت کوردستانو سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەت زۆر جار لە گەڵ دامەزراندنی NGOکان دژایەتی کردووە و ئیجازەی پێ نەداون، بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانەش هێندێک لە چالاکانی NGOیی کورد توانیویانە بە موافقەتی وەزارەتی ئیرشاد بە شێوەی کۆڕی ئەدەبی، فەرهەنگی و مەدەنی بە پرسە فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکانو مافەکانی مرۆڤەوە مژوول بن.

وەکوو سەرتاسەری ئێران و زیاتر لەوەش لە سەردەمی دەوڵەتی نۆیەم و دەیەم دا مەیدانو دەرەتانی کارو چالاکی NGO کان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرتەسکتر کراوەتەوە. ئاشکرایە کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە فەزایەکی ئازاددا دەتوانن گەشە بکەنو هەرچی فەزاکە داخراوتر بێ مەجالی کارو چالاکی ئەم ڕێکخراوانە کەمتر دەبێتەوە.

**لاوان:** دەتوانی زیاتر باس لەو ئاستەنگانە بکەی کە ڕووبەڕووی ئەم ڕێکخراوانە لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان دەبنەوە؟

**حەسەن شێخانی:** هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەی پێکرا دیکتاتۆری و خەفەقانی سیاسی سەرەکیترین و گەورەترین ئاستەنگی بەردەم ڕێکخراوە ناحکوومییەکانە لە ئێراندا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتایبەتی. لە بنەڕەتدا یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە دیمۆکڕاتیکەکان لە گەڵ وڵاتێکی دیکتاتۆر لێدراوی وەکوو ئێران ئەوەیە کە لەو کۆمەڵگایانەدا بەستێنێکی لەبار و کراوە بۆ دامەزراندن و پێکهاتنی بنیاتە مەدەنی و خۆڕسکە خەڵکی و سەربەخۆ لە دەوڵەتەکان بوونی هەیە. لە ڕاستیدا ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ڕەگەزێکی سەرەکی کۆمەڵگە دێموکڕاتیکەکان پێک دێنن و لە دامەزراوە کردن و نیهادینە کردنی دێموکڕاسی دا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن.

سیستەمی سیاسیی ئێران لەبەر ئەوەی خاون و هەڵگری مەیلێکی شمولی و توتالیتێرە، بۆیە دەیهەوێ دەست بە سەر هەموو کایەکانی کۆمەڵگەدا بگرێ و سەرەڕای ئەوەی کە لە ئەسلی ١٣٨ی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا باسی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کراوە، بەڵام لە واقیع دا مەیدانی کار و چالاکی ئەم ریکخراوانە زۆر بەر تەسک کراوەتەوەو لە لایەکی دیکەش کۆمەڵێک ڕێکخراوی شێوەدەوڵەتیو دەوڵەتی لە ژێر ناوی ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا چالاکی دەکەن. هەر بۆیە هەوڵی دەوڵەتی ئێران ئەوەیە کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کۆنترۆڵ بکاو زۆر جار ئەم ڕێکخراوانە بە بیانووی ئەوەی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی سیستەمی سیاسی دروست دەکەن، خراونەتە ژێر فشار و پەلامار دراون. هەموو ئەم کەم دەرەتانی و فشارانەی لە سەر ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ئاستی سەراسەریدا بوونیان هەیە بە شێوەی چەند قات لە کوردستاندا بەرچاو دەکەون. لە کوردستان دا زۆر جار تۆمەت و بەرچەسپی جیاوازیی خوازی و خستنە ژێر مەترسیی تەواوییەتی ئەرزیی ئێران وەک چەکێک لە دژی هەر چەشنە جووڵەیەکی مەدەنی بەکار هاتووە.

**لاوان:** کاریگەری ئەم ڕێکخراوانە لە وشیار کردنەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟

**حەسەن شێخانی:** سەرەڕای ئەو کەم دەرەتانیو کۆسپانەی لە بەردەم ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونیان هەیە کۆمەڵێک ریکخراوی فەرهەنگی، ئەدەبی، ژینگەپارێزیو پارێزەری مافەکانی مرۆڤو خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا خەریکی کارو چالاکین. ئەم

**حەسەن شێخانی:**
**هەموو ئەم کەم دەرەتانی و فشارانەی لە سەر ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ئاستی سەراسەری دا بوونیان هەیە بە شێوەی چەند قات لە کوردستاندا بەرچاو دەکەون**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## حەسەن شێخانی: کاتێک کارکردو کارنامەی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان هەڵدەسەنگێنین دەبێ فەزای گشتیی زاڵ بەسەر ئێراندا و بە تایبەتی کوردستاندا لە بەر چاو بگرین، چونکە لە غەیری ئەوەدا هەڵسەنگاندنەکەمان، هەڵسەنگاندنێکی واقعی‌و مونسیفانە نابێ

بنیاتو ڕێکخراوانە لەسەر وشیار کردنەوەی خەڵک، بووژانەوەی فەرهەنگو زمانی کوردی، ئاشنا کردنی خەڵک بە مافەکانیان و بە دامەزراوە کردنی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆڵو کاریگەری‌یان هەبووە. تەنانەت هێندێک لەو ریکخراوانە لە ناساندنی دەرد و مەینەتی‌یەکانی کورد بە دنیای دەرەوەش کاریگەری‌یان هەبووە. کاتێک کارکردو کارنامەی ئەم ریکخراوانە هەڵدەسەنگینین دەبێ فەزای گشتیی زاڵ بەسەر ئێرانداو بە تایبەتی کوردستاندا لە بەر چاو بگرین، چونکە لە غەیری ئەوەدا هەڵسەنگاندنەکەمان، هەڵسەنگاندنێکی واقعی و مونسیفانە نابێ.

**لاوان**: داهاتووی ئەم ڕێکخراوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی‌و ئەگەردەکرێ دوایین قسەی خۆتان لەم بارەوە بخەروو؟

**حەسەن شێخانی**: بە سەرنج دان بە زۆر فاکتەر لەوانە ئاستی وشیاری خەڵکی کوردستانو ئاگادار بوون لە ڕەوشی کۆمەڵگاکانی دیکەی جیهان لە سایەی ئینتێرنێت و ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن دا، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو چەشنێک پیچیدەگی‌و فرە چەشنی هەنگاوی هاویشتووە. ئێستاکە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو کۆمەڵگە سادە و ساکارەی جاران نەماوە. ئەم مەسەلەیە بەچەشنێک لە هاتنە ئارای ڕێکخراوی جۆراوجۆری مەدەنی‌و ناحکوومی‌دا خۆی دەبینێتەوەو ڕەنگ دانەوەی دەبێ. هەر کام لەو ڕێکخراوانە نوێنەرایەتیی توێژو گرووپێکی تایبەت دەکەن و بوارێکی تایبەت دەکەنە چەقی کاروچالاکی خۆیان. بۆیە لە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆدا ریگەگرتن لەوەی ئەم فرەچەشنی‌یەی ناوەوەی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ڕێک خراوو بە دامەزراوە نوێنەرایەتیی خۆی بکا، بە کارێکی ئەستەم و زەحمەت دەبینم.

یەکێک لەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەیە کە بە لەبەر چاو گرتنی فەزای هەیی خۆیان ڕێک بخەن‌و کارو چالاکی‌یەکانیان کانالیزە بکەن‌و ئەوەندەی کە دەکری لە دروست کردنی حەساسیەت خۆ بپارێزن.

لاوان: دووبارە سپاست دەکەین کە هەلی ئەوەت بۆ ڕەخساندین لە گەڵت بدوێین. هەر سەرکەوتوو بی.

**حەسەن شێخانی**:منیش سوپاستان دەکەم‌و ئێوەش سەرکەوتوو بن.

***



حەسەن شێخانی ساڵی ١٣٥٩ هەتاوی لە شاری سەردەشت لە دایك بووە. دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی، بۆ دریژەدان بە خویندن چۆتە تاران‌و لە زانکۆی تاران لیسانسی علوومی سیاسی وەرگرتووە. ماوەی چەندین ساڵیشە لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا خەبات دەکات‌و ئێستاش ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# باندۆڕی خەباتی مەدەنی کوردان

## لە سەر

# مەسەلەی کورد



مەسعود فەتحی

لەو وڵاتانەدا کە دەسەڵات و خەڵک لە یەک جیا نین و لە خەباتی مەدەنیدا مرۆڤ لە سۆنگەی ئەخلاقەوە خۆی لەمەڕ کێشەکانی کۆمەڵگەدا وەک تاکی شارۆمەند بەرپرسیار دەکا و بارێک لە سەر شانی دەسەڵات و دەوڵەت کەم دەکاتەوە .بەم جۆرەش واتە بە دابەش کردنی کارەکانی دەوڵەت لە کارە مەدەنی‌یەکان دەبێتە هۆکار بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ئەرکەکانی دەسەڵات هەر بۆیە دەوڵەتانیش بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە چالاکانی NGOیی و بە هێمایی پشکووتنی بیری مرۆڤی دەناسن. بەداخەوە لە وڵاتی بەڵا لێدراوی ئێمەدا دەسەڵات بە چاوی بشێوێنکەر دەڕوانێتە چالاکە مەدەنیەکان و ناوەندی ئەو چالاکیانەش بە ناوەندی ئاژاوە دەناسێ و وەک تاوانباریش مامەڵە لە گەڵ چالاک وانانی لەخۆبردووی ڕێکخراوە مەدەنیەکان دەکا. هەر بۆیە سەرهەڵدانی خەباتیNGO یی لە کوردستان دوژمنانی گەلی کوردی تووشی قەیران، کوردستانیانی یەکگرتووتر و بە گشتی جیهانی لە سەر مەسەلەی کورد ئاگادار و گەلی کوردی وەک گەلێکی پێشکەوتوو لە بواری فکرییەوە پیناسە کرد و هاوکاتیش هەر ئەو ڕێکخراوانە بوونە ناوەندی پەروەردەو ڕێک خستنی لاوانی کورد و لە بەرهەمە بەرچاوەکانیان هەر ئەوەندە بەس بێ کە زەق بوونەوەی کەسایەتی‌یە لیبڕاڵە کوردەکانی وەک مرۆڤ گەلێکی شیاوی وەرگرتنی خەڵاتی گرینگی بەرزی نێو نەتەوەیی لە وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی ڕۆژنامە نووسانی ئیتالیا بۆ ڕۆژنامە نووسی کورد عەدنان حەسەن پوور ئەندامی ئەنجوومەنی ئەدەبی فەرهەنگی مەریوان، هیوا بوتیمار دامەزرێنەر و بەرپرسی ژینگەپارێزی چیای سەوز لە مەریوان بە شێوەی هاوبەش لەسەر ناودێری کردنی محەممەد سدیقی کەبوودوەند سەرۆکی دامەزرێنەری ریکخراوی داکۆکی کاری مافی مرۆڤ لە کوردستان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لە سالی ٢٠١١ لە کاتێکدا عەدنان حەسەن پوور، هیوا بوتیمار و محەممەد سدیقی کەبوودوەند هەر سێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەندکراوی سیاسی کوردن لە ئێران. ئەمانە تەنیا بەشێک لە بەرهەمی کار و چالاکی چالاک وانانی مەدەنی لە ڕێکخراوە NGOکان لە کوردستانن. بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو کەسانەی لەو ڕێکخراوانەدا چالاکن جۆرێکی دیکەن لە پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانیش سەنگەرێکی دیکەی خەباتی خەڵکی کوردستانن. جێی تێڕامانە چالاک وانانی مەدەنی لەخۆبردوون کە بە بێ هیچ چاوەڕوانی‌یەک کات و سات و هێز و ژیان و ئازادی خۆیان بۆ خەباتێکی شارستانیانە و مەدەنی دوور لە توندو تیژی بەم جۆرەش لایەنی مامەڵە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی کەسانی ئاشتی خواز، ماف خواز، ژینگە پارێز، ئەدیب و شاعێر و هونەرمەندان و ئیتر کۆماری ئیسلامی بە بیانووی چەکدار بوونی کوردان و جیاوازی خوازی لێ سەندراو هاوکاتیش بە هۆی بەربلاوبوونی مەیدانی خەباتی مەدەنی بە پاساوی کۆمەڵگایی کوردی، کوردان وەک شیاوی زەرفییەتی خەباتی گەلی کوردە کە داگیرکەرانیان بە جیهان ناساندووە و بەشێکی بەرچاوی ڕاگەیاندنە جیهانیەکانیان لە سەر مەسەلەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادار کردۆتەوە. ڕەنگە ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان و کەم ڕەنگ بوونەوەی نرخی ئایدۆلۆژیک بوون‌و زەق بوونەوەی نرخی تاکەکان توانی بێتی سەرهەڵدانی خەباتی NGOیی وەک بەرهەمی کارو تێکۆشانی ژنان و پیاوان لە سەردەمی پۆس مۆدێرنیزم دەناسرێن. گەشەسەندنی ئەو خەباتەش لە کوردستان ئاماژەیە بە تێگەیشتووی بەرزی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە جیهان و سەلمێنەری ئەو ڕوانینەن کە ئەگەر لە قۆناغی هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی دا کوردەکان بە بەرخۆدان قارەمانانە بەرگری¬یان لە شەرەفی گەلی کورد کرد ئەوا لە قۆناغی سەرهەڵ دانی خەباتی مەدەنیشدا چالاک وانانی کورد لەم بوارەدا بوونە پێناسەی شارستانی و خاوەنداریەتی لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیایی خۆیان کرد.

دژایەتی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەم چەشنە خەباتە سەردەمیانە خۆی قورساییەکی خستۆتە سەر نرخی ئەم خەباتە و ئەم پرسیارەشی لای بیرمەندان و هۆگرانی مەسەلەی کورد لە ئێران و جیهان دروست کردووە کە ئاخۆ ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بە بیانووی هەبوونی خەباتی چەکداری لە کوردستان ڕەوشی میلیتاریستی پێڕەو دەکرد، چۆنە کە ئێستاش لەهەمبەر خەباتی ئاشتی خوازی مەدەنی کە تەنانەت لایەنی فکری خۆیان لە ئەحزابی کورد ڕانەگەیاندووە هەر بەو توندوتیژیە و بگرە توندوتیژتریش هەڵس و کەوت دەکا و و چالاک وانانی مەدەنی قۆڵ بەست و ڕاپێچ و ئەشکەنجە و زیندان دەکا و کەش و هەوایەکی وەهای لێ پەیدا بووە کە تاوانی شاخداری موحارب(دژەخودا) دەخاتە پاڵ هەڵسووڕاوانی ئەم بوارانە، مەگەر دەسەڵات دارانی کۆماری ئیسلامی خاوەن ئەقڵییەتێکی سەردە..........

ئەگەر بە گشتی خەباتی ڕزگاری خوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە چەک و چیا پێناسە دەکرێ ئەوە تایبەتمەندی کات و شوێنی تایبەتی خۆی بووەو ڕەنگە لە داهاتووش دا هەرەشە خەباتیش پێویست بە پێڕەو کردن بکا، بەڵام لە گەڵ گەشەسەندنی مرۆڤایەتی بە هەموو فۆرمەکانیەوە خەڵکی کوردستانیش لە دەلاقەیەکی نێوێوە تێڕوانینیان کردە خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافە زەوت کراوەکانیان بە پێی گەرەک کردن. واتە ئەگەر خەباتی چەکداری لاپەڕەیەکی زێڕینی بۆ کوردان لە مێژوودا تۆمار کرد و دوژمنانی گەلی کوردی لە بوێری ئەو گەلە ئاگادار کردەوە، ئەوە لە کاتی شاڵاوی تەبلیغی سیاسی ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگی‌دا کوردان بە خەباتی رۆژنامەوانی ، چاندنی وێژەیی و لە بەرپەرچ دانەوەی ئاپارتایدی جیدیی‌دا ژنان و هاوکات پیاوانی کورد ڕۆڵی سەرەکی‌یان لە خەباتی یەکسانی خوازی‌دا وەئەستۆ گرت و لە بەرپەرچ دانەوەی تیرۆری سروشتی کوردستان، گەلی کورد لە شار و گوند خۆیان بۆ کوژانەوەو دامرکانەوەی ئاگری دارستانەکانی وڵات ڕێک خست و بۆ سڕینەوەو کەم کردنەوەی خەسارەکان لە شاڵاوی بێ دەنگ و ڕەنگی تێوەگلاندنی لاوەکان بە مادده هۆش بەرەکان، ڕوویان لە ڕێکخراوەکان و بنیاتە خێرخوازەکان کرد و بەم جۆرە بەرپەرچی شایانیان بە کۆماری ئیسلامی دایەوە.

***

**دەکرێ بڵێین ئەو کەسانەی لەو ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکاندا چالاکن، جۆرێکی دیکەن لە پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانیش سەنگەرێکی دیکەی خەباتی خەڵکی کوردستانن.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# کورتە باسێک لەسەر ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان

**تەها ڕەحیمی**

(NonGovernmental Organization) واتە ڕێکخراوە ناحکوومیەکان کە بە شێوەی کورت کراو NGOیان لە هەر زمانەی بە پێی لێک دانەوەی خۆی دەستەواژەی گونجاوی بۆ دادەنرێ. لە سەرانسەری جیهاندا بە دامەزراوەگەلێک دەوترێ کە بەشداری بەڕێوەری دەسەڵات نین و ڕاستەوخۆ بە بەشێک لە دەسەڵات ناژمێردرین، بەڵام وەک پردی پێوەندی نێوان حکوومەت و کۆمەڵگە و دام و دەزگای بەڕێوەبەری دەسەڵات و تاک خاوەن ڕۆڵێکی یەک جار بەرچاو و گرینگن. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هێندێک دامەزراوەی نیوە سەربەخۆ(Quangos) دەبینرێن کە هێندێک ئەرکی حکوومەتیشیان لەسەر شانە. دامەزراوە ناحکوومەتی‌یەکان لە ڕێگەی یارمەتی خەڵک، دامەزراوە حکوومەتی یان دەوڵەت و یان لە ریگەی ئەم جۆرەوە خۆ دەژێنن. دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان بە پێی سترەکتۆر و مەبەستی پیکهاتن و بناغەی هەوێن گرتنیان هەرکام لە بواری جۆراوجۆردا چالاک و ئەکتیڤن. هێندێکیشیان زۆر ئۆگری سیاسەت نین کەچی هێندێکیشیان بە مەبەستی دابین کردنی بەرژەوەندی ئەندامان و پێش بردنی ئامانجەکانیان لە دەوڵەت دا هەوڵ بۆ وەدەست هێنانی لوبی دەدەن .

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر حکوومەتی جیهانی ساڵی ١٩٥٨ نزیک بە ٢٩٠٠٠ دامەزراوەی ناحکوومی نێونەتەوەیی بوونیان هەبووەو ڕێژەی دامەزراوە ناحکوومی‌یە نێوخۆیییەکانی وڵاتان زۆر لەوەش زیاتر بووە. نزیک بە دوو ملوێن دامەزراوەی ناحکوومی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان خەریک چالاکین کە زۆربەیان تەمەنیان لە ٣٠ ساڵ تێ دەپەڕێ. لە رووسیەش دا نزیک بە چوار هەزار دامەزراوەی ناحکوومی هەن. لە هێندووستان دوو ملوێن دامەزراوەی ناحکوومی پێک هاتوون و ڕۆژ نیە ڕێژەیەکی زۆر لە وڵاتان و ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان ئەم دامەزراوانە بیچم نەگرن، بۆ وێنە تەنیا لە کینا ساڵانە نزیک بە ٢٤٠ دامەزراوەی ناحکوومی دادەمەزرێن. کورتەیەک لە مێژووی دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان دیارە هەر دیاردەو چوارچێوەو دارِشتەیەک بۆ بیچم گرتن و پێکهاتنی پێویستی بە برینی دەوێ و ڕەوت و ڕەخسانی بواری شیاوی خۆی هەیە و روون و ئاشکرایە دیاردە مرۆیی‌یەکان زیاتر و بەرچاوتر لەو بوارەدا دەردەکەون. دامەزراوە ناحکوومیەکانیش لەسەر شان و بنچینەی دامەزراوگەلیک کە ڕەنگ بێ بە فۆڕم و چوارچێوەی ئەمڕۆیی نەبووبێن هاتوونەتە دیی. بە درێژایی مێژوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندیک ئەنجوومەنی خۆبەخشانە بوونیان هەبووە. دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان زۆربەیان هەر بەم شێوەی ئێستا دەیان بینین لە ئاستی نیونەتەوەیی دا هەبوون و لە ماوەی ئەم دوو سەدەی رابردوودا گەشەیان کردووە. خاچی سووری جیهانی کە لە سالی **١٨٦٣** دامەزراوە بە یەکێک لە سەرەتاییترین ئەم دامەزراوانە دەژمێردری.

دەستەواژەی دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان دەگەڵ دامەزرانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی **١٩٤٥**وە لە ماددەی **٧١**ی بەندی **١٠**ی جاڕنامەی ئەو رێکخراوەدا هاتووە. نیوەڕۆکی دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان لەم ماددەیەدا وەک رێکخراوگەلێک کە بە شێوەی ئەنجوومەنی راوێژکاری بوونیان هەیە کە سەر بە دەوڵەت و وڵاتانی ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نین. لە بڕیاری ٢٨٨(١٠) Ecosoc کە **٢٧**ی فێوریەی **١٩٥٠** دەردەچێ بۆ یەکەم جار دامەزراوە ناحکوومی‌یە نێونەتەوەیی-یەکان (NGO)ەکان بەم جۆرە پێناسە دەکرێن:

هەر جۆرە ریکخراوێکی نێونەتەوەیی کە لە رێگەی پەیمان و ریککەوتنی نێونەتەوەیی‌یەوە پیک نەهاتبێ". رۆڵ و دەوری سەرەکی دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان‌و گرووپە ئەسڵی‌یەکانی دیکە لە ماددەی **٢٧**ی دەستووری کاری **٢١**ی گەشەی سەقامگیردا بە فەرمی ناسراون کە ریککەوتنی نوێ‌و پێداچوونەوەی پێوەندی شووڕای نێوان ریکخراوی نەتەوەکان و رێکخراوە ناحکومی-یەکانی لێ کەوتەوە. دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان لەگەڵ هاتنی شەپۆلی بە جیهانی بوون لە سەدەی بیستەمدا دەبنە خاوەن گرینگی‌یەکی بەرچاو. دەگەڵ ئەوەی بەجیهانی بوون گەوی سنوورەکانی شل کردەوە بەری لە گۆی زەوی گرت، هێندێک دیاردە و چەمک و دەستەواژەی نامۆ تەنانەت بڤە(دیارە نەک بۆ هەموو وڵات و ناوچەیەک) بەجیهاندا بلاو بوونەوە لەم نێوەش دا لە هەر فەرهەنگ وکلتوورێکدا لایەنگر و دژبەر هەر یەکەی بە شێوازی جۆراوجۆر بە پێی ڕێگەی خۆیان دژ بەم رەوتە هەستانەوە. لە زۆربەی وڵاتان چارەسەری کێشە نێوخۆیییەکان بەدی نەدەکرا. رێک کەوتن و ریکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەک رێکخراوی بازرگانی جیهانی لە ڕادەبەدەر لەسەر قازانجی دامەزراوە دارایی‌یە زەبەلاحەکان چڕ بۆوە. لەم بۆشاییە دایە دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان بۆ هاوسەنگی بەخشین بەم ڕەوتە و بە سووربوون لە سەر دۆزە مرۆڤایەتی و یارمەتی بە گەشە و پێش خستنی سەقامگیر پێکهاتن کە نموونەی بەرچاوی کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتیی جیهانە هەموو ساڵێ لە مانگی ژانویەدا لە داڤۆس بەرێوە دەچێ بە هاوچاوەی کۆڕبەندی ئابووری جیهان دەژمێردرێ. پێنجەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتیی جیهان بە بەشداری نوێنەری زیاتر لە **١٠٠** دامەزراوەی ناحکوومی لە پۆڕتۆئالگری برێزیل بەریوە چوو.

کورتون(**١٩٩٠**) ڕەوتی گۆڕانی دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان بە سێ قۆناغ بیچم گرتنی چالاکی‌یە خۆخوازنەییەکان" دابەش دەکا.

قۆناغی یەکەم بریتی بووە لە جۆرێکی تایبەتی دامەزراوەی ناحکوومی کە چالاکی لە سەر یارمەتی‌و خۆش بژێوی چڕ بۆتەوەو راستەوخۆ یارمەتی ئەو کەسانەی داوە کە دەی گرتنەوە. یارمەتی وەک دابەشینی خۆراک، دابین کردنی پەناو پەسیو و راگەیشتن لە بواری تەندروستی کە لە ڕاستی‌دا دامەزراوەکان لەم قۆناغەدا بە دیاری کردنی پێداویستی رۆژانەی تاکەکان هەوڵی دابین کردنیان داوە. لە قۆناغی دووهەمدا دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان لە بواری بەربلاوی و بارتەقاوە بچووکتر دەبنەوە وەک کۆمەڵێکی سەربەخۆ کە لە سەر پێی خۆیان راوەستاون دەردەکەون.

کورتون قۆناغی سێیەم بەگەشەی سیستەمە سەقامگیرەکان" ناو دەبا. لەم قۆناغەدا کە پانتای چالاکی دامەزراوەکان بەرینتر دەبێتەوەو دامەزراوەکان زیاتر لە بوارە جیاجیاکان دا دەور دەگێڕن و تێ دەکۆشن هێندیک ئاڵ و گۆڕ لە سیاسەت و دامەزراوەکان لە ئاستی نێوخۆیی، میللی و نێونەتەوەیی‌دا پێک بهێنن. ئەوان لە رۆڵی پێشووی خۆیان دا دەتەکێن و وردە وردە دەورێکی کانالیزۆری بەخۆوە دەگرن، کەواتە دەبی بلێین هەنگاو بە هەنگاو نێوەڕۆکی ئەم دامەزراوانە لە سترەکتۆڕێکی یارمەتیدەری ناحکوومی‌یەوە بۆ پێکهاتەیەکی گەشە پێدەر و ئاوەدانکەری ناحکوومی دەگۆڕێ .

**دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان لە بواری جۆراوجۆری ئارایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌دا چالاکن‌و هەر کام لە پێناو گەیشتن بە بەرەوپێش بردنی ئامانجی سیاسی یا کۆمەڵایەتیی ئەندامانەکانی خەریکە.**

**مەبەست و ئامانجی ئەم دامەزراوانە چیە؟**

دامەزراوە ناحکوومی‌یەکان لە بواری جۆراوجۆر ئارایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌دا چالاکن و هەر کام لە پێناو گەیشتن بە بەرەوپێش بردنی ئامانجی سیاسی یا کۆمەڵایەتیی ئەندامانی خەریکە. بۆ وینە بۆ باش بوونی باری ژێنگە هاندانی گرووپ و جەماوەر بۆ رێزگرتن لەمافی مرۆڤ، بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی هەژار بە پێی دارِشتن و داهێنانە ئارای بەرنامەی هاوبەش و بەکۆمەڵ. بەپێی بارودۆخی سیاسی و فەلسەفی دامەزراوەکان شێواز و میتۆدی کار و چالاکی دامەزراوەکانیش لێک جیاوازن. هێندێک لە رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان زیاتر هۆکاری نفووز و لابیگەری هەیە بەڵام هێندێکیشیان لە پێناو بەرژەوەندی‌و قازانجی خۆیان چالاکن. رێکخراوی لێ بووردەیی نێونەتەوەیی کە گەورەترین رێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانە یەکێکە لەو دامەزراوە ناحکوومی‌یانە کە ئەنجوومەنێکی بۆ بەرگری لە مافی مرۆڤ پیک هێناوەو زیاتر لە **٥/١** میلیۆن ئەندام، پشتیوان و لایەنگری لە **١٥٠** وڵات و ناوچەی جۆراوجۆر لە جیهاندا هەیە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە سەردەشت

ساکۆ ـ سەردەشت

چالاکی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوێیە و هەمووی ناگاتە دە ساڵ، بەڵام لەم ماوە کورتەش دا لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ڕێکخراوی ناحکوومی لە لایەن ڕووناکبیران و خوێندکارانی خەم خۆری نیشتمانەوە دامەزراون و ڕۆڵێکی زۆر باشیان بینیوە لە وشیار کردنەوەی خەڵک و بەرز کردنەوەو برەو پێدانی کلتووری کاری بە کۆمەڵ و یەک خستنی تواناکان بۆ بەڕێوەبردنی کاری هەرەوەزی لەو پێناوانەی کە بۆیان دامەزراون.

شاری سەردەشتیش وەک زۆربەی شارەکانی کوردستان ئەگەرچی لە رووی خزمەت گوزاری‌یەوە لە چاو شارەکانی دیکە کەمتر گرینگی پێدراوەو پێدەدرێت و هەروەها هەمیشە ڕوانگەیەکی توندی ئاسایشی لەسەرە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لاوان و ڕووناکبیران و خوێندکارانی شار دەستیان لەسەر دەست دانەناوە و بە هەوڵ و کۆششی خۆیان بە دامەزراندنی گرووپی شانۆ و ڕێکخراوی ناحکوومی و دەرکردنی گۆڤار، خزمەتێکی بەرچاویان لە پێناوی وشیار کردنەوەی خەڵک و بەرز کردنەوەی ئاستی کلتووری خەڵکی شاردا هەبووە، بە شێوەیەک کە ئێستا شاری سەردەشت لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دا بە لەبەرچاو گرتنی ڕێژەی دانیشتووانی زۆرترین ناوەندی زانستی و کلتووری و کتێب فرۆشی هەیە.[١]

بە گشتی زیاتر لە ساڵێکە ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان لە سەردەشت بە هۆی کەشی ئەمنیەتی، لاوازی لە بەڕێوەبردن، پێشوازی نەکردنی هاووڵاتیان و کارا نەبوونی دەستەی بەڕێوەبەریەکان چالاکی ناکەن، بە پێچەوانەی سەرەتاکانی ساڵی ٨٤ی هەتاوی کە بۆ ماوەی سێ ساڵی بەردەوام سەردەشت لە ناوچەدا لە رووی چالاکی مەدەنی، لە شارەکانی دەوروبەری خۆی لە پێشتر بوو، بەڵام هەنووکە لە سەردەشت کەشێکی مەنگ و ژەهراوی زاڵە، زۆربەی چالاکانی پێشوو تووشی خۆسانسۆڕی توند و تەوەهومی پیلان بوون، خاڵی بەرامبەری ڕەوتی بناژۆی ئیسلامی بە شێوەیەکی بەهێز و لە رووی تیئۆری و فیزیکیەوە چالاکیان هەیە، تەنانەت لە کەشی ئەرایی، گۆڕەپانی چۆل و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شاری سەردەشت لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دا بە لەبەرچاو گرتنی ڕێژەی دانیشتووانی زۆرترین ناوەندی زانستی و کلتووری و کتێب فرۆشی هەیە

بێ ڕکابەر کەڵکیان وەرگرتووەو خۆ لە دانە پاڵ هیچ بەرچەسپێک بە دژی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی دیکە بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕای گشتی نابوێرن. بۆ وێنە تۆمەتی پڕۆپاگەندەی مەسیحیەت، پڕۆپاگەندە کردن بۆ هزری سوسیالیستی، پڕۆپاگەندەی بێ دینی، پڕۆپاگەندە کردنی بۆ چەمکە دژە ئاکاریەکان، نێر بازی، و مۆرەی ڕێکخراوە ڕۆژئاوایییەکان بەرچەسب گەلێکن کە ڕۆژانە، لە خوێندنگەکان، بازارو دووکان و مزگەوتەکاندا زار بەزار دەگوازرێتەوە.

لە سەردەشت لە دەیەی هەشتا بۆ سەرەوە کۆمەڵێک ڕێکخراو دامەزران و چالاکیان کردوە بەڵام بەشێک لەم ڕێکخراوانە مۆڵەتیان لێ سەندراوەتەوەو بەشێکیشیان هەر خۆیان چالاکی ناکەن، و بەشێکیشیان زۆر کەم چالاکی دەکەن. لێرەدا بە کورتی ئاوڕلە بەشێک لەو ڕێکخراوانە دەدەنەوە.

**١. ڕێکخراوی ناحکوومی لاوانی تیرۆژ:**

یەکێک لە چالاک ترین ڕێکخراوەکان، ڕێکخراوی ناحکوومی لاوانی تیرۆژ بوو کە بە داخەوە دوو ساڵ لەمەوبەر ئیزنی لێ وەرگیرایەوەو نەیان هێشت چالاکی بکات ئەم ڕێکخراوە زۆرێک لە گەنجانی شاری سەردەشتی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوەو بە تایبەت ڕووناکبیران و خوێندکاران کە لە ماوەی چەند ساڵ تێکۆشانی دا کۆمەڵێک چالاکی بەرچاوی ئەنجام دان کە بێ وێنە بوون. لاوانی تیرۆژ لە وێبلاگەکەیاندا بەم جۆرە ئاماژەیان بەبەشێک لە ئامانجەکانی خۆیان کردووە:

ئێمە دەمان هەوێ ئۆکسیژێنی "ژیانی کلتووری" بە ڕامانی "ناسنامە تەوەری" دابین بکەین و بۆ نوێ کردنەوەی ژیانی کلتووری بە پشت بەستن بە دووبارە دروست کردنەوەی ناسنامەی کوردی بگەین.

"ئێمە دەمان هەوێ یەک بە یەکی هاووڵاتییەکان لە مافە پێناسەکراوەکانیان وشیار بکەینەوە.

ئێمە دەمان هەوێ بە وتووێژ، ورەی هاودڵی و یەکگرتوویی پێک بێنین.

ئێمە دەمان هەوێ کەشی لەبار بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا، وێک هەڵ کردن و لێ بووردەیی پێک بێنین. ئێمە دەمان هەوێ لە هێزی مادی و مەعنەوی ڕێکخراو ئەوپەڕی کەڵکی زانستی وەرگرین.

ئێمە دەمان هەوێ پێوەندی خۆویستانە لەسەر بنەمای پێکەوە هەڵ کردن ژیانی ئاشتی خوازانە پێک بێنین.

ئێمە دەمان هەوێ بۆ ناسین، پەروەردە و وشیار کردنەوەی هاووڵاتیان بۆ پێک هێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هەوڵ بدەین.

***چالاکییەکانی ڕێکخراوی ناحکوومی لاوانی تیرۆژ بریتی بوون لە:**

- کردنەوەی کلاسی زمانی کوردی، ئینگلیزی، کامپیوتێر.
- بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی ژن.
- بەڕێوە بردنی چالاکی وێنەکێشانی یەک کیلۆمیتری بۆ منداڵانی سەردەشت بە بۆنەی ڕۆژی ٧ی پووشپەر ساڵرۆژی کیمیا بارانی سەردەشت.
- پێک هێنانی مەراسیمی یادی یەک ساڵەی بەردباران کردنی "دوعا" .
- پێک هێنانی کێبڕکێی وێبلاگ نووسی

لۆگۆی ڕێکخراوی ناحکوومی لاوانی تیرۆژ

بە بۆنەی ڕۆژی ٧ی پووشپەر ساڵرۆژی کیمیا بارانی سەردەشت.

- پێک هێنانی مەراسیم بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان لە پارکی لالەی سەردەشت.
- پێک هێنانی کۆڕو کۆبوونەوە بۆ وشیار کردنەوەی هاووڵاتیان لە سەر پرسی ژنان.
- سەردانی کەم ئەندامانیوکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت مین لە هەموو ناوچەکانی سەردەشت.
- کردنەوەی پەرتۆکخانە لە هەندێک لە گوندەکان.
- هاندانی لاوان بۆ خوێندن و دورکەوتنەوە لە مادە هۆش بەرەکان وەک(تریاک وعەشیش....هتد).

**٢. ڕێکخراوی ناحکوومی ژینگە پارێزی سەوز** (**ئەنجوومەنی سەوز**):

ئەم ڕێکخراوەش لە لایەن کۆمەڵێک کەسی ژینگە خۆشەویست و خەم خۆرەوە لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠ی هەتاوی لە سەردەشت دامەزراوە کە ئامانجەکانی ڕێکخراوی ناحکوونی ژینگە پارێزی ئەنجوومەنی سەوزی سەردەشت بریتین لە:

١ـ بەرز کردنەوەی ئاستی کلتووری گشتی لە بواری پرسەکانی ژینگە پارێزی.

٢ـ گەشە پێدانی بەشداری گشتی لەڕووی پاراستنی ژینگەوە.

٣ـ پێشکەش کردنی پڕۆژە و وتوێژینەوەی ژینگە پارێزی بە هاوکاری لایەنە پێوەندی دارەکان.

ئەنجومەنی سەوز وەک ریکخراویکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ڕێکخراوی ناحکوومی لاوانی تیرۆژ لە یەکێک لە چالاکیەکانیدا
ئەم وێنەیە لە فەیس بووک وەرگیراوە

ژینگە پارێز .

**بەشێك لە چالاکییەکانی ئەنجوومەنی سەوز**

- وشیار کردنەوەی خەڵک لە پرسی ژینگەو ژینگە پارێزی

- بەڕێوە بردنی کاری هەرەوەزی بە مەبەستی خاوێن کردنەوەی سەیرانگاکان و شوێنە گشتییەکان

**٣. ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بەرکەوتووانی شیمیایی سەردەشت:**

ئەو ئەنجوومەنە لە لایەن بەشێک لە بەرکەوتووانی شیمیایی سەردەشت لە **٢٤**ی جۆزەردانی ساڵی **١٣٧٩**ی هەتاوی لە سەردەشت دامەزراوەو هەنووکەش لە لە حالی چالاکیدایەو لە پێناو بەرگری کردن لە مافی بەرکەوتوواندا چالاکی دەکا و تاکوو هەنووکە کۆمەڵێک کاری باشی لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی بەرکەوتووانی کیمیایی سەردەشت دا کردوە و ساڵانەش بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی دیکە بە شێوەیەکی بەشکۆ یادی ٧ی پووشپەر ساڵڕۆژی کیمیابارانکرانی سەردەشت دەکاتەوە، جێگای ئاماژەیە کە لە ٧ی پووشپەری ساڵی **١٣٨٩**ی هەتاویدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەیانهێشت بەو بۆنەوە چالاکی بەڕێوە بچێت. شایانی باسە ئەم ئەنجوومەنە سایتێکیان هەیە کە ئەوەش ناونیشانەکەیەتی www.odvcw.org.

ئەنجوومەنی خاوەنی بەرنامەو پێڕەوە کە بەشێک لە ئامانجەکانی بە پێی پێڕەوەکە بریتین لە:

١ـ پشتوانی لە نەخۆشەکان، بەرکەوتووان و بازماندەکانی بۆمبارانی شیمیایی.

٢ـ پێک هێنانی سمیناری زانستی و کۆمەڵایەتی و پێک هێنانی بۆنەکان.

٣ـ کۆکردنەوەی یارمەتی وهاوکارییەکان بە مەبەستی سوکنای ئازارەکان.

٤ـ هەوڵدان بە مەبەستی هێنانە دی مافەکانی بەرکەووتوان.

٥ـ کۆکردنەوەی زانیاری پێوەندیدار بە یاسا نێونەتەوەیییەکان و خوێندنەوەی پرۆسەی گەیاندنی هاوکارییەکان بۆ بەرکەوتووان.

٦ـ هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بە ئاشتی لە جیهاندا و لە نێوبردنینی چەکە کۆکوژەکان.

ئەم ئەنجوومەنە بە هاوکاری خەڵکی شار ساڵانە یادی کیمابارانی سەردەشت بەرز دەکەنەوە و چەند ساڵ لەمەوبەر هەیئەتێکی ژاپۆنی کە لە هیرۆشیما را هاتبوون بۆ سەردەشت بەم مەبەستە لەسەردەشت یەکێک لە شەقامەکانیان ناو نا هیرۆشیما و لە هیرۆشیماش شەقامێکیان ناو نا سەردەشت.

سەرچاوەکان:

١. سایتی سەرچاوە (www.sercawe.com)

٢. ئارشیڤی پێشووی وێبلاگی ڕێکخراوی لاوانی تیرۆژ کە ئێستا چالاك نیە

٣. سایتی ئەنجوومەنی بەرگری لە مافی قوربانیانی شیمیایی سەردەشت

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆمەڵگای مەدەنی و NGOکان



**نووسەری فارسی: فەرزاد حاجی میرزایی** **وەرگێڕان بۆ کوردی: سیروان**

بۆ دەسپێ کردنی باسەکە سەرەتا پێشەکی‌یەک لە بارەی دێموکڕاسی، لیبڕالیزم و پێوەندیی ئەوان بە یەکترەوە دەخەمە بەرچاو. دێموکڕاسی شێوازێکی دەسەڵاتدارێتی‌یە کە خاوەنی مێژوو و ڕابردوویەکی دوور و درێژە و پێشینەکەی بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە. هەڵبەت واتاکەی لەگەڵا تێگەیشتنی ئەمڕۆیی جیاوازییەکی زۆری هەیە. بۆ نموونە لە دێموکڕاسی یۆنانی کۆندا ژنان و کۆیلەکان مافی دەنگدانیان نەبوو. پاش ڕێنسانس و سەردەمی ڕۆشنگەری بە ڕەخنەگرتن لە میراتی فەلسەفیی یۆنانی‌یەکان، واتا و ناوەڕۆکی دێموکڕاسییش ئاڵ و گۆڕی بەسەدا هاتووەو ڕەخنەی لێ گیرا و خوێندنەوەی نوێی بۆ کرا و ئەم ڕەخنەگرتنە هەتا ئەمڕۆکەش درێژەی هەبووە و هەیە. ئەمڕۆکە وەک دوایین و کەم عەیب ترین شێوازی دەسەڵاتدارێتی باس لە دێموکڕاسی دەکرێ. یەکێک لە بنەما هزری و بناخەکانی دێموکڕاسی، لیبڕالیزمە. لیبڕالیزم بۆ خۆی خاوەنی چەند بنەمایەکە کە بەرەبەرە هەر کامە لە لایەن چەند کەسێک لە بیرمەندان و ڕۆشنبیرانەوە خراوەتە ڕوو. یەکێک لە بنەماکانی لیبڕالیزم جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە کە ژان ژاک ڕۆسۆ، کۆمەڵناسی فەڕانسەوی پەرەی زۆری پێدا. ئازادی، سازان و لێبوردەیی لە بنەما سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگا لیبڕالی‌یەکانن.

## کۆمەڵگای مەدەنی چییە؟

کۆمەڵگای مەدەنی ئەو کۆمەڵگایەیە کە لە ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنی‌یەکان پێک دێ. لە کۆمەڵگای مەدەنیدا تەواوی مەیلەکان، بیرکردنەوەو بیرۆکەکان ڕێڕەوی خۆیان دەگرنەبەر و هەر شتێک و هەر کەسێک دەبێتە خاوەنی جێگە و پێگەی تایبەت بە خۆی. لە کۆمەڵگای مەدەنی کەسێک کە خاوەنی حەز و مەیلی تایبەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یە، دەتوانێ بیر و بۆچوونەکانی لە چوارچێوەو قاڵبی NGO کاندا دەرببڕێ. کەسێک کە خاوەنی مەیل و حەزی سیاسی‌یە، لە چوارچێوەی حیزبەکاندا ڕوانگە و بۆچوونەکانەی دەخاتە ڕوو و...

**تایبەتمەندی‌یە سەرەکی‌یەکانی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان(NGO کان):**

١.**سیاسی نەبوون**: بیاڤی چالاکیی سیاسی پێوەندیی بە حیزبەکانەوە هەیە. کەوابوو ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان شوێنی کار و چالاکیی سیاسی نین.

٢.ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە چالاکی‌یەکانیان، وەدەست هێنانی سوود و بەرژەوەندی نیە. بەم پێیە ڕێکخراوی ناحکوومی لە کەسانێکی داواکار و خۆبەخش پێک هاتووە کە بەبێ بەستراوەیی بە دەوڵەت و دوور لە سوود و قازانجی تاکەکەسی و بۆ بەرژەوەندیی گشتی بە تەشکیلاتێکی ڕیکخراو، لە پێناو ئامانج و مەسەلە جۆراوجۆرە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، خێرخوازی، پسپۆڕی و پیشەییەکان چالاکی دەکەن.

٣.تایبەتمەندیی سێهەمی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان، خۆبەخشی و دڵ خوازانە بوونی ئەوانە. بەو واتایەی بە شێوەیەکی خۆڕسک و خەڵکی پێک هاتوون و خاوەنی پێڕەوێکی دیاری کراون‌و هەر تاکێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم پێڕەوەی قبووڵ بێ، دەتوانێ ببێتە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە. هەروەها دەستەی بەڕێوەبەری‌و کارگێڕەکانی دەبێ هەموو ساڵێک ڕادەی سامان‌و دارایی ڕێکخراو، بە شێوەیەکی ڕوون‌و ئاشکرا بە هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکە ڕابگەیەنن.

٤.تایبەتمەندی‌یەکی دیکەی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان خێرایی کارکردن و توانایی بڕیاردان لە ئاستێکی بەرز دایە. بۆ نموونە لە کۆنفرانسی زەمین لە ژوهانسبۆرگ لە ساڵی ٢٠٠٢دا، شەش سەد کەس لە سەرانسەری جیهان بەشدار بوون و ئامادەبووان بەرنامەگەلێکیان لە بواری گەشەکردنی جیهانی، ژینگە، پیس بوونی زەوی و... پێشکەش کرد. لە سەدا هەشتای (٨٠٪) ی ئەم بەشداربووانە لە لایەن ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانەوە لەم کۆنفرانسەدا بەشدارییان کردبوو و تەنانەت ئاساییشی دانیشتنەکەش لە لایەن ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی ئەفریقای باشوورەوە دابین کرابوو.

> **لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان زۆربەی کاروبارە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەک کاروباری کشت و کاڵ و تەندروستی، کاروباری پەنابەران، سێڵاو لێدراو و ئاوارەکان دێننە ژێر ئیختیاری خۆیان**

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان زۆربەی کاروبارە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەک کاروباری کشت و کاڵا و تەندروستی، کاروباری پەنابەران، سێڵاو لێدراو و ئاوارەکان دێننە ژێر ئیختیاری خۆیان. بۆ نموونە لە بەنگلادیش کە هێندەش پێشکەوتوو نییە، ڕێکخراوی ناحکوومی هەیە کە زیاتر لە هەزاران مامۆستای وەک ئەندام هەیە و تەواوی قۆناغەکانی خوێندنی هەر لە پێش سەرەتاییەوە هەتا زانستگای لە ژێر چەتر و سەیتەرەی خۆی هاویشتووە. لە وڵاتانی وەک سوئێد بە حەشیمەتێکی کەمەوە، چەند میلیۆن ڕێکخراوی ناحکوومی هەن، یانی نزیکەی تەواوی هاووڵاتیانی سویدی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە ناحکوومی‌یانەن.

جۆر ناسی (چەشن ناسی) ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان هێندێک لە ڕێکخراوەکان بە شێوەیەکی پشتگیرانە کار دەکەن یانی لە بواری پشتگیری لە ژنان، منداڵان، نەخۆشە تایبەتەکان و چین و توێژە لاواز و زیان وەرگرەکاندا چالاکی دەکەن. هێندێکی‌تر لە بواری فەرهەنگی و فێرکاریدا کار دەکەن کە سنوورێکی بەربڵاو لە خۆ دەگرێ. هێندێکی‌تر بە ڕێکخراوەکانی پشتیوانی ماڵیی بەناوبانگن کە بەداخەوە لە ئێراندا ئەم جۆرە ڕێکخراوانە نین. ئەم جۆرە ڕێکخراوانە وەک پشتیوانێکی ماڵی بۆ ڕێکخراوەکانی‌تر کار دەکەن و بوودجەی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی بۆ پلان و پڕۆژەی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان ڕادەکێشن.

جۆرێکی دیکە لە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان هەن کە لە ئاستی جۆراوجۆردا لەگەڵا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکاری دەکەن: ١ـ شوێنی ڕاوێژکردنی گشتی کە ئەم ڕێکخراوانە شوێنی ڕاوێژکردنی ڕێکخراوی نەتەوەکانن. ٢ـ شوێنی ڕاوێژکردنی تایبەتی کە لە کاروبارە تایبەتی‌یەکاندا ڕاوێژکاری

> **تایبەتمەندیی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان، خۆبەخشی‌و دڵ خوازانە بوونی ئەوانە. بەو واتایەی بە شێوەیەکی خۆڕسک‌و خەڵکی پێک هاتوون و خاوەنی پێڕەوێکی دیاری کراون‌و هەر تاکێک ئەم پێڕەوەی قبووڵ بێ، دەتوانێ ببێتە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە.**

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن وەک کانوونی پارێزەران لە ئێران لە بواری مافەکانی مرۆڤــ یان ئەنجوومەنی ماف ناسانی ئامووزگار یان ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی. خەسارناسی پێش باس کردنی بابەتی خەسارناسی سەرەتا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دوو جۆر مۆدێلی حکوومەتی کە هەتا ئێستا تاقی کراونەتەوە، بکەم. حکوومەتەکان لە ڕوانگەیەکەوە بەسەر حکوومەتەکانی زۆرینەیی‌و حکوومەتەکانی کەمینەیی دابەش دەبن. ئەو حکوومەتانەی زۆربەی بیاڤە کۆمەڵایەتی، ڕامیاری‌و فەرهەنگی‌یەکان دەخەنە ژێر سەیتەرەو دەسەڵاتی خۆیان، بە حکوومەتگەلی زۆرینەیی دێنە ئەژمار وەک حکوومەتی شۆڕەوی پێشوو. بە پێچەوانەوە لە حکوومەتەکانی کەمینەیی‌یدا کە مەجالی زیاتر بە خەڵک دەدرێ‌و دەوڵەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچووک‌و سنووردارەو ئەرکی دەوڵەت تەنیا چاوەدێری‌و پەسندکردن‌و پاراستنی بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی کۆمەڵگایە. لە حکوومەتی کەمینەییدا ڕێگا بۆ ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان‌و پارتە سیاسی‌یەکان ئاوەڵایەو هاووڵاتیان بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆست‌و بەرپرسایەتی‌و کاروبارەکانی بەڕێوەبردنی شار یا وڵاتی خۆیان دەرەتان‌و شانسی یەکسان و بەرامبەریان هەیە.

لە وڵاتی ئێمەدا مەجال بۆ جووڵە و چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان زۆر بەرتەسک‌و سنووردارەو لەم بارەوە ئەم ڕێکخراوانە زۆر خەسارهەڵگرن. لە ئێستادا لە پارێزگای کوردستان زیاتر لە سەد ڕێکخراوی ناحکوومی تۆمارکراو هەیە کە **١٥** هەتا **٢٠** ڕێکخراو لە بواری لاوان، **١٥** ڕێکخراوی بواری ژینگە، **٣٠** هەتا **٣٥** دامەزراوەی پشتگیری کار لە بواری پشتیوانی لە ژنان، منالان، نەخۆشی‌یە تایبەتی‌یەکان و... چالاکی دەکەن. چەند ڕێکخراوێکیش لە بواری فەرهەنگی خەریکی ئەنجام دانی کار و چالاکیین. لە هەنگاوی دواتردا لە کوردستان پێوەندیی بەربڵاو پێک هاتن، وەک ژنان، لاوان، دەپێوەندی لەگەڵ ژینگەدا و... هەنگاوی دواتر پێک هێنانی NGO لە دایک بوو و یەکەم نموونە خانەی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانە کە ئەمڕۆکە ڕۆڵێکی بنچینەیی لەم بوارەدا دەگێڕێ.

بابەتی یەکەم لە خەسارناسیی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی کوردستان بوونی لاوازیی تیئۆریکە لەم ڕێکخراوانەدا، یانی هەنووکەش ڕێکخراوەکانی ئێمە نەیان توانیوە پاڵپشت‌و پاش خانی تیئۆریکی بەهێز، بۆ چالاکیی ڕێکخراوەکەی خۆیان وەدەست بێنن و ئامانجەکانی خۆیان دیاری بکەن‌و بەرنامەیەکی پێشکەوتووانە ڕێک بخەن. یەکێکی‌تر لەم خەسارانە، لاوازیی تەشکیلاتی‌و پێکهاتەیی‌یە. خەساری دیکە، دەوڵەتی بوونی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانە، یانی ئێمە هێندێک جار بە جێگای NGO، GOمان هەیە. یانی بە جێگای ئەوەی کە ڕێکخراوەکان، ڕەخنەگری دەسەڵات و سنووری نێوان حکوومەت‌و خەڵک بن، بە حکوومەت دەبەسترێنەوە. بێجگە لەو خەسارانەی کە تایبەت بە ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکانن، کۆمەڵگای ئێرانیش هێندێک خەساری تایبەت بە خۆی هەیە. کۆمەڵگای ئێرانی لە چەند هەزار ساڵی ڕابردوودا خاوەنی پێکهاتەیەکی "هرم"ی بووە یانی کۆمەڵگا لە سێ‌گۆشەیەکی گەورە پێک هاتووە کە کەسێک لە سەرووی ئەم سێ‌گۆشەیە ڕاوەستاوە و ئەو سێ‌گۆشەیەش بۆ خۆی لە سێ‌گۆشەی بچووکتری وەک هۆز، بنەماڵە و... پێک هاتووە کە هەموویان خاوەنی کەسانێک لە لوتکەی سێ‌گۆشەکەی خۆیاندا بوون و بەکارهێنانی دەسەڵات لەم هەرەمەدا لە سێ‌گۆشەکانی سەرەوە بۆ خوارەوە بووە. ئەم دیاردەیە کە بە شێوەی باو بە سەرەڕۆیی بەناوبانگە، ڕەگ و ڕیشەی لە دوو گرفتی مێژوویی ئێرانی‌یەکاندا هەیە. لە حاڵێکدا لە ئورووپا و پاش ڕێنسانس هەل‌و مەرجەکە بە شێوەیەکی دیکە بوو. ئورووپاییەکان ئەم بیرۆکەیەیان خستە ڕوو کە عەقڵا و فکری تاکەکەسی بە تەنیایی ناتوانێ بە بەختەوەری و حەقیقەت بگاو ئەگەر بەختەوەرییەک هەبێ، تەنیا ڕێگای گەیشتن پێی، کەڵک وەرگرتن لە عەقڵی گشتی‌یە. "کانت" سەردەستەی ئەم بزاڤە، عەقڵی کلاسیکی و هەمەکی کە لە سەرووی ئەم هەرەمەیە، ڕەت دەکاتەوەو ڕادەگەیەنێ کە تەنانەت ئەگەر هزری (عەقڵ) گشتیش بڕیار بدا، دووبارە ئیمکانی هەڵە و خەتا هەیە. ئەم مۆدێلەی هزری گشتیی بە مۆدێلی بازنەیی بەناوبانگە. لەم ڕووەوە بەڕێوەبەر یان ڕێنوێنی کار بیر و بۆچوونی تەواوی خاڵەکانی بازنەکە وەردەگرێ‌و دەبێتە بەڕێوەبەری ڕوانگەو بۆچوونەکانی ئەوان. یەکێک لەو گیروگرفتانەی کە لەناو کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتی‌یەکان‌و بە تایبەت ئێراندا هەیە، ئەم مەسەلەیە کە بێ ئەوەی کە بەها و بایەخە هزری و فەلسەفی‌یەکانی ڕۆژئاوا بۆ وڵاتی خۆمان بێنین، بەبێ بەستێن سازیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌و بێ ئەوەی کە لە فکری بارهێنان و

●●

## لە وڵاتی ئێراندا مەجال بۆ جووڵەو چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان‌زۆر بەرتەسک‌و سنووردارە


●●

پێگەیاندنی هاووڵاتیانی خۆماندا بین، دەستمان بە سازکردنی شارەکان کرد. لە هەمان کاتدا کە تێکنۆلۆژیای ڕۆژئاواییمان هێناوەتە وڵاتەکانمان، مۆدێلەکانی ئێمە هەر مۆدێلە کلاسیکی‌یەکانن. یەکێک لە ڕۆژهەڵات ناسەکان گوتوویەتی:" لە ناخی هەر هاووڵاتیەکی ڕۆژهەڵاتی دیکتاتۆرێکی گچکە خەوتووە کە لە کاتە تایبەتی‌یەکاندا خۆی دەردەخا." ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە ئەم دیکتاتۆرە بچووکانە لەناو بەرین و باوەڕمان بەوە بێ کە تەنیا ڕێگای دەرچوون لە دۆخی ئارایی پشت بەستن بە هزری بەکۆمەڵا و گشتی‌یەو کەسێک کە ئەم دیکتاتۆرە لەناو نەبات، ناتوانێ مل بۆ هزری گشتی ڕابکێشێ. هێندێک کۆسپ و لەمپەری جیددیش لە شوناسی خوددی تاکەکاندا هەیە، بەو واتایەی کە دەبێ ئەم خاڵەمان لەبەر چاو بێ کە هەر تاکێک وەک هاووڵاتی‌یەک گەورەیی، ڕێز، کەسایەتی و جێگە و پێگەی تایبەت بە خۆی هەیە لە سایەی ئەم تاک گەرێتی و تاکایەتی‌یەیە کە هاووڵاتی پەیدا دەبێ. بە بڕوای من بە جێگای شارۆمەند، "شارنشین "مان هەیە و ئەگەر سەردەمێک توانیمان شارۆمەند پەروەردە بکەین، بێ‌شک ڕێگاکان‌و ئامرازەکانی جێگیرکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران و کوردستان خۆش و ئامادە دەکرێ.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە: ڕۆژین گیاڕەنگ

دامەزراندنی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ دوا ساڵەکانی ١٣٧٦ی هەتاوی بە گۆڕانی کەشی سیاسی وڵات گەلاڵەی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێگای بۆ دروست بوونی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان خۆش کرد. هەر لەو ساڵانەدا ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بە زوویی بەرفراوان بوون بە شێوەیەک کە ئێستا ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە شارۆچکە و لە هێندێک لە گوندەکانیش دا هەن .

پێناسە:

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان داهێنانێکە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نوێ لە پیشکەوتنی ژیان لە سەر بنەمای پێویستی‌یەکان و بۆ چارەسەرکردنی پرس گەلی جۆراوجۆری ژیانی کۆمەڵایەتی. ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بە گرووپ، دامەزراوە، بنیات، کۆمپانیا بێ بەرامبەرەکان و یا هەر کەسایەتی‌یەکی حقووقی دیکە دەگوترێ کە بە هۆی ڕێ و شوێنی حقووقی ئەندامێک لە بەشی حکوومەتی و چالاکی بەرژەوەندی خوازی‌یان نیە.

گرینگترین پێناسەکانی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان:

١: ناحکوومی‌یە.

٢: قازانجی نیە، بە شیوەیەک کە لەو ڕێکخراوەدا قازانجێک بکرێ .

٣: سەربەخۆیە.

٤: ئەندامەکانی پاڵپشتی کاری ئەو ڕێکخراوەن کە بە خواستی خۆیان هاتوونەتە ناوی .

٥: تێکۆشانی ڕێکخراوەکە لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی دایە .

٦: بە شێوەیەکی فەرمی دروست دەبێ.

کاتێک حکوومەتەکان بیان هەوێ دامەزراوەگەلێک دروست بکەن کە لە باری حقووقی‌یەوە دامەزراوەکان نەبنە حکوومی، بەڵام چونکە لە ژێر کاریگەری و ئەمری بیاڤی دەسەڵات دان، نابنە بەشێک لە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان.

ئەرکی چەند لایەنی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان:

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان کاراکتەری جیاوازیان لە کۆمەڵگەدا هەیە:

ـــ بۆ چەسپاندنی داواکارییەکانی خەڵک، تەوژم دەخەنە سەر حکوومەت .

ـــ وەکوو کەرەسەی بەشداری کردنی خەڵک بۆ بەڕێوەبەری یاسا، هاوکاری حکومەت دەکەن.

ـــ بوار بۆ ڕەخساندنی هەلی دێموکراسی و کەم کردنەوەی ئەرکی حکوومەت لە کۆمەڵگەدا پیک دێنی .

کارکردی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان:

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان خاوەن کارکردگەلێکی زۆرن کە لە خوارەوە ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین:

ـ ڕێک خستنی خەباتی مەدەنی بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داواکردنی مافی هاووڵاتی بوون .

ـ تەوژم هینان بۆ حکوومەت بۆ دابین کردنی داواکاری‌یەکانی گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی‌یەکان.

ـ بوار ڕەخساندن بۆ پێگەیشتنی کلتووری دێموکراتیک و کلتووری بەشداری کردن.

ـ بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات .

ـــ هاوکاری کردن بۆ چارەسەرکردنی ئەرکە قورسەکانی وڵات و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بێ سەرەوبەرەیی و نەهێشتنی دەست کورتی و....

ـ کەڵک وەرگرتن لە پرۆژەکان و بیرو بۆچوونی کارناسانە بە بێ سەرف کردنی خەرج و بوودجە .

کەڵک وەرگرتنی بێ خەرج لە هێزە حکوومی و فیزیکی‌یەکانی خەڵک بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵات.

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ئێراندا

هەروەک ئاماژە کرا دروست بوونی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵەکانی ١٣٧٦، ئامارەکان ئاماژە بە بوونی **٢٥٠٠** ڕێکخراوی ناحکوومی لە ئێراندا دەکەن. دەتوانین بڵێین کە **٨٥٪** ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە دوای ساڵی **١٣٧٦** پێک هاتوون. بۆ وێنە دەتوانن ئاماژە بە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی ژینگە پارێزی بکەین. ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە لە ساڵەکانی ١٣٧٧ تا ١٣٨٠ لە ٣٠ تا ٢٠٠ ڕێکخراو چۆتە سەرێ. بەو پێیەش ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ئێراندا بە بەراوردکردن دەگەڵ ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی لە ئاستی جیهاندا زۆر لە ئاستی خوارێ¬یە. ژمارەی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ئاستی جیهاندا گەیشتۆتە **٣** ملوێن. واتە بۆ هەر **٢٠٠٠** کەس ڕێکخراوێکی ناحکوومی هەیە. (ژمارەی دانیشتووانی جیهان ٦ ملیارد کەس لە بەراورد کراوە) ئەوە لەحاڵێک دایە کە لە ئێراندا بۆ هەر **٢٥**هەزار کەس ڕێکخراوێکی ناحکوومی هەیە.

بیاڤ گەلی چالاکی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان:

بیاڤ گەلی چالاکی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان، زیاتر بواری ژینگە پارێزی، لاوان، منداڵان، ژنان، خێر خوازی، هاریکاری و تەندروستی، مافەکانی مرۆڤ و کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەگرێتەوە .

بارودۆخی ئێستای ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان:

ـــ ژمارەیەک لەڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە قۆناغی دامەزراندن دان .

ـــ ژمارەیەک لە قۆناغی گەشەکردنی خێرا دان .

ـــ ژمارەیەکی سەرنج ڕاکێشیش تووشی دارمان و ون بوونی خێرای ڕێکخراوەیی بوون .

جۆری ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان:

سێ گرووپ لە ئێراندا لە شێوەی ڕێکخراوەی ناحکوومی لە چالاکی دان:

گرووپی یەکەم: دامەزراوە خێرخوازی‌یەکان.

ئەم گرووپە ریشەیان لە شێوەی پێکهاتەی مەزهەبی و نەریتی وڵات دایە، لەم گرووپەدا مرۆڤ گەلێک کە خێرخوازن، چالاکی‌یان هەیە کە بۆ ئامانجی خێرخوازانە و هاریکاری منداڵە بێ سەرپەرستەکان، ژنانی ماڵدار و... هتد پێک هاتوون.

گرووپی دووەم: ڕێکخراوە ناحکوومی‌یە زەردەکان .

ئەم گرووپە زیاتر بەڕێوەبەران و خێزانەکانیان، دۆستان و کەس و کارەکانیان دەگرێتەوە کە لە ساڵی ٧٦ بەولاوە دروست بوون. ئەو گرووپە کەڵک لە بەخششەکانی بوودجەی حکوومی وەردەگرن. دروست بوونی ئەو گرووپە لە ڕێکخراوەکان بۆتە میکانیزمێک کە کۆنترۆڵی بوودجەی حکوومەت دەکەن. حکوومەت ئەو گرووپانە وەک ئەو ڕێکخراوە ناحکوومیانە کە چاودێریان بەسەر دانانی سیاسەتی حکوومەتاندا هەیە و، ڕاپۆرت دەدەنەوە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، دەناسێنێ. ئەو گرووپە زیاتر بە شێوەی وەفدی چاکەکەران و بروا پێکراوان بەڕێوەدەبرێن، چاوەدێریان نیە و ئەرکی وان نیە کە ڕوون کردنەوەی زیاتر لە سەر کاروباری ماڵی و ڕاپۆرت دان بدەنەوە، ئەوان حەزیان لە ئەندامگیریەک نیە کە هەموو کەس بگرێتەوە .

گرووپی سێیەم: ڕێکخراوە ناحکوومی‌یە ڕاستەقینەکان:

ئەم گرووپە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یە ڕاستەقینانە لە ناخی کۆمەڵگەدا هاتوونە دەرێ کە ناحکوومی و سەربەخۆن. ئەم گرووپە هەوڵ دەدەن کە لە مافی ئەندامەتی ئەندامان و هاوکاری کردنیان لە لایەن خەڵکەوە(وەک پێک هێنانی پێشانگاکان، کۆنسێرتەکان، بازارگە و...) بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانیان کەڵک وەردەگرن، ئەو گرووپە هەوڵ دەدەن پرەنسیپی دێموکراتیک(کەڵک وەرگرتن لە هزر و بیری کۆمەڵ، پەسەندکردنی ڕەخنە و...) لە بەر چاو بگرن. ئەوان ئازادی هەڵبژاردنیان هەیە. چاوەدێری هەڵبژاردنی گشتی‌یە، ڕاپۆرتی ماڵی بە روونی پێشکەش دەکا و دەرگاکان ئاوەڵان بۆ ئەو کەسانەی کە سەردانیان دەکەن. ئەو گرووپە لە بەرەوپێش چوون و گەورەبوونەوە دایە، جار دەگەڵ جار روونی زیاتر لە کردەوەکانیان دا بەدیی دەکرێ و دەچنە پێشەوە. لەو دامەزراوانەدا خاوەن هزر و بیروبۆچوونی جیاوازن و بەیەکەوە ئامانج گەلی هاوبەش دەگرنە بەر.

دابەش کردنی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان:

ـــ لاوان، ژنان، ژینگە پارێزان و بواری خێر خوازانە زۆرترین ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان پێک دێنن، ئامارەکان دەردەخەن کە **١١٠٠** ڕێکخراوی ناحکوومی هەیە، ژینگە پارێزان نزیک بە **٢٠٠** ریکخراو و ژنان نزیک بە **٣٣٠** ڕێکخراویان هەیە، ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی ژنان لە بواری خێر خوازی، ژینگە پارێزی، نەهێشتنی هەژاری، دابین کردنی ئیمکانات بۆ ئەو ژنانەی کە دەرسیان تەواو کردووە، وەرزشی

●●

## لاوان، ژنان، ژینگە پارێزان و بواری خێر خوازانە زۆرترین ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان پێک دێنن

●●

ژنان، رێک خستنی بنەماڵە، جوتیاری ژنان، پەیوەندی نێودەوڵەتی، منداڵ و تازە لاوان، پەروەردەو لێکۆڵینەوەی مافەکانی ژنان، تەندروستی دروونی و جەستەیی، کەمایەتی‌یە ئایینی‌یەکان، بڵاوکراوەکان، پێشکەوتنی بەردەوام، پشتیوانی کردن لە کرێکارانی ژن، گۆڕینەوەی بیرو بۆچون، ژن، بنەماڵە، کلوپەکانی کچانی لادێ و.. چالاکی دەکەن.

کاناڵی ریکخراوە ناحکوومی‌یەکان:

چەندایەتی و چۆنایەتی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان پێوەندی‌یان بە ئامانج و ڕێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**●● ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە پێوەندی دەگەڵ کارەکانیاندا کاریگەری پۆزەتیڤیان هەبووە، بەڵام تا ئێستاش نەیان توانیوە شوێنێکی تایبەت لە چاپەمەنیەکانی وڵات دا بۆخۆیان بکەنەوەو ئێستاش نەبوونەتە بزووتنەوەیەك کە دەنگیان لە حکوومەت و پەڕلماندا ڕەنگ دانەوەی هەبێ ●●**

و شوێنیانەوە هەیە. لەو پێوەندی‌یەدا بواری کاناڵ و کاناڵ دروست کردن لە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان دەخرێتە بەر باس. یەکەم کاناڵی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی ژنان لە ساڵی **١٣٧٤** لە پێوەندی دەگەڵ کۆنفرانسی "پەکێن" دروست بوو. دووهەم کاناڵی ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکانی ژینگە پارێز لە ساڵی **١٣٧٨** پێک هات. سێهەمین کاناڵ لە ساڵی **١٣٨١** لە لایەن ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی لاوان هاتە ئاراوە و زۆربەی زۆری کاناڵی ڕێکخراوی میللی، ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی لاوان دروست بوو کە زیاتر لە **١٠٠٠** ڕێکخراوی ناحکوومی لاوان لە خۆی دا جێ دەکاتەوەو زۆربەی زۆری کاناڵی ریکخراوە ناحکوومی‌پەکان دەگرێتەوە. پێشتر کاری ئەو کاناڵە بە شێوەی نیوەحکوومی بەڕێوەدەچوو. لە ڕاستی‌دا ڕێکخراوی میللی لاوان چاوەدێری بە سەر چالاکی-یەکاندا دەکرد و بە نیسبەت ئاڵ و گۆڕی ئایین نامەکان مافی دەنگ دانی هەبوو، بەڵام لە بانەمەڕی ئەوساڵەدا لە یاسایی کاناڵ دا ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی هاتە کایەوە و بەرنامە و پێڕەوەکەی وەک ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆ داڕێژرا .

ڕادەی کاریگەری ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان:

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە پێوەندی دەگەڵ کارەکانیاندا کاریگەری پۆزەتیڤیان هەبووە، بەڵام تا ئێستاش نەیان توانیوە شوێنێکی تایبەت لە چاپەمەنیەکانی وڵات دا بۆخۆیان بکەنەوەو ئێستاش نەبوونەتە بزووتنەوەیەک کە دەنگیان لە حکوومەت و پەڕلماندا ڕەنگ دانەوەی هەبێ. دەبوو لە بنەڕەتدا ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە بڕیار دەرکردن و بڕیاردان، چاوەدێری بەڕیوەبردنی پڕۆژەکان و بەرنامەکان لە پێوەندی دەگەڵ حکوومەت دا بەشداریان هەبێ، بەڵام ئەوان ئەو بارودۆخەیان نیە، بەتایبەت ئەوە کە کاربەدەستانی وڵات یان ئەو دیاردە ناناسن و گرینگی‌یەکی وای پێ نادەن.

کۆسپەکانی بەردەم ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان:

ڕوانینی سیاسی و ئاسایشی حکوومەت بە نیسبەت ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان گرینگترین و دژوارترین بەربەستە لە هەمبەر ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان. بۆ وێنە حکوومەت هەرگیز بە نیسبەت ڕێکخستنی گرووپ گەلی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و دامەزراوە سەربەخۆ کۆمەڵایەتی‌یەکان کە بەشێک لە دەسەڵاتیان لە ئەستۆیە، بۆچوونێکی پۆزتیڤی نەبووە. حکوومەت یان ئەو دامەزراوانەی سەرکوت کردووە یان دامەزراوەی زەرد و سەربەخۆی حکوومەتی دامەزراندوە. کاربەدەستانی حکوومەت لە ڕوانگەیەکی سیاسی ـــ ئاسایشی‌یەوە چاو لە دامەزراوەگەلێکی وەک سەندیکاکان، یەکیەتی‌یە سینفی‌یەکان و تەنانەت کۆمپانیا هەرەوەزیەکانیش دەکەن. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە کۆمپانیای ڕاوکردنی ماسی کە **٤٠** ساڵ لەمەبەر لە باکووری وڵات(ئێران) دروست بوو، بکەین. هەر لەوکاتەوە باو بووە کە ئەندامی ئاسایشی ئەو شوێنە دەبێ زانیاری لەو کەسانەی کە دەیان هەوێ ببنە ئەندام لە شاندی بەڕێوەبەری دا، وەرگرن. ئێستاش بە پێی بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی شاندی بەڕێوەبەری یەکیەتی‌یە سینفی‌یەکان، لێهاتوویی بە ئەندام بوون لە شاندی بەڕێوەبەری و چاوەدێری دا دەبێ لە لایەن شاندێکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی وزارەتەکانی کار، وڵات و بازرگانی پەسەند بکرێ، یانی ئەندامانی شاندێکی بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دەبێ لێهاتوویيەکەیان لە لایەن حکوومەتەوە پەسەند بکرێ. ئەو فەرمانە تەنانەت خێرخوازەکان کە باوترین و نەریتی‌ترین دامەزراوەی مەدەنین، دەکرێتەوە. ڕێکخراوی "بهزیستی" کە یەکێکە لەوانەی بەردەوام پەیوەندی بە بواری نوسینگەی خێر خوازانەوە هەیە، بەرنامە و پێڕەوێکی کە دەیدا بە خوازیارانی دروست کردنی ئەو شێوە دامەزراوانە، هێندە توندی دەگرن کە بە هیچ شێوەیەک بۆ پاساو هێنانەوە نابێ. ڕێکخراوی "بهزیستی" وەک بەشێک لە حکوومەت دەست وەردەداتە بەرنامە و پێڕەوی نوسینگەکانی خێرخواز و تەنانەت هێندە لە بواری کار و ئاسایشەوە هەڵیان دەپەسێرێ کە لە ڕاستی دا هەلی هیچ چالاکی‌یەکیان بۆ ناهێڵێتەوە.

نەبوونی چاوەدێری یاسا بەسەر چالاکی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان:

نەبوونی چاوەدێری یاسا بەسەر چالاکی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان دا کۆسپی سەرەکی ئەو دامەزراوانەیە. تاکوو ئێستاش یاسایەک لە سەر چالاکی ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان لە لایەن پەڕلمانی ئێرانەوە پەسەند نەرکراوە. مەکتەبی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی سیاسی وڵات چەند ساڵ لەمەوبەر پێش نووسێکی ئامادە کرد کە لە ڕۆژنامەکان دا بڵابۆوە، هەر لەو کاتەدا ناوەندی لێکۆڵینەوە بە دواداگەڕانی شوورا بە پرس کردن و بیروڕا گۆڕینەوە دەگەڵ هێندێک ڕێکخراوی ناحکوومی و ماف ناسان هەنگاویان نا بۆ نووسینی ئەو پێش نووسە لەو بوارەدا، بەڵام ئەو هانگاوانە نەگەیشتنە ئاکامێکی دیاری کراو. پێش نووسی وزارەتی وڵات گەر لە هێندێک بواردا ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان، بەڵام کەم و کوڕتی سەرەکی هەبوو، بۆ نموونە پرسی چاوەدێری حکوومەت بە سەر چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکاندا. تا ئێستا تەنیا لە سەر ئەساسی ڕاگەیەندراوێک کە لە لایەن شوورای بەرزی ئیداری کە لە ساڵی **١٣٧٨** دەرچووە هەڵس و کەوت لە گەڵ ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان دەکرێ .

پرس گەلی ماڵی:

دابین کردنی پێداویستی ماڵی یەکێکە لە کۆسپەکانی بەردەم ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان. لە زۆربەی وڵاتان دا، ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان لە دانی ماڵیات چاوپۆشیان لێ کراوە و لە هێندێک وڵات دا وەکوو ئاڵمان کەسایەتی‌یەکان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕوانینی سیاسیو ئاسایشی حکوومەت بە نیسبەت ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان گرینگترینو دژوارترین بەربەستە لە هەمبەر ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان

●●

دامەزراوەکان دەتوانن بەشێک لە باجەکانیان بدەن بە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان، بەڵام لە ئێراندا بارودۆخەکە بە شێوەیەکە کە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان ناچارن لە سەر داهاتی خۆیان باج بدەن، بۆ نموونە وەزارەتی دارایی و ئابووریی لەو **٤٢** ملوێنەی کە بەرەی سەوز بابەتی حەقی ئەندامەتی وەری دەگرێ، داوای **١٠**ملوێن ڕیاڵی لێ دەکا. گەرچی حکوومەت بوودجەیەکی بۆ هاوکاری ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان تەرخان کردووە و داویەتی بە هێندێک لە وەزارەت خانەکان، بەڵام هەر وەکی وتمان ئەو هاوکارییە، دەدرێ بە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان یان دەدەرێ بە خزمەت کردن بە وابەستەکردنی دامەزراوەکان بە حکوومەت؟!

کەڵک وەرگرتن لە هاوکارییە نەتەوەیی و خاریجی‌یەکان:

کۆسپی دیکەی بەردەمی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان نەتوانینی کەڵک وەرگرتن لە هاوکاری‌یە نەتەوەیی و خاریجی‌یەکانە. لە حاڵێک دا کە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی هێند و پاکستان بە باشترین شێوە کەڵک لە سەنگی نێونەتەوەیی و خاریجی وەردەگرن. ڕێکخراوە ناحکوومی-یەکانی ئێران غیرەتی نزیک کەوتنەوە لە بابەتەکەشیان نیە. ئەورۆکە ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان وەک بەڕێوەبەرانی سەرمایە و پیشەسازی لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دەوڵەمەند بۆ نێو وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا کار دەکەن. ئەو ڕێکخراوانە بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی پەیوەندی گرتن و لایەنگری بەهێز لە حکوومەتە پێشکەوتووەکان، ئەرکێکی باشیان لە فراوان کردنی هاریکاری‌یە دەرەکی‌یەکان دا بۆ وڵاتانی لەحاڵی گەشەکردن و پێشکەوتن دا هەیە. بە شێوەیەک کە هەر ئێستا نیوەی هاوکاری‌یە دەرەکی‌یەکانی حکوومەتە دەوڵەمەندەکان لە لایەن ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانەوە دەنێردرێ بۆ وڵاتانی لە حاڵی گەشە کردن دا .

گیروگرفتە ناوخۆیی‌یەکان:

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان ڕووبەڕووی گیروگرفت و ئاریشەیەکی زۆرن کە لە خوارەوە ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین .

ـــ نەبوونی ئامانجێکی دیاری کراو، زۆربەی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان دوای ماوەیەک چالاکی، وردە وردە لە ئامانجە دیاری کراوەکانی ناو بەرنامە و پێڕەوەکان دا دوور دەکەونەوە و ڕوودەکەنە بیاڤ گەلێکی دیکە بۆ کار.

ـــ نەبوونی بەرنامەو ڕێگاچارەیەکی مۆدێرن: هێندێک جار ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بە شێوەیەکی پیشەیانە کار ناکەن. مەبەست لە کار کردنی پیشەیی هەبوونی پەیوەندی فەرمی لە نێو کەسایەتی‌یەکان دایە کە لە کاتی کارکردن دا، بەڕێوەبردنی هەموو کارەکان و بەڵێنەکانە لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا.

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکان:

ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە ئاستی نێو نەتەوەیی‌دا ئەرکێکی بەرچاویان لە نووسینی هێندێک پەیمانی وەک "پەیمانی قەدەغەکردنی ئازاردان و سووکایەتی پێ کردن و پەیمان نامەی منداڵ"دا هەبووە. ئەوان بە پێشکەش کردنی پێش نووسی پەیمان نامە، پرۆژەی چارەسەر کردن، بەشداری کردن لە وتووێژ و بەرەوپێش بردنی باسەکان شان بە شانی نوێنەری حکوومەتەکان، زەخت هێنانە سەر نوێنەری حکوومەتەکان بۆ لە بەرچاوگرتنی مافی تاکە کەسی‌یەکان و لە ئاکامدا کەڵک وەرگرتن لە برەوی خۆیان بۆ چوونە ناو پەیمان نامەکان و بەڕێوەبردنی وردی نێوەرۆکەکانی، لە پێڕەوانی بەهێزکردنی کەرەستە حقووقی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکانن. لە سێ دەیەی رابردوودا بڵاوبوونەوەی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان پێشکەوتنێکی بێ وێنەیان بەخۆیەوە دیوە. بۆ نموونە لە پاریس دا زیاتر لە ١١٠٠، لە ڕۆم نزیک بە ٥٠٠، لە ژێنێف نزیک بە ٤٠٠، لە کۆپنهارگ نزیک بە ٢٠٠ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی جیا لە ڕێکخراوە ناحکومی‌یە نێوخۆیی‌یەکان چالاکی‌یان هەیە. چاوەڕوان دەکرێ لە نیوەی دووهەمی نەوەدی زایینی‌دا ژمارەی ڕێکخراوە نا حکومی‌یەکان گەیشتبێتە **٢٦٠٠** ڕێکخراو. دەتوانین بڵێین بارودۆخی سیاسی جیهانیش باندرۆگەلێکی جیددی لە ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان وەرگرتووە. لە دەیەکانی رابردوودا سیاسەتە جیهانی‌یەکان تەنیا لە لایەن حکوومەتەکانەوە دادەڕێژران، بەڵام ئەورۆکە ئەو پاوان کردنە لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکانەوە شکاوەو وەک ئەکتەری تازە هاتۆتە نێو سەنگی دەسەڵات لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا. هێندیک لەو ڕێکخراوانە کانگایەکی گرینگی ماڵی و شێوازێکی بەڕێوەبەری هاو قەبارەی چەند نەتەوەیی و لە قاودانی هەواڵەکان لە ئاستی حکوومەتەکان لەبەر دەست دایە. بۆ نموونە ژمارەی ئەندامانی سندووقی جیهانی سروشت بە نیسبەت سەرەتایی نیوەی دووهەمی دەیەی **٨٠**ی زایینی تاکوو ئێستا بۆتە **٥٠** ملوێن کەس و دوو بەرابەر بووە. ئەو ڕێکخراوە **٣٣٠٠** ئەندامی هەیە و بوودجەی ساڵانەکەی زیاتر لە **٣٥٠** ملوێن دۆلار دەبێ. ڕێکخراوی ئاشتی سەوز نزیک بە **٣** ملوێن ئەندام و **١١٤٠** فەرمانبەری هەیە. ڕێکخراوی لێ بووردنی نێونەتەوەیی یەک ملوێن ئەندامی لە **١٦٢** وڵاتی جیهاندا هەیە. ڕێکخراوی دۆستانی زەوی(دوستان زمین) یەک ملوێن ئەندامی لە **٥٨** وڵاتی جیهان دا هەیە .

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان ئاماژە بەهێندێک خاڵ دەکرێ:

ـ بانکی جیهانیان ناچار کرد کە چاو بە سیاسەتەکانی خۆی بە نیسبەت وڵاتانی لەحاڵی گەشەکردن دا بخشێنێتەوە .

ـ هاریکاریان کرد تاکوو پۆستی کۆمیسارییای بەرزی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخرای نەتەوە یەکگرتووەکاندا دابمەزرێ.

ـ لەساڵی **١٩٩٩** هێندێک لە وڵاتانی دەوڵەمەند بۆ نموونە بریتانیان ناچار کرد تاکوو قەرزەکانی خۆی بە **٤١** وڵاتی دنیا ببەخشێ.

تێبینی:

**خوێنەرانی بەڕێز ئەم وتارە لە ژمارە ٢٥ی هەر ئەم گۆڤارەدا بڵاوبۆتەوەو چونکە پێوەندی بەم فایلەوە هەیە واتە "ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان" بە هێندێك دەستکارییەوە لەم ژمارەیەدا دایی دەنێین.**

❊❊❊



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێکخراوە مەدەنی‌و سنفی‌یەکان ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

زاهیر ڕەسووڵ پوور



بە پێی ئەزموون و تەجرووبەی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانی جیهان لەسەر پرسەکانی ڕۆژی ڕۆژهەڵات بە دوور لە هیچ خەت و نیشانێ بە ئۆپۆزیسیونی کورد بەوپەڕی هیممەتەوە ڕووبەڕوو دەبنەوە، ئەگەرچی هەموو حەرەکەتێکی ئەوان لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی حاکم دایە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەڵام ڕێکخراوە مەدەنی و سنفی‌یەکان بەرەوڕووی ترسی سەرکوت و ئەشکەنجە و لەمپەرەکان بە هەڵوێستێکی مرۆڤانەی پێشکەوتووەوە بە پێی ئەرکی NGOکان ڕووبەڕووی نەک ئەو عورف و عادەتەی ئایینی و کۆمەڵایەتی‌یە کە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگادا بەرەوڕووی هەموو ئەو ئەگەر و پێشهاتانە بوونەوە کە لە لایەن دەسەڵاتی حاکمانی داگیرکەرەوە وەک بەربەست و لەمپەر دەبیندرێن و زۆر جاریش ڕووبەڕووی ئەو توێژە لە ڕوشنبیران و خۆنویستانی نیشتمانەکەمان دەبنەوە کە خۆبەخشانە بۆ وەدیی هێنانی ئازادی و یەکسانی و مافی ژیان و ڕێز و حورمەتی بوونەوەران لە گۆی زەوی لە هەوڵ دان کە گەلێ جار لەو پێناوەدا گیان و ماڵ تەنانەت کەسایەتی کۆمەڵایەتیان دەکەوێتە مەترسی-یەوە. نموونەی بەرچاو زیندانی کردنی ئەندام و لایەنگرانی سەندیکا کرێکاریەکان و ڕێکخراوی داکۆکی کردنی لە منداڵان، ژنان، ژینگە و نەخوێندەواری، زمانی زگماکی و بە گشتی مافی مرۆڤ کە هەر ئیستا ئاغای کەبوودوەند سەرەڕای باری نالەباری تەندروستی جەستەیی لە بەندی خانەدا کەوتۆتە بەر هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک، ئیتر باسی لە سێدارەدان کە بۆتە هەڵاتنی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئایینی و نەتەوایەتی و هونەرمەندان و ئەکتەری فیلم و شانۆنووس و سینەماکارانی بە توانا و خاوەن هەڵوێست و ڕۆژنامەوانەکانیش لەولاوە بێستێ.

لە ژێر ڕووناکایی ئەم ڕاستیانەدا چەند پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئایا ئەو ئەرکانەی کە ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکان وەئەستۆی خۆیان گرتووە بەسە بۆ نەتەوەیەکی وەکوو کورد لە هەل و مەرجی ئەمڕۆدا؟

بەدڵنیایی‌یەوە نا.

ئایا دەتوانن لەوە زیاتر بن و لەوە زیاتر هەوڵ بدەن؟ بەڵی، زیاتر دەتوانن خۆیان بە بەرپرس بزانن سەبارەت بە وڵات و نەتەوەکەیان، بەڵام ڕووبەڕووی مەترسی جیددی دەبنەوە.

ئایا ئەو ئەرکانەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات لە سەندیکا و ئەنجوومەنە مەدەنی‌یەکاندا کاری بۆ دەکەن بە ئیلهام وەردەگرن لە شۆڕشی دەیان ساڵەی گەلی کوردە یان نا؟

خواستی مرۆڤانەی هەر ئینسانێکە و ئەمڕۆ بە حوکمی ئەوەی کە دنیا پێشکەوتووەو مرۆڤایەتی تا ڕادەیەک بە ئەوجی خۆی گەیشتووە، دونیای ئەنتەرنێتی ئەمڕۆ خۆی لە ڕۆحییەی خەڵک دا بێ کاریگەر نیە، بەڵام شۆڕشی کوردیش دەوری هەرە بەرچاوی خۆی گێڕاوە لە پەروەردەی ڕۆحی و دەروونی ڕۆشنبیرانی نیشتمان دا. لە کۆتاییدا بە ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەزانم بە گشتی خۆیان ڕێک بخەن لە گەڵ داوا ڕەواکانی ئەوان دا زۆر لەوە زیاتر کە هەیە.

***





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# ئاورێکی کورت لە مێژووی یەکیەتی لاوان

ئا: مەنسوور سەمار

**بەشی یەکەم**

لە جیهانی مودێرن دا ngo و ڕێکخراوە سنفیێەکانی تایبەت بە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ بوون بە بەشێکی جیانەکراوە لە پێکهاتەی کۆمەڵی مەدەنی و پشت ئەستوور بە بەهاکانی دیموکراسی سەرقاڵی بەرفراوانتر کردنی بازنەکانی ئازادی و چاودێر کردنی جوڵە و بزاوتی حکومەتەکانن و هەر لەوێشەوە دەبنە گروپی فشاری کاریگەر لەسەر حکومەتەکان بۆ بەرەوپێش بردنی ویست و داخوازیەکانیان، ئەوان ئەگەرچی لە دەسەڵات دا نین و لە بنەرەتیشەوە ئامانجیان گەیشتن بە دەسەڵات نیە، بەڵام ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر بڕیارو هەنگاوی حکومەتەکان، مێژووی دامەزرانی ڕێکخراوە سنفیەکان لە کوردستان دا هەرچەندە مێژوویەکی درێژ نیە، بەڵام لە ڕووی چۆنیەتی کارکردنیانەوە جێگەی لێوردبوونەوە و تێرامانن، لە کوردستان دا ڕێکخراوە سنفیێەکان وێڕای هێنانە میدانی ویستەکانی تایبەت بە خۆیان، بەهۆی هەل و مەرجی داسەپاو بەسەر کوردستان دا ناچار بوون کە بۆ ویستە نەتەوایەتیەکانیشیان هەوڵ بدەن و هاوشان لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە میدان دابن.

مێژوووی چۆنیەتی دامەزرانی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران زوور ڕوون نیە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرامان لەبەر دەست دا نیە کە لەوێدا ڕۆژی دامەزران، هۆی دامەزران، ئامانجەکانی یەکیەتی لاوانی تێدا باس کرابێ. بەڵام ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە لە سال ١٣٢٠ ی هەتاوی بەولاوە تا دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد لە سالی ١٣٢٤ ی هەتاوی دا هێندێک هەوڵدراوە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە لاوان.

هاتنی هێزە زلهێزەکان لەو سەردەمە دا بۆ وڵاتی ئێران و داگیرکردنی خاکی ئەو وڵاتە لە لایەن ئەوانەوە دەرتانێکی باش و لەباری بۆ تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوەکان پێک هێنا، هەر لەم قۆناغە ئاستەمەدا بوو کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دامەزرا بە نهێنی دەستی بە تێکۆشان کرد.

بەڵام ئەوە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندایە کە دوو ڕێکخراوی سنفی یەکیەتی ژنان و یەکیەتی لاوان دادەمەزرێن و بەرەسمی تێکۆشانی خۆیان دەست پێ دەکەن، هەر لەو سەردەمە دایە کە یەکیەتی لاوان لەو بەشە چووکەی کوردستان دەستی کرد بە ڕێکخستن و بلاوکردنەوەی گۆڤاری خۆی بە ناوی "هاواری نیشتمان"کە یەکەم ژمارەی ئەو بلاوکراویە لە یەکی خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی لە شاری مهاباد و لە چاپخانەی کوردستان چاپ و کراوەتەوە.

گرینگترین کاری یەکیەتی لاوان لەو سەر دەمەدا دەتوانین بڵێین ئاشنا کردنی لاوان بە خوێندن و نووسینی زمانی کوردی و ڕاهێنان و پەروەردە کردنی لاوان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا بووە هەر لەو پێوەندیە دا ٦٠کەس لەو لاوانە بە مەبەستی خوێندن لە بەشە سیاسی و نیزامی یەکان دا بەڕێ کرانە"باکۆ" تا لە دوا ڕۆژدا نتوانن خزمەتی زیاتر بە نیشتمانەکەیان بکەن بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە سەرماوە١٣٢٥ دا یەکیەتی لاوانیش لێک هەڵوەشا و ڕژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی دەستی بەسەر هەموو دام و دەزگا ئیداری و حکوممەتی یەکانی کۆمارو هەروەها ڕێکخراوە سنفی و کۆمەڵایەتیەکان داگرت..

بە زاڵ بوونی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی پەهلەوی دەرەتانی هەرچەشنە تێکۆشانێک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و سنفی یەکان برا.

لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی دا خەباتی پەرلمانی"جبهەی میلی" لە ئێران دا لە ژێر دروشمی خۆماڵی کردنی نەوت دا دەستی پێکرد و هەر لەم ساڵە دا سەنعەتی نەوتی ئێران خۆماڵی کراو کۆتایی بە دەسەلاتی کۆمپانیای نەوتی یەکانی ئینگلیس لە سەنعەتی نەوتی ئێراندا هات، ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە نیمچە ئازادیەک لە ئێراندا

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕێك و پێك ترین تێكۆشانی لاوەكان چ لە باری زەمانی و چ لە باری چۆنیەتی و چ لە باری چەندیەتی یەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران

پەیدا بێ لەو ماوەیەدا حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی ئێران و کوردستانی بوژانەوە و تێکۆشانی نهێنی و نیوە نهێنی خۆیان دەست پێ کرد لە کوردستان حیزبی دیموکرات بوژایەوە و لە زۆربەی ناوچەکانی مهاباد دەستیان کرد بە جموجۆڵی پێکهێنانی کۆڕوو کۆبوونەوە و کاری ڕێکخراوەییان دەست پێکردەوە. ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی بڕیاردرابوو لاوانی دیموکرات لە ڕێگای حیزبی توودەوە نوێنەریان لە ڤیستڤاڵی جیهانی لاوان کە لە هاوینی ئەو ساڵەدا بەرێوە دەچوو بەشدار بێ بۆ ئەم مەبەستە لاوانی شاری مهاباد لە باغی مکائیل لە دەوروبەری شار چەندین کۆبوونەوەیان پێک هێنا یەکێک لەو کۆبوونەوانە لە ڕۆژی ١٥ی جوزەردانی ١٣٣٢ی هەتاوی بە دەستووری "موزەفەری" فەرماندەی تیپی مهاباد کەوتە بەر هێرش و لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لێکرا کە لە ئاکامدا یەکێک لە لاوەکان بە ناوی حەسەنی ڕەمەزانی شەهید و ژمارەیەکیش بریندار بوون، لاوەکان تەرمی ناوبراو هەڵدەگرن دەیبەنەوە نێو شاری مهاباد و بە ئیعتراز لەو کردەوە وەحشیانە خۆپیشاندانێکی بەرینیان وەرێ خست کە خەڵکی شار بە گشتی بەشداریان تێدا کرد ئەم خۆپیشاندانە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان یەکەم خۆپیشاندانی خەڵک بوو کە لە دژی ڕژیمی پاشایەتیبەرێوە دەچوو. ڕژیم دەستی بە گرتنی لاوەکان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات کرد و نزیکەی ٥٠کەسی دەستگیر کرد. خەڵکی مهاباد بە ئیعتراز لەو کردەوە وەحشیانەیە لە تلگرافخانەی نێو شار مانیان گرت و پەیوەندیان بە"دوکتور مصدق"ەوە گرت داوای ئازاد کردنی زینداندانیان و سزادانی عاملانی ئەو کردەوەیەیا ن کرد،سەرئەنجام مانگرتنەکەیان سەرکەوت و هەموو زیندانیان ئازاد کران دواتر لاوەکان چەند کەسێک یان وەک نوێنەری خۆیان هەڵبژارد تا لە فیستیڤاڵی سەرجەمی لاوانی ئێران لە تاراندا بەشدار بن. لەوێشەوە نوێنەرێکیان بۆ بوخارست پایتەختی وڵاتی ڕۆمانی نارد تا لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهانی لەو شارەدا بەشدار بێ.

بەدوای ڕووخانی حکوومەتی میللی دوکتور مصدیق دیکتاتۆری پاشایەتی بە چەشنێکی سامناک بەسەر وڵاتەکەماندا زاڵ بووەوە و دەرەتانی هەرچەشنە هەوڵ و تێکۆشانێک لە حیزب و ڕێکخراوە میللی و ئازادی خوازەکان بڕا لەو کاتەوە تا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی واتە ساڵی شۆڕشی بەشکۆی گەلانی ئێراین و ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی یەکیەتی لاوان و تێکۆشانی سیاسی لاوان لە گۆڕێ دا نەبوو بەڵام بە دەست پێ کردنی خۆ پیشاندان و شۆڕشی هەمەلایەنەی خەڵک لاوەکان دەستیان بە خەبات و تێکۆشان کردەوە لە ڕاستیدا ڕێک و پێک ترین تێکۆشانی لاوەکان چ لە باری زەمانی و چ لە باری چۆنیەتی و چ لە باری چەندیەتی یەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا و دوای ئەو شۆڕشە. لە زستانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا کە خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە دژی ڕژیمی پاشایەتی و زیاتر لە هەمووکات پەرەی گرت هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوەبوو کە جارێ تێکۆشانی ئاشکرای نەبێ. بەرێوەبەرایەتی حیزب هەوڵی دا لە ڕێگای ڕێکخراوە سنفی یەکانەوە ئامانج و مەبەستی خۆی بە خەڵک ڕابگەیەنێ و ڕێگا بۆ تێکۆشانی سیاسی خۆی خۆش بکا بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتا دا لە شاری مهاباد بە هۆی هێندێک لە خوشک و برا لاوەکان یەکیەتی لاوان و یەکیەتی ژنان دامەزرا و پاشان لە زۆربەی شارەکانی دیکەش ئەم سیاسەتە پەیڕەوی لێکرا و بەم جۆرە تێکۆشانی لاوەکان لە ڕێکخراوەیەکی سنفی دا بوژایەوە لەوکاتەدا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان کومیتەی دێ، ناوچە، شار و شارستانی لاوان پێک هات و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە لاوانی کورد هاتنە نێو ریزی یەکیەتی لاوانەوە کە ئەوکاتە بە ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نێوووبانگی هەبوو.

ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دا بە دژی خەڵکی کوردستان شەڕی ڕاگەیاند و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک پشتیوانی لێ دەکرد هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و لە ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵەدا خومەینی فەرمانی جیهادی بە دژی گەلی کورد ڕاگەیاند و فەرمانی بە هێزەکانی دا هێرش بکەنە سەر کوردستان لەو هەلومەرجەدا ڕێکخراوی لاوانی ئەوکات شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستیان دایە چەک و دیفاعیان لەمان و مەوجوودیەتی گەلی کورد دەکرد.

ڕۆژی ١٣٥٩/٣/١٩ی هەتاوی لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵوەشاوە ڕاگەیاندراو بڕیار درا یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێڕان پێک بێ، لە ڕۆژی یەک شەممە ١٣٥٩/٣/٢٥ی هەتاوی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستی بە تێکۆشانی خۆی کردەوە. یەکیەتی لاوان تا پووشپەڕی ساڵی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**١٣٦٠**ی هەتاوی کە کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی پێک هات ئۆرگانی بەڕێوەبەری نەبووە و لە ڕاستی دا یەکیەتی لاوان لە هەر ناوچەیەکی کوردستان دا بە ناوی یەکیەتی لاوانی ئەو شارە یا ئەو ناوچەیە تێکۆشانی هەبووە کە کۆمیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یارمەتی و ڕێنوێنیان دەکردن، بەڵام لە پۆشپەڕی ساڵی **١٣٦٠**ی هەتاوی دا بە پێشنیاری دەفتەری سیاسی یەکیەتی لاوان لە هەموو ناوچەکان نووێنەریان نارده کۆنفرانسێک کە بۆ ئەم مەبەستە پێک هاتبوو، لەو کۆنفۆانسەدا کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەری گشتی بۆ هەڵسووڕان و بەڕێوەبردنی یەکیەتی لاوان هەڵبژێردرا.

هەروەک کوترا کومیتەی بەرێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوان لە پووشپەڕی **١٣٦٠**ی هەتاوی دا دامەزرا تا ئەو کات لاوان ئۆرگانێکی بەڕێوەبەری نەبووە، بۆیە بە دوای هەڵبژاردن و دانانی کومیتەی بەرێوەبەری گشتی لەو کۆنفرانسەدا یەکیەتی لاوان توانی خاوەنی بەرنامەیەکی دیاری کراو لە تێکۆشانی خۆی دا هەبێ، گەڵاڵەیەک کە بەڕێوەبەری گشتی پەسەندی کرد بە نێوی گەڵاڵەی پەیرەوی نێوخۆی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران چاپ و بڵاو کرایەوە و بە شێوەیەکی باش و ڕێک و پێک بەرنامەی بۆ داڕێژرا و دەستی بە خۆرێکخستنەوە کرد.

لە خەزلوەری ساڵی **١٣٦٠** یەکەمین ژمارەی "لاوان" واتە ئۆرگانی کومیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەرچوو، ئەو گۆڤارە بە دوو زمانی کوردی و فارسی چاپ و بڵاو بۆتەوە بەڵام پاشان بەشە فارسیەکەی دەرنەچووە.

لە هاوینی **١٣٦١**ی هەتاوی دا کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر ناوچەی کوردستان بە تایبەتی ناوەندی کوردستان شەهیدی هەمیشە زیندووی گەلەکەمان د.قاسملووی مەزن سکرتێری گشتی حیزب



یەکیەتی لاوان لە چالاکیەکانیاندا لە دەرەوەی وڵات

ڕۆژەکانی **٢٠**ی خەرمانان تا **٢٠**ی ڕەزبەری ١ ٣ ٦ ١ی مانگی دیفاع لە ئازادی و مان و مەوجوودیەتی گەلی کورد ناودێر کرد و پەیامێک لە لایەن د. قاسملوو خوێندرایەوە کە لەم پەیامەدا ئەرکی بەش و توێژە جۆربەجۆرەکانی خەڵکی کوردستانی سەبارەت بەم هێرشە دەست نیشان کرد، سەبارەت بە یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران فەرمووی:"ئەندامانی یەکیەتی لاوان وەک جاران لە ریزی پێشەوەی دیفاع لە ئازادی بەشدار بن و لە هەموو بارێکەوە لەگەڵ تەشکیلاتی حیزب و هێزی پێشمەرگەدا هاوکاری بکەن.

یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ گەیشتن بەو ئامانج و و مەبەستانەی خۆی هەروەها ئەو ڕەسالەتە مێژوویيەی کە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی کەوتۆتە سەر شانی، لە هیچ تەنگ و چەڵمەیەک نەگەرایەوە و و بوێرانە سیاسەتە غەڵەت و نائوسولێکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بە پەرچ دایەوە و هەر لەو ماوەیەش دا وێرای سازماندان و پێگەیاندنی لاوانی کوردستان، بەردەوامیش بە چاپی ڕۆنیۆ گۆڤاری لاوان زمانحاڵی یەکیەتی لاوانیان چاپ و بڵاو دەکردەوە، لە نێوان ساڵانی **١٣٦٨** تا **١٣٧٣**ی هەتاوی، یەکیەتی لاوان بنکەو بارەگاکانی خۆی راگۆستە نزیک دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات و لەو ماویەش دا وێرای هەبوونی چالاکی جۆراوجۆر، دەتوانین ئاماژە بە خەباتی چەکداری ئەو ڕێکخراوە بکەین، کە لە ژێر فشاری سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی دا گەلی کورد لەو پارچەیە لە خاکەکەی دا بە ناچاری پەنای بۆ بردبوو.

پاش ئەوەی کە لە ساڵی **١٣٧٣** دا، ئەو یەکگرتوویی و هەماهەنگیە ئۆرگانیەی کە جاران یەکیەتیی لاوان هەیبوو، بەرەو لاواز بوون چوو و ئۆرگانی لاوان چاپ و بڵاو نەکرایەوە، یەکیەتی لاوان بە کردەوە کارو چالاکیەکانی راوەستا. بەڵام لە گەلاوێژی **١٣٧٨**ی هەتاوی دا لە سەر داوای کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرم و هەست کردن بە جێگەی بەتاڵی ڕێکخراوێکی تایبەت بە لاوان سەر لەنوێ یەکیەتی لاوان دەستی بە کارو تێکۆشان کردەوە و لاپەرەیەکی زێرینی دیکەی لە مێژووی خۆی کردەوە. بەرەبەرە ئەندام و لاینگرانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و بەرێوەبەرێکی گشتی هەڵبژایردرا و یەکەم ژمارەی دەوری دووهەمی گۆڤاری لاوان لە ساڵی **١٣٧٨**ی هەتاوی دا چاپ و بڵاوکرایەوە. لەگەڵ رێکخراوەکانی هاوشێوەی خۆی بە گشتی و ئەو رێکخراوانەی داکۆکی لە مافەکانی لاوان دەکەن لە کوردستان دا، پێوەندی بە تینی دامەزراند، یەکیەتی لاوان لە دەرەوەی وڵاتیش بە تایبەت لە ئوروپا کەوتە خۆی و کۆمیتەکانی دامەزراندەوە لاوانی کوردی لەو وڵاتانەدا لە دەوری خۆی کۆکردەوە، دوای زیاتر لە ساڵێک کاروتێکۆشانی بەرێوەبەری گشتیی لە **٤**تا **٦**ی بەفرانباری **١٣٧٩**ی هەتاوی دا یەکەم کۆنگرەی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێک هات.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین

ن: قادر وریا



**ئەرشەد نادری (ئازاد)**

مێرمنداڵێکی ١٤ ـ ١٣ ساڵە بوو کە یەکەم جار دیتم. بۆ پێشمەرگایەتی ڕووی کردبووە کومیتەی شارستانی شنۆو هێزی سمکۆ. بەڵام لە بەر کەم تەمەنی، ڕازییان کردبوو بچێتە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕات تا بەرەبەرە خۆی پێبگەیەنێ.

دەڵێن مرۆڤ لە برینی خۆیرا دەبێتە دوکتور. چونکە دەمزانی دایکی خۆم چی چێشتبووو چلۆن بۆ کوڕە مێر منداڵە ١٨ـ ١٧ ساڵەکەی کە ببووە پێشمەرگە، بە پەرۆش‌و نیگەران بوو، دایک‌و باوکی ئەویشم دەرک دەکرد. دەمزانی ئارەزوو دەکەن کەسانێکی دڵسۆز، سەرپەرستیی جگەرگۆشە مێرمنداڵەکەیان بکەن. بۆیە بە ئەرکی خۆم‌و هاوڕێیانی لەو بەتەمەنترم دەزانی ئاگامان لێی بێ‌و دڵسۆزو ڕێنوێن‌و خەمخۆری بین.

زستانی **١٣٦٢**ی هەتاوی بوو. بنکەمان لە "کێلێ"ی سەرشاخان بوو. "ئەرشەد" بە دابی ئەو کاتی یەکیەتیی لاوان ناوێکی خوازراوی بۆخۆی هەڵ بژارد بوو، کردبوومان بە "ئازاد"!. "ئازاد"ی ژیرو بەگوێ‌و وریا، تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەبوو کە ئەوەندەی دیکە، لە نێو ئێمەدا خۆشەویستی کردبوو: دەنگ‌خۆش بوو. بنەماڵەکەیان لە ئەسڵدا وابزانم خەڵکی قایری مەرگەوەڕ بوون‌و لە شنۆ گیرسابوونەوە. هەر بۆیە، گۆرانییەکانیشی هەموویان بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو بوون. گۆرانییەکانی "ئازاد" بۆ گەرم کردنی شەوانی زستانی دوورو درێژی سەرشاخان لە بنکەی پێشمەرگانەدا، نێعمەتێک بوون. لەو زستانە سەختەدا،"ئازاد" بە توندی نەخۆش کەوت. بردمانە ماڵێکی گەرم کە ئەندامانی بنەماڵەکە هەر هەموویان نموونەی دڵسۆزی بوون، بۆ ئەوەی لە ژاوەژاوی "مەقەڕ" بە دوور بێ‌و دەردەکەی لێ پیستر نەبێ. ڕۆژێکیان داوای دەفتەرو قەڵەمێکی لێ کردم، بە دڵم داهات کە ترسی مردن دایگرتووەو دەیهەوێ شتێک وەک وەسیەت بنووسێ. بەڵام بۆچوونەکەی خۆم نەدرکاند، گوتم بەڵکوو بۆ ئەمەی نەبێ. دەفتەرو قەڵەمەکەم بۆ بردو چەند سەعاتێک بە جێم هێشت. کە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوومەوە سەردانی، دەفتەرەکەی لەبن سەری بووو بۆخۆشی خەوی لێ کەوتبوو. بە ئاسپایی دەفتەرەکەم لە خۆم نزیک کردەوەو هەڵم دایەوە. لە لاپەڕەی یەکەم، وێنەی چاوێکی فرمێسک لێ هەڵوەریوی کێشابۆوە. لەولاتر وێنەی شەمێکی داگیرساوو شەمێکی خامۆش. لە بنەوەشیان نووسیبووی: " ای یار! شمع من خاموش، شمع تو روشن)).

زۆری بۆ نارەحەت بوومو زانیم بە هەڵە نەچووم. ڕاوەستام هەتا لە خەو هەستا. گوتم دەفتەرەکەتم چاو لێ کرد. بەڵام "ئازاد" گیان لە خۆڕایی وا بیر دەکەیەوە. شەمی تەمەنی تۆ دایسێو خەریکە باشتر دەگەشێتەوە. بەو دەواو دەرمانانەی نەخۆشخانەی سەرشاخان( کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دایمەزراندبوو)و هەروەها بەو هەموو خزمەتەی دایە.... (خانە خوێ) زۆر بەرەو باشی چووی. خەونێکی دیتبوو، ئەویشی بۆ گێڕامەوە کە من لە بیرم نەماوە. بەڵام گوتی ئەمڕۆ لە ڕۆژان باشترم. دوای چەند ڕۆژێک "ئازاد" چاک بۆوەو بۆوە بە کوڕە زیتو زیندووو هەڵسووڕەکەی جاران‌و هەر نارەی دەهات.

بەهاری **١٣٦٣**، لە "ئازاد" دوور کەوتمەوە، من لە ناوچەی ڕەبەت‌و ئەو لەسەر شاخان. دوای هێرشە بەربلاوەکەی ڕێژیم بۆ سەر ناوەندی کوردستان بە تایبەتی سەرشاخان، بیستم کە چۆتەوە نێو شار. **٥ ـ ٦** ساڵ دواتر کە ئەوسا ئیدی ببوو بە لاوێکی باڵابەرزی پێگەیشتوو، هاتەوە ڕیزی پێشمەرگە. بەوەفا بوو و ڕۆژانی پێکەوە بوون لە یەکیەتیی لاوانی هەر لە بیر بووو بەم بۆنەیەوە بە سەردان یا بە نامە نووسین، زوو زوو لێی دەپرسیم. "ئازاد" ئێستا پێشمەرگەیەکی چالاک‌و ڕێکوپێک بوو کە لە نێو پێشمەرگەکانی هێزەکانی کێلەشین‌و ئاگری‌و ڕۆڵە دێموکراتەکانی شنۆو شیمالی کوردستان دا، ببووە ناوێکی ناسراو. ببووە کادرێکی دەرمانیی سەرکەوتوو. دەنگ‌خۆشییەکەشی هەر مابوو، ئەگەرچی کەمتر لە جاران گۆرانیی دەگوت. بەڵام دیسان نەخۆشی ڕووی تێ‌کردەوە: نەخۆشیی ئەمجارەی، کورت‌خایەن نەبوو، بەڵکوو تا دەهات قووڵتر دەبۆوەو وازی لێ نەدەهێنا. نەخۆشییەکی خوێنی کە وەک دەگوترا لە کوردستان نموونەی نەدیترا بوو. هات‌وچۆی دوکتورەکان‌و دەست‌و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ ئازار، ببوو بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی "ئەرشەدی نادری"، بە جۆرێک لاوازی کردبوو کە مرۆڤ بەزەیی پێ‌دا دەهات.

ڕۆژێک هەواڵم پێ‌گەیشت کە بۆ کۆتایی هێنان بەم ژیانەی گوللەیەکی لە خۆی داوە. بەم گوللەیە نەمردو ساڵێکیتر دەست‌و پەنجەی لەگەڵا نەخۆشیی سەرەتانی خوێن نەرم کرد. سەرئەنجام ڕۆژێکی کۆتاییەکانی ساڵی **١٣٦٧**، خەبەری مردنی لە نەخۆشخانەیەکی شاری بەغدایە، پێمان گەیشت. لەگەڵا بیستنی خورپەیەک لە دڵم هەستا. ڕاست ئەو ڕستەیەم وەبیر کەوتەوە کە چەندین ساڵ پێشتر لەسەر شاخان لە نێو جێ‌و بانی نەخۆشی لە دەفتەرەکەیدا نووسیبووی:

ای یار شمع تو روشن، شمع من خاموش

# دووی ڕێبەندان

**ڕێبەندان هاتیەوە هاتنەوەت خێر بێ**
**دۆستانت شاد و دوژمنت کوێر بێ**
**یاخوا بەخێر بێی هەرچەند زستانی**
**مژدەی بەهاری ئازادیت هانی**
**بۆ ڕابردوومان هەر تۆ یادگار بووی**
**تۆ ڕووخێنەری کۆشکی زۆردار بووی**
**بەفر و بارانت، تەرزەو کرێوە**
**مژدەی ڕزگاریت بۆ کوردان پێوە**
**"لە ناو جێژناندا جوان و ڕووسووری**
**لێت موبارەك بێ جێژنی جمهوری"**
**لە دووی ڕێبەندان ئاڵا هەڵ کرا**
**بانگی ئازادیی کوردان لێ درا**
**ئاڵای سێ ڕەنگی بەرزی کوردستان**
**پاراستنەکەی فەڕزە لەسەرمان**
**بە گیان و بە ماڵ سوێند بێ بە قوڕئان**
**هەر دەی پارێزین وەك نووری چاومان**
**دوژمنی بەدفەڕ با دڵنیا بێ**
**هەر دەی پارێزێ تا کوردێك مابێ**
**بۆ ئەو سێ ڕەنگەی ئاڵای کوردستان**
**بوونە قوربانی سەدان پیر و جوان**
**لە یادتان نەچێ کیژان و لاوان**
**بە فیڕۆی نەدەن خوێنی شەهیدان**
**سەدانی وەکوو قازی و ئاوارە**
**مەرگیان قەبووڵ کرد پەت و سێدارە**
**با سوێندێك بخۆین ئێمەش وەك ئەوان**
**با سەرمان بڕوا نەك ئاڵاکەمان**
**کیژان و لاوان هەستن مەردانە**
**خۆی بۆ فیدا کەن ئاڵای خۆتانە**
**پیرۆز بێ ئەمڕۆ دووی ڕێبەندانە**
**کرمانجیش وێكڕا بۆی سەنا خوانە**

**ن: سید قادر**

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەڤین مەمەندی:
# لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی فینلاندی دا لە چەندین فێستیڤاڵو سمیناردا بەشداریمان کردووە

دیمانە: سەردەشت کوردستانی

## وتووێژی گۆڤاری "لاوان" لەگەڵ شەڤین مەمەندی بەرپرسی کۆمیتەی لاوان لە فینلاند

پ: سەرەتا پێمان خۆشە بزانین شەڤین لە کوێ لەدایک بووەو چەند ساڵە لە دەرەوە دەژی و جیا لە کاری لاوان ئێستا خەریکی چکارێکە؟

شەڤین مەمەندی تەمەنم ٢٣ ساڵە لە وڵاتی فینلاند دەژیم، نزیکی ١٧ ساڵە لەو وڵاتە دەژیم. من ئێسا خوێندکاری ساڵی سێی بەشی بیۆتێکنۆلۆژی زانکۆی شاری تۆرکۆم. بێجگە لە خویندنیش سەرقاڵی هێندێک چالاکی‌ترم بۆ نموونە بەرپرسی کومیتەی لاوانی فینلاندم، ڕاوێژکاری شارەوانی شاری تۆرکۆم، هەروەها ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لاوانی سەنتەری پارتی فینلاندم.

پ: لە کەیەوە چالاکیت لە ناو یەکیەتی لاوان دا دەست پێ کردوە؟

شەڤین مەمەندی: لە ساڵی ٢٠٠٥وە پێوەندی ڕاستەوخۆم بە یەکیەتی لاوانەوە هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٧ لە کۆنفرانسی "قاسملوو" وەک ئەندامی بەڕێوەبەری هەلبژێردرامو لە ساڵی ٢٠٠٩ وەکوو بەرپرسی گشتی کومیتەی فینلاند دەستم بە کار کرد.

پ: کومیتەی لاوان لە فینلاند چالاکی‌یەکانی زیاتر لە چ بوارێک دایە وا هەست ناکەن کە ئێستا چالاکیتان لە چاو ساڵانی ڕابردوو زۆر کەمە، دەکرێ بە وردی هۆکارەکانی باس بکەی؟



شەڤین مەمەندی

شەڤین مەمەندی: ئەو کارو چالاکیانەی کە هامان بووە بریتین لە: بەشداری و بەڕێوەبردنی زۆربەی مەراسیمە حیزبیەکان. کۆڕی سروودی لاوان و گرووپی هەڵپەڕکێی لاوان لە زۆربەی مەراسیمە حیزبیەکان دا ڕۆلیکی سەرەکی هەبووە. لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی فینلاندی دا لە چەندین ڤێستیڤاڵ و سمیناردا بەشداریمان کردووە. لە گەڵ سەنتەر پارتی فینلاندی چەندین چالاکی هاوبەشمان پێکەوە هەبووە و سەردانی پارلمانی فینلاند و چاوپێکەوتنمان لە گەڵ چەندین ئەندام پارلمانی فینلاند کردوە. کارو چالاکی‌یەکانی لاوان لە وڵاتی فینلاند بە گشتی لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا کزی بە خۆیەوە دیتووە. زۆرم هەوڵ داوە کە کێشەکان چارەسەر بکەم، بەڵام بە داخەوە بە هۆی کەم کاری دەستەی بەڕێوەبەری لاوان لە فینلاند و ساردی ئەندامەکانی لاوان لە فینلاند کێشەکان چارەسەر نەبوونە و ئەو کێشانە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەندامەکانمان لێمان دوور بنەوە.

پ: پێوەندیتان لەگەڵ ڕێکخراوە فینلەندی‌یەکان چۆنە؟ لەو بوارەوە چ هەوڵێکتان داوە؟

شەڤین مەمەندی: بەداخەوە لە بواری پێوەندی‌یەوە دەتوانم بڵێم بە شێوەی پێویست پێوەندیمان نیە لە گەڵ ڕێکخراوە فینلاندیەکان یان کوردیەکان. تەنها هێزێکی کە پێوەندیمان لەگەڵیان هەیە سەنتەر پارتی‌یە کە ئێستا چەندی کۆبوونەوەو دانیشتمان لە گەڵیان هەبووەو چەندین جاریش لە گەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی فینلاندی کۆبوونەوەو چالاکیمان هەبووە. زۆرمان هەوڵ داوە کە پەیوەندی لە گەڵ ڕێکخراوە کوردی‌یەکانی دیکە بگرین، بەڵام بە داخەوە جوابیان نەداوینەوەو بە راستیش نازانین هۆی وەڵام نەدانەوەیان چیە؟

وەکوو ئاخرین وتەی خۆم پێم خۆشە لەو هەلە کەڵک وەرگرم و داوا لە هەموو لاوەکان دەکەم کە بە دڵێکی فراوانەوە هاوکاری کومیتەکەمان بکەن و ئێمەش هەموو هەوڵێک دەدەین کە لە هەموو بوارێکەوە وەکو ناساندنی باشتری کولتووری کوردی یارمەتی دانیان بۆ تێکەڵاو بوون لەگەڵ سیستەمی وڵاتی فینلاند و بە تایبەتی بواری خوێندنەوە یارمەتیان بدەین.

لەکۆتایی‌دا هیوای چالاکی زیاترو سەرکەوتنتان لە کارەکاندا بۆ بەئاوات دەخوازین.

سپاسی ئێوەش دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان دا بەمن.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# بەسەر چوونی تەمەنی دیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست

ن:تاهیرمەولانی

ئەو ئاڵ و گۆرانەی ئەم دواییانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناڤین روویاندا بۆ سیستمە دیکتاتۆرەکانی ئەم وڵاتانە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. وەکوو هەمووومان دیتمان شەپۆڵ و گەردەلوولی گۆڕانکاری‌یەکان بە خیراییەکی ئێجگار زۆر بڕبڕەیی کۆشکەکانی هێندێک لە وڵاتانی دیکتاتۆڕی عەڕەبی تێک شکاند. بەڵام وا باشە لێی ورد بینەوە کە دەستپێکی ئەم گەردەلوولە هۆکارەکەی بۆ چ دەگەڕێتەوە. هەر وەک دەی بینین شەپۆلی نارەزایەتی‌یەکان وڵاتانی توونس، میسر، یەمەن و ئۆردونیشی گرتۆتەوە کە ماوەیەک ئەم گێژاوە لە ناو وڵاتانی عەڕەبی دا پەنگی دەخواردەوە. هەر وەک دەزانین وڵاتی توونس کە لە باکووری ئەفریقا هەڵکەوتووە، ماوەی **٥٠** ساڵە سیستمی دیکتاتۆڕی بەسەر خەڵکدا زاڵە. لە باری ئابووری‌یەوە وڵاتێکی بێ هێزو کەم دەرامەت و لە باری مەدەنی و رۆشەنگەری‌یەوە پلەی لە وڵاتانی دیکەی عەڕەبی بەرزترە. لە روویی گەشتیاریشەوە خەڵکانێکی زۆر روو لەم وڵاتە دەکەن، شوێنی توریستی و خۆش گوزەرانی‌یە، لە روویی دارایی نەوتەوە وڵاتێکی بێ‌نەوتە، هەر بەو هۆیەشەوە لە روویی ئابووری دەوڵەمەند نیە و بێ هێزە، بەڵام خەڵکێکی زۆری لە ژێر هێلی هەژاری و بێکاری دا دەژین، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سیستمی دادوەری و دێموکڕاسی کە خەڵکی ئەم وڵاتەی تووشی هەژاری و بێ کاری کردووە، چونکە دارایی ئەم وڵاتە تەنیا بۆ کاربەدەستانی ئەم حکوومەتە بووە، هەر وەک لە سەر میدیاکان دیتمان خێزانی "زین العابدین" کە ویستی لە رێگەی فرۆکەخانەوە هەڵێ، لە لایەن پۆلیسی توونسەوە دەست بەسەرکرا. وەکی دەگوتری نزیک بە **١٥٠٠** کیلۆ زێر کە بەشێک لە سامانی ئەو وڵاتە بوو، ویستی لە گەڵ خۆی بیباتە دەرەوەی وڵات، لە حاڵێکدا خەڵکی وڵات بە خاتری نان خۆیان بە ئاو و ئاگر دادەدەن. "زین العابدین بن عەلی" **٢٣** ساڵ بەسەر وڵاتی توونس دا حوکمڕانی کرد بە شێوەیەکی دیکتاتۆڕی. لە ماوەی ئەم **٢٣** ساڵەدا جم و جۆڵی هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان ڕاگیرابوو و هەر شێوە نارەزایەتی‌یەک لە لایەن دەسەڵات وکار بەدەستان بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرا و بە خراپ‌ترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ ئازادی خوازان دەکرد. هەتا کار گەیشتە ئەو جێگایەی کە لاوێکی ئەو وڵاتە کە زانکۆی تەواو و داوایی کاری کردبوو لە کاربەدەستان و دەزگا حکوومیەکانی ئەم وڵاتە، لەسەر ئەم داوا رەوایە بە توندی بەرەو رووی بیوونەوەو ئەشکەنجەیان دابوو. دوایی گەڕانەوەی ئەم لاوە بۆ باوەشی بنەماڵەکەی، هەڵ دەستێ دەست بە کاری میوە فرۆشی دەکا لە سەر شەقامەکان و نێو کۆڵانەکان. دوای ماوەیەک ئەم لاوە لە فروشگایەکی جەرگەیی وڵاتی توونس دا خۆ دەسووتێنێ و دەبێتە هۆیی لێدانی ئیستارتی نارەزایەتی دەربرینی خەڵک و دژایەتی لە گەڵ دام و دەزگا حکوومی‌یەکان و داواکردنی مافەکانیان لەم وڵاتەدا. هاوکات لەگەڵ خۆسووتاندنی ئەم لاوە خەڵک دەست بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەکەن کە لە ئاکامدا

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نارەزایەتی‌یەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر پەرەی ستاند تا توانی سەرنجی دنیای دەرەوە و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەی‌یەکان بۆ لای خۆیی ڕابکێشێ. "زین العابدین بن علی" سەرۆکی ئەو وڵاتە ویستی بە نەختێک قەول و بەڵێن بارودۆخەکە ئارام بکاتەوە، بەڵام قسەکانی هیچ ڕێگر نەبوون و کاریگەری لە سەر خەڵک دانە نا. "زین العابدین" ئەوەی کە چەند ساڵ لە دەسەڵاتداری دا دەبوایە بیگوتایە و بیکردبایە جێ بەجێی نەکرد و نەی توانی بیکا. "زین العابدین" هەڵات، بەڵام کابینەیی حکوومەت هەروەک خۆی مایەوە و خەڵکی وڵات زوو دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، لە دوای توونس ئەم گەردەلوولە ڕووی لە وڵاتی میسر کرد و دوای نارەزایەتی‌یەکی بەربڵاو کە هەموو شارەکانی ئەو وڵاتەی داگرتبوو، لە ئاکامدا لە سەر کار لابردنی "حوسنی موبارەک" "دەسەڵاتداری ٣٠ ساڵەی ئەو وڵاتە کۆتایی پێ هات و لە سەر کاریان لابرد وڵاتیان پێ بەجێ هێشت. هەر چەند "حوسنی موبارەک" نەی دەویست وەک "زین العابدین" زوو مەیدان چۆڵ بکا، ویستی بە مەیل و خواستی خۆی ئاڵ و گۆڕ بەسەر وڵاتی مسر دابێنێ، بەڵام خەڵک تەسلیمی قسەکانی "حوسنی موبارەک" نەبوون، تەنیا یەک خواستیان هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە "حوسنی موبارەک" وڵات بەجێ بێڵێ وکابینەکەی هەڵ بوەشێ. لە نیهایەت دا ئاڵ و گۆڕێکی کەم بەسەر کابینەدا هات، بەڵام خەڵکیان بە قەناعەت نەگەیاند، نارەزایەتی‌یەکان درێژەی کێشا لەسەر لابردنی "حوسنی موبارەک" ئێستاش خەڵک بە بەشێک لە ئامانج و خواستەکانیان گەیشتوون هەرچەند خەڵک تووشی زەرەری گیانی و ماڵی‌یەکی زۆر بوون، بەڵام هەر نەکشانەوە تا کابینەیی حکوومەت گۆڕدراو دەسەڵات تێک شکا. زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوو ترسیان لێ نیشتبووکە دەسەڵات بکەوێتە دەست ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان، بەڵام هیچ دەنگ و بۆنی ئیسلام گەرایی پێوە دیار نەبوو، هەرچەند هێندێک لە لایەن و بە تایبەتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ویستیان عەبای رەش بەسەر جووڵانەوەکان و شۆڕشەکانی وڵاتانی میسر و تووونس و وڵاتانی دیکەی عەرەبی دابکێشن، هەروەک خومەینی عەبای رەشی بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا کێشا و بەلارێی‌دا برد، بەڵام لە نیهایەت دا سەرکەوتوو نەبوون. بە لێک دانەوەی سەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت ئەم حەرەکەتانە وا بیر دەکەنەوە کە ئەوە ئیسلام وەخۆ کەوتووە، تووونس و میسر هەر وڵاتی ئیسلامیش بووبوون لە پێش و سەردەمی "زین العابدین" و "حوسنی موبارەک"یش، بەڵام بە پێی هەموو سەرچاوەکان شۆڕش و سەرهەڵدانەکان هی خەڵکە و سەر بە هیچ لایەنێک یا حیزبێک یا ئایدۆلۆژی‌یەک نین، ئەم شۆڕشانە بە شۆڕشی نان لە قەڵەم دران، شێوەیەکی ڕێژەییان لە گەڵ سەرهەڵدان و جووڵانەوەکانی پاش هەڵبژاردنی **٢٢** جۆزەردانی **١٣٨٨**دا هەبوو. بەڵام جیاوازی‌یەکی ڕوون و بەرچاوتر هەبوو لە نێوان جووڵانەوەی خەڵکی ئێران لە گەڵ خەڵکی تووونس و میسر، ئەویش ئەوە بوو کە شۆڕشەکانی میسر و تووونس ئابووری و سیاسی بوو، بەڵام لە ئێراندا یەکەم ئەو قین و نەفرەتە بوو کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ناخ و دروونی خەڵک دا پەنگی خواردبۆوەو دووهەم نەبوونی یاسایەکی ڕێک و پێک وکارگێڕ و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتەوە بە هەموو شێوەیەک و نەبوونی ئازادی بیروڕا، زاڵ بوونی سیستمێکی دیکتاتۆڕی مەزهەبی بەسەر خەڵکدا. ئەویش ئەوە بوو کە شۆڕشی تووونس ئابووری و سیاسی بوو، بەڵام لە ئێراندا سەرەتا یەکەم ئەو قین و نەفرەتە بوو کە بەدرێژایی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا لە ناخ و دەروونی خەڵکدا پەنگی خواردبۆە و دووەم نەبوونی یاسایەکی ڕێک وپێک و کارگێڕ. شۆڕشی جووڵانەوەی سەوز لە دزینی دەنگەکانی خەڵک لە هەڵبژاردەنی **١٣٨٨** دەستی پێ کرد کە ئەحمەدی نەژاد بە پشتیوانی ڕێبەری ئێران توانی ببێتەوە بە سەرۆک کۆمار، خەڵکی ئێران هەروەک خەڵکی تووونس ڕژانە سەر ، بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هێندە بە درندانە بەرەنگاریان بوونەوە کە بە دەیان و سەدان بریندار و کوژراوی لێ کەوتەوە، بە دەیان نووسەر، ڕووناکبیر، چالاکی سیاسی و هەزاران لاوی ئەم وڵاتە لە زیندانەکان و چاڵەرەشەکان دا حەشاردران و زۆری دیکەش ئاوارەی هەندەران بوون. بە خۆشی‌یەوە سەرانی ئۆپۆزیسیۆن واتە مووسەوی و کەڕووبی هەر نەکشانەوە و هەمووومان بە چاوی خۆمان زیندوو بوونەوەو دووبارە سەرهەڵدانی سەر لە نوێی جووڵانەوی سەوزمان لە رۆژەکانی **٢٥**ی ڕێبەندان، **١**ی رەشەمە و **١٠**ی رەشەمەی **١٣٨٩** هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە و ئەو بۆشای‌یە لە ناو ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات دا ماوەتەوە و بەرچاوە. رۆژێک هەر دێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەکوو "زین العابدین بن علی" و "حسنی مبارەک" ناچار بن پاشەکشە لە دەسەڵات بکەن و وڵاتی ئێران بەجێ بێڵن و سزای تاوانەکانیان وەربگرن. خەڵکی ئێران و بە تایبەتی چینی نوێ کە لاوانن بەشی هەرە زۆری دانیشتوان پێک دێنن و ناتوانن ئەو زوڵم و زۆرە قەبووڵ بکەن و لە چوارچێوەیەکی بەستراو و داخراودا ژیان بە سەر بەرن.

لاوان و گەنجانی ئێران زۆر لەوە کراوەترن کە سیستمی دیکتاتۆری مەزهەبی(شیعە) لە ناو ئێراندا قەبووڵ بکەن، هەتا ئێستاش لاوان و خەڵکی ڕووناکبیری ئێران چاو نەترسانە ویست و داخوازی‌یەکانی خۆیان دەربڕیوەو لە هیچ کەندوکۆسپێک نەپرینگاونەوە. بەڵام بەداخەوە بە ناحەزترین شێوە ئەشکەنجە و زیندان و تەنانەت ئێعدامیشیان کردوون و بەرەنگاریان بوونەوە. هەر خەڵکی ئەم وڵاتە بوو توانیان شای ئێران بڕەتێنن وئاڵو گۆڕی بەسەر وڵات دا بێنن ودەست شۆڕشەکەیان هێندێک مەلاو پاسدارو تیرۆریست دەی خۆن، ئێستاش لاوان و گەنجانی تازە پێ گەیشتوو کورو کچی ئەم خەڵکانەن کە لە ساڵی **٥٧** شای ئێرانیان بە چۆک داهێنا و ناچاریان کرد پاشەکشە بکات. ئێستاش لاوان دەتوانن دەرس‌و ئەزموون لە شۆڕشی ساڵی **٥٧** وەرگرن‌و کۆماری ئیسلامی بە چۆک دابێنن، خەڵکی ئێران هیچیان لە خەڵکی تووونس و میسرو وڵاتانی دیکە کەمتر نی‌یە، بەڵکوو مێژوو سەڵماندوویەتی کە گەلانی ئێران زۆر زیاتر بە ئەزموونتر و یەکگرتووترن، دنیای ئەمرۆ دنیای ئینتێرنێت و تەکنۆلۆژیاو ڕاگەیاندنە، واتە دەبێ بڵێن سەردەمی پێشکەوتن‌و پشکووتنە نەک دنیای دیکتاتۆڕی، دواکەوتوویی و سەرەڕۆیی.

ئەمرۆ میلەتان سیستمێک و دەسەڵات بە دەستێک و کاربەدەستێکیان دەوێت کە گوێڕایەڵی خواستەکانیان بێت نەک پێشێل کردنی مافەکانی کۆماڵگاو گەرانەوەی کۆمەڵگا بۆ سەدەکانی ناوین. هەر وەک مەسەلەیەکی فارسی هەیە دەڵێت: ((چوب خدا صدا ندارد)) ئەم نارەزایەتیانە کە باکووری ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ناوینی گرتۆتەوە ئەو شەپۆلە نارەزایەتیەی کە راست بۆتەوەو بە هەموو هێزیەوە بەرەنگاری دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان دەبێتەوەو ئەو سەرکردە خۆپەرەستانە کە لە دنیادا زاڵن بەسەر خەڵک داو مافەکانیان پێشێل دەکەن، دەبێ ئەوە بزانن کە رۆژێک ئەو گەردەلوول‌و باهۆزە تێکشکێنەرەی کە بە درێژایی مێژوو کۆشکی نادادپەروەرانەی دیکتاتۆرانی تێک شکاند یەخەی ڕێژیمی ئەوانیش لە هەر گۆشەو قوژبنێکی ئەم گۆی زەویەدا بن دەگرێتەوە.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بزووتنەوەی سەوز و هۆیەکانی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە

ن: ئارام محەممەدیان

تا چ ڕادەیەک ئەو ڕێژیمانەی ئیمرۆ، میراتگەری ڕەوای ئەو ڕێژیمانەن کە هەڵسان بە چەندین کودیتای سەربازی، یان شۆڕش، با نموونەیەک بێنینەوە. ئایا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ڕەوایی خۆی لە شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندانی ٥٧ وەرگرتووە، بە کردەوە نوێنەری ئەو شۆڕشەیە. بە تایبەتی پاش ئەوەی شاه دوو ڕەهەندی نێوخۆو دەرەوەی جێ هێشت، دانپیانان بە ئاڵ‌و گۆڕی لە وڵاتی ئێراندا ڕەت کردەوە. دەوڵەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران جگە لەوەی ئیسرائیل‌و ڕۆژئاوای ڕەت کردەوە مافی گەلانیشی پێشێل‌و سۆسیالیزمی ئایینی هەڵبژارد.

ئەو ئایدۆلۆژیە کە ئاکامەکەی بووە هۆی پچڕانی پەیوەندی لە گەڵ ئەم وڵاتانە. هەروەها قەیرانی دارایی وڵات کە بۆتە هۆی چەندین کیشەی نێوخۆیی و دەرەکی. هەروەها هەر ڕێژیمێک کە پابەند نەبوو بە ئەسڵەکانی دێموکراسی واتە، دەسەڵات لە دەست خەڵک دا نەبوو ئەوە ئەو ڕێژیمە دەکەوێتە چوارچێوەیەکی بەرتەسک کە لە نیهایەت دا لە نێو خودی دام و دەزگاکانی حکوومەت دا ناڕەزایەتیەکان سەرهەڵ دەدەن، کە ئەم ناڕەزایەتیانە هۆکارەکانیان بۆ چ دەگەڕێتەوە؟ لەو چەند خاڵە لاوازە کۆمەڵایەتی-یانەدا خولاسە دەبنەوە.

یەکەم: نەبوونی ئازادی بیروڕا دەربڕین.

دووەم: ناڕەزایەتی خەڵک لە حەوزە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و ئابووری‌یەکان،و بە هەڵس و کەوت و کردەوەی حاکمییەت لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا بە تایبەتی لە دەورەی ڕێبەری خامنەیی‌و هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد وەک سەرەک کۆماری وڵات کە ئاکامەکەی لە هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردانی



ساڵی ١٣٨٨دا بۆمان دەردەکەوێ کە دەنگی خەڵک فیدای عەبای مەلاکان کراو ناڕەزایەتی‌یەکی بەرینی لێ کەوتەوە کە زیاتری تەیف و چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و هەموو نەتەوەکانی ئەم چوارچێوە سیاسی‌یە جوگرافیاییە تێیدا بەشداربوون کە بە جووڵانەوەی هەمەڕەنگ ناوزەد کراو، بە سەوز خۆی داپۆشی. ئەم بزووتنەوەیە کە هەر بەرەو پێش دەڕوا وەک منداڵێکی ساوا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەستێنێ و بەرەو گەشەکردن دەچێ‌و ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆش دەکا. خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران کە لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا هەڵس و کەوتی دەزگا سەرکوت کەرەکانی ڕێژیمیان لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک دەدی، ئەم هەڵبژاردنە بووە هۆی ئەوەی کە دەنگە خەفەکراوەکان هاواری خۆیان بەرز بکەنەوە. ئەم هەڵبژاردنە و دوو ڕێبەرە ناڕازیی‌یەکەی واتە میرحوسێن مووسەوی‌و مەهدی کەڕرووبی بوون بە بیانوویەک کە خەڵک قسەی دڵیان و ویست و داخوازییەکانیان بێننە گۆڕێ.

ئەوە بوو کە هەر لە ڕۆژەکانی یەکەم و سەرەتای ئەم بزووتنەوەیە بە ملیۆنان خەڵکی ناڕازی بە دروشمی "دەنگی ئێمە، بوونی ئێمەیە" هاتنە سەر شەقامەکان‌و ڕێ پێوانیان دەست پێ کرد کە لە ئاکامدا زنجیرەیەکی پتەو لە نێو ئەم بزووتنەوەیەدا دروست بوو. ئێستا ڕێبەری ئەم بزووتنەوەیە و ویست و ئیرادەی هاوبەشی هەموو گەلانی ئێرانە، ئامانج هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک کە دەسەڵات لە دەست خەڵک دابێ. شایانی باسە کە لاوانی ئێران تا ئێستا بۆ پەرەپێدان بە ئەم بزووتنەوەیەو گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانیان لە گیانی خۆیان گوزەراون بۆ وێنە هەر لە ڕۆژی یەکەمی ئەم بزووتنەوەیە ٧ کەس کوژران و٢٩ کەسیش بریندار بوون کە هەموویان لە چینی لاو بوون. هەروەها لاوانی کوردیش ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبووە لەم بزووتنەوە جەماوەرییەدا. ئەوەی کە روون و بەرچاوە لە پارێزگاکان‌و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ژمارەیەکی زۆری لە لاوانی رووناکبیرو تێگەیشتووی وڵاتەکەمانی خستۆتە ناو بەندی خانەو ئەشکەنجەی کردوون.

***





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# شۆڕشی رۆشنبیری

## وەرگێڕان لە نۆرویێژییەوە: ناسرقادرپوور

شۆڕشی رۆشنبیری، بەشیکە لە شۆڕشی سۆسیالیستی و، لە گەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستیدا دە ست پێ دەکا. ئەرکی شۆڕشی رۆشنبیری ئەوەیە کە رۆشنبیر بکات بە رۆشنبیری نەتەوەیی لەو ریگایانەی خوارەوەدا:

١: بە موڵکی کردنی هەموو سامانە گیانیو دەسکەوتەکانی زانست و هونەر بە گە ل، واتە خەڵکی

٢: بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکردن و ڕۆشنبیری هەموو جەماوەری رەنجدەران و کردنەوەی بوارێکی بەرفرەوان لە بەردەم بەرە میللییەکانو پەرەسەندنی تەواوی هێزەدا نوێنەرەکانی خەڵکی دا.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەش دەوڵەتە سۆسیالیستەکان هەموو دامەزراوە رۆشنبیرییەکان و هۆیەکانی کار تێ کردنی گیانی لە سەر خەڵک، خۆماڵی دەکەن و دەیان خەنە ژیر دەست تەواوی گەڵ، وەک شانۆکان، موزەخانەکان، سینەماکان، وێستگەی رادیو و تەلەڤزیون، رۆژنامەگەریی و ... هتد، هەروەها دامەزراوی نوێ دروست دەکە ن و مەسەلەی فێر کردن و پەروەردەکردنی بە کارێکی سەرەکی خۆیان دادەنێنو، دامو دەزگا فێرکارییە گشتییەکان دەخەنە دە ست خەڵکی. بەم جورە تونایەکی فرەوان لە بە ردەم کرێکاران دەکریتەوە کە هەرگیز وێنەی نەبووە، لە پێناوی بایەخ دان بە دەست کەوتەکانی رۆشنبیری مرۆڤایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە کردنی گشتی.

### شۆڕشی کۆمەڵایەتی

شۆڕشی کۆمەڵایەتی گەورەترین گۆڕانکارییەکە لە ژیانی سیاسی و ئابووری ئایدۆلۆژیی کۆمەڵ دا کە بەوەوە چینە دەسەڵاتدارەکان بە چەشنی دەوڵەتەکان دەگۆڕدرێ و، پەیوەندییە کۆنەکانی بەرهەم هێنان لە ناو دەچنو پەیوەندی نوێی بەرهەم هێنان جێگایان دەگرنەوە.

شۆڕشی کۆمەڵایەتی دیاردەیەک نییە کە لە خۆڕا یان بە پێی خواستی چەند کەسانیک ڕوو نادا، بەڵکوو دیاردەیەکی سروشتی یاساییە لە ئەنجامی پیشکەوتنی هەل و مەرجی ماددی ژیانی کۆمەڵگا لە قۆناغیکی دیاری کراوی پیشکەوتوودا و

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له ئەنجامی ناکۆکی‌یە نێو خۆییەکانەوە سە رهەڵ دەدا.

مارکس باسی هۆیەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دە دکا و دەڵێ: "هێزە بەرهەم هێنەرەکان لە پلەیەکی دیاری کراوی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌دا دەکەونە ناکۆکی‌یەوە لە گەڵ ئەو پەیوەندی‌یانەی بەرهەم هێناندا کە تا ئەوساتە هێزە بەرهەم هێنەرەکان لە چوارچێوەی ئەودا پێش دەکەون.

پەیوەندییە کۆنەکانی بەرهەم هێنان لە شێوەی پێشکەوتنی هێزە بەرهەم هێنەرەکانەوە بۆیان دەبن بە کۆت و پێوەند بە تەواوی ئەلەم کاتەدا لە سەردەمی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دا دەست پی دەکا. بەم جۆرە پێک دادانی نێوان هێزە نوێیەکانی بەرهەم هێنەر و پەیوەندییە کۆنەکانی بەرهەم هێنان بنچینەی ئابووری شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌یە. بەڵام چینە کۆنە پەرەستەکان هەروا بە سووک و سانایی دەست بەرداری دەسەڵاتەکەی خۆیان نابن، هەموو هێز و توانایەک و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانیان دەخەنە کار بو ئەوەی بەرگری لە پەیوەندییە کۆنەکانی بەرهە م هێنان و بەرژەوەندی‌یە چینایەتیەکانی خۆیان بکەن. کە ئەمەش پێویستی بە چینێکی نوێی شۆڕشگێڕ هەیە لە روویان ڕابوەستێ و دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست. سەرکەوتن و ژێر کەوتنی

**شۆڕشی کۆمەڵایەتی دیاردەیەك نییە کە لە خۆڕا یان بە پێی خواستی چەند کەسانێك ڕوو نادا، بەڵکوو دیاردەیەکی سروشتی یاسایە**

پەیوەندییە نوێیەکانی بەرهەم هێنان لە ئەنجام دا بە دەسەڵاتی سیاسیەوە بەندە، بەم جۆرە مەسەلە وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵە ت، لە هەموو شۆڕشێک دا مەسەلەی سەرەکیە.

بۆ ئەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕووبدا پێویستە کۆمەڵێک مەرجی زاتی و مەوزوعی هەبن کە بە هەموویان باری شۆڕشگێڕیی دەخولقێنن، ڕواڵەتەکانی باری شۆڕسگێریش هەر ئەمانەی دیاری کردوون بەم جۆرەن.

ئەلف: چینە حوکمڕانەکان ناتوانن بە شێوەی کۆن بژین و حوکم بکەن، هەروەها چینە چەوساوەکانیش هێندە بێزار بن کە نەیان هەوێ بە شێوەی کۆن بژین.

ب: تەشەنەکردنی بی سنووری نەداریو کلۆڵی لە نێو چینە چەوساوەکان دا.

ج: بە هێزبوونیکی گەورەی چالاکی جەماوەری نەتەوەیی.

بەڵام بە تەنیا ئەم هۆیە مەوزوعیانە مەرج نیە ببنە هۆی ڕوودان و سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو لە پاڵ ئەمانەدا پێویستە هۆی زاتیش پێ بگات. واتە چینی شۆڕشگێڕ ئامادە بێ و بتوانێ بە رادەیەک کاری شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ئەنجام بدا کە ڕێژیمە کۆنەکە تێک بشکێنێ یان لاوازی بکا.

شۆڕشی سەرکەوتووی سۆسیالیستی تەنیا ئەو کاتە دەبێ کە چینێکی کرێکاری ڕێک و پێک و وشیاری هەبی کە دۆستە دەست پاکەکانی هاوپەیمانی بن و کە حیزبێکی مارکسیستی قاڵ بووی تێکوشان سەرکردایەتی شۆڕش بکا.

دوا جار بو ئەوەی بە وردی گەوهەری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بناسین پێویستە بزانین کام چین دەسەڵاتی سیاسی وەردەگرێ و ئەم شۆڕشە بەرپا دەکا. هەروەها دەبێ بزانین لە ئەنجامی شۆڕشەکەدا کام چەشنە پەیوەندی‌یە بەرهەم هێنان بەرهەم دەچەسپێ، چونکە ئەو شۆڕشانەی کە دەسەڵاتی دەرەبەگەکانیان بە دەسەڵاتی بورژوازی گۆڕی و بەم پێیە پەیوەندی‌یەکانی

**شۆڕشی کۆمەڵایەتی گەورەترین گۆڕانکارییەکە لە ژیانی سیاسی و ئابووری ئایدۆلۆژیی کۆمەڵ دا کە بەووەوە چینە دەسەڵاتدارەکان بە چەشنی دەوڵەتەکان دەگۆڕدرێ و، پەیوەندییە کۆنەکانی بەرهەم هێنان لە نێو دەچن و پێوەندیی نوێی بەرهەم هێنان جێگایان دەگرنەوە**

بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییان لە جێگای پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی دەرەبەگی دانا ئەوا ئەم شۆڕشانە لە گەوهەردا شۆڕشی بورژوازین.

لە کاتێک دا ئەو شۆڕشانەی کە دەسەڵاتی بورژاوازی و سەرمایەدارانیان لە ناوبردووەو دەسەڵاتی کرێکاران و زەحمەت کێشانیان چەسپاندووە، هەروەها پەیوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری‌یان نەهێشتووەو لە شوێنی ئەودا پەیوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنانی سۆسیالیستیان دامەزراندووە و ئاوا ئەم شۆڕشانە شۆڕشی سۆسیالیستین کە شۆڕشیکن بو هەتا هەتایە هەموو چەشنە چەوساندنەوەیەکی مرۆڤیان لە لایەن مرۆڤەوە بنبڕ کردووە.

سەرچاوە:

Sosilogi og perspektiv/Harald baldsheim


www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کەونە Z

ئا. هەژیرعەبدوڵڵاپوور




خوێنەرانی بەڕێز، لەم ژمارەی گۆڤاری لاوانەوە، بە دانانی چەند لاپەڕەیەك لە ژێر ناوی "کەونە Z" هەوڵ دەدەین کە هەر جارەو گۆشەیەك لە نیشتمانی خۆشەویستی کوردستان بە ئێوەی بەڕێز بناسێنین، کە تێیدا باس لە ناساندنی پارێزگایەك بە گشتی، یان شارستانێك بە تایبەتمەندی و شوێنەوارە مێژوویی و کەونارەکانی‌یەوە، یان ئاسەوارێکی گرینگی مێژوویی سەردەمانی کۆن و بە گشتی هەر شتێك کە پێوەندیی بە نیشتمانی کوردانەوە هەبێ، دەکەین. بۆ ئەم ژمارەیەش تیشك دەخەینە سەر پارێزگای ئیلام و بە شێوەیەکی گشتی ئەم ئوستانەتان پێ دەناسێنین‌و لە ژمارەکانی داهاتوودا بە شێوەیەکی وردتر باسی ئەو دەڤەرە دەکەین.

## بەردنووسەکانی پارێزگای ئیلام



خوێنەرانی بەڕێز، لە بڕگەی ئەمجارەی "کەونە زێد"دا هەوڵ دەدەین، بەشێکی چووکە لە ئاسەواری باستانی و مێژوویی دەڤەری ئیلام واتە بەردنووس (سنگ نوشته)کانی ئەو ناوچەیە بە ئێوە بناسێنین، هیواداریین توانیبێتمان تارادەیەک تیشکمان خستبێتەسەر ئەو بەشە لە کەلەپوور و ناسنامەی نەتەوەکەمان.

پێشەکی

بەردنووس یان لەوحە بەردینەکان؛ تاشەبەرد، کاشیکاری یان ڕوویەکی دیکەیە کە زیاتر ڕووداوێکی مێژوویی لە سەر هەڵدەکۆڵدرێ یان دەنووسرێ و باشترین ئامرازی کردنەوەی ڕەمز و نهێنییەکانی مێژوون.

بەردنووسەکان یەکێک لە کۆنترین ئاسەواری مێژوویی و هونەری بەجێماو لە مرۆڤن، بە دەربڕینێکیتر دایکی مێژوو، هونەر، زمان، خەت، ئوستوورەکان و کولتوورەکان، بەردنووس و بەردوێنەکانن. ئەوەی ئێمە ئەمڕۆکە وەک مێژوو، هونەر، زمان، خەت، ئوستوورەکان و هتد دەیبینین، هەموویان لە بەستێنی بەردنووس و بەردوێنەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم ئاسەوارانە، لەو بەڵگە و دیکۆمێنتە سەرەتایی و یەکەمانەن کە توێژەران و لێکۆڵەران لە گەڵ کولتووری ناوچە جیاکان لە کات و ساتە جیاوازەکاندا ئاشنا دەکا. پێشینەی هێندێک لەو لەوحە بەردینانە دەگەڕێتەوە بۆ چل هەزار ساڵ لەمەوبەر، ئەوە لە حاڵێک دایە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە تاکوو ئێستاش نەیتوانیوە هیچ دیاردەیەکی مێژوویی و هونەری دیکە بەو مێژینەیەوە بدۆزێتەوە. هەر بەم هۆیەیە کە لەوحەبەردینەکان بایەخ و گرینگی تایبەتییان هەیە و کوردستانیش یەکێک لەو ناوچانەیە کە ئاسەواری زۆری لەو چەشنەی تێدایە کە هێماو مۆرکی کوردانی لە سەر نەخشێنراوەو بەشێک لە بەسەرهاتی دەسەڵاتداران و میرانی کورد دەگێڕێتەوە، کە مخابن بە هۆی فاکتەری ئاو و هەوا و پشت‌گوێخستن و کەمتەرخەمی دەسەڵاتداران بەشێکی زۆریان بەرەو کڕووسانەوە و داخوران چوون.

هەر لەم نێوەدا پارێزگای ئیلام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بوونی ئاسەواری مێژوویی جۆراوجۆر بە یەکێک لە پارێزگا مێژووییەکانی ئێران دەژمێردرێ، کە لەو پارێزگایەدا بەردنووسەکان ڕۆڵێکی زۆر گرینگ لە پێناس و ناسنامەی و مێژوویی نەتەوەی کورد لەو دەڤەرەدا دەگێڕن.

بەردنووسی ئاشووری (گل گل) مەلەکشاهی

بەردنووسی ئاشووری (گول گول) مەلەکشاهی لە ٨ کیلۆمیتری شارستانی مێهران و لە سەر دیواری خۆرهەڵاتی تەنگەڵانێکی بچووک لە نزیک ئاوایی گول

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گول له ٢٥ کیلۆمیتری ئیلام هەڵکەوتووە.
ئەم بەردنووسە بە خەتی بزماری و بە زمانی ئاشووری، لە سەر دیواری تاشەبەردێک بە ئەندازەی ٩٠ لە ١٣٥ سانتی‌میتر و بە شکڵی لاکێشە و بە شێوەی ئەستوونی هەڵکەوتووە و لە ناوەڕاستیشیدا پاشایەکی ئاشووری بە بەرزی ١٣٥ سانت و بە شێوەی نیوڕوو هەڵکۆڵدراوە کە کڵاوێکی قووچەکی لە سەرە و ردێنێکی درێژی هەیە کە دەگاتە سەر لاقەکانی و شمشێرێکی پێیە کە لەو سەردەمانەدا هێمای هێز بووە. هەر لە نزیک تەوێڵی ئەو پاشایە وێنەیەکی شەوێندراو لە گەڵ وێنەی مانگەشەوێک بەرچاو دەکەوێ کە ڕەنگبێ هێمای خوایانی ئاسمانی بێ کە بە بۆچوونی ئاشوورییەکان ئەو خودایانە یارمەتییان داون تا لە شەڕەکاندا سەربکەون. تا ئێستا بە ڕوونی دەرنەکەوتووە کە ئەم وێنەیە هی کام لە پاشایانی ئاشوورییە، بەڵام هەندێ کەس پێیان وایە کە هی "ئاشوور بانی پاڵ"ە کە سەرزەوی ئیلامی کۆنی داگیرکردوە و پێشینەی مێژووەکەی بۆ نزیک ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە و هەندێکیش پێیان وایە کە هی "سارگێن" دووەم پاشای ئاشووریە، چونکە ئەویش کاتی خۆی ناوچەکانی باکووری خۆراوا و بەشێک لە خۆراوای ئیران تا دەگاتە گۆلی ورمێی داگیر کردووە. مەودای نێوان دێڕەکانی ئەم لەوحە بەردینەیە بە هۆی هێڵێکی ئاسۆیی زەقەوە لێک‌جیا دەکرێنەوە. ئەم ئاسەوارە مێژووییە ٢٧٠ سانتی‌میتر لە زەوییەوە بەرزە. دەقی نووسراوەی سەر بەردنووسەکە باس لە گرتنی ئیلام و لوڕستان واتە پێگەڕ (قلمرو) ی کاسییەکان لە لایەن ئاشوورییەکانەوە لە هەزاران ساڵ بەر لە زایینەوە دەکا. لە دەقی بەردنووسەکەڕا دەردەکەوێ کە ئاشوورییەکان هەمیشە چاوی تەماحیان لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی حکوومەتەکەی خۆیان واتە سەر زەوی ئیلام بڕیوە و هەر کاتێک بوارەکە ڕەخسابێ، دەستیان بە هێرش بۆ سەر ئەو مەڵبەندە کردووە. ئەم ڕەوتە بە شێوەی فەرهەنگی داگیرکاری تەشەنەی کردۆتە بیر و زەینی منداڵانی پاشایانی ئاشووری و چەکەرەی کردووە. ئەم ڕاستییەش لە ڕوخساری پاشایانی ئاشووری کە لە سەرزەوی ئیلام دا هەڵکۆڵدراون دەردەکەوێ و ئەو بەردوێنانە بە ڕوونی خوو و خدەی شەڕخوازی و تەماحی هەمیشەیی ئەوان بۆ ئەو سەرزەوییە دەردەخا. لە بەشێک لە سەر ئەم لەوحە بەردینە نووسراوە: خوایانی مەزن لوتفیان کردووە و لە کۆبوونەوەی خۆیاندا منیان لە سەر تەختی پاشایەتی باوکم دانا و زاڵبوون بە سەر زەوییان بە من سپارد.

***

بەردنووسی تەختی خاتوون

تەختی خاتوون یان تەختی خان ناوچەیەکی خۆش ئاو و هەوایە و لە سەر ڕێگەی ئیلام بۆ مێهران و لە ناوچەی گشتی ساڵحاوادا هەڵکەوتووە. ئەو شوێنە جگە لە هەبوونی کانیاوی سارد و ڕوون، بە هۆی هەڵکەوتن لە داوێنی چیای "نەخجیر" لە باری دەستڕاگەیشتن بە ئاژەڵی کێوی و بوونی دار بەڕوو بۆ سووتەمەنی، شوێنێکی باش و لەبار بووە بۆ پشوو و حەسانەوە و سەیرانگەی میرانی(والیان)ی ئیلام.
مانەوەی زۆری خانی والی و هاوڕێیانی هەر ساڵەو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە تەختی خاتوون (کە وێدەچێ بە هۆی خۆشەویستی زۆری خان بۆ یەکێک لە هاوسەرەکانی ئەو شوێنەی ناونابێ "تەختی خاتوون") و دواتر ناوی "تەختی خان"ی لە سەر دانرا، بووە هۆی ئەوەیکە غوڵامرەزاخانی والی لەو هەلە کەڵکی وەرگرێ و فەرمانی نووسینی لەوحەیەکی گەورە و گرینگی لەو شوێنە دا.
گرینگی و بایەخی ئەم بەردنووسە جگە لە جوانی خەت و دەقەکەی، هەڵگری زانیاری زۆریشە کە باس لە ڕابردووی میران و ئەرکی ئاوەدانکاری ئەوان دەکا، شتێک کە لە لەوحە بەردینەکانی دیکەدا تەنیا بە شێوەی کورت و خێرا ئاماژەی پێکراوە.
دەقی نووسراوەی سەر بەردنووسەکە لە سەر تاشە بەردێکی زۆر گەورە، ئەستوور و شەش‌پاڵووئاسا (مکعبی شکل) و بە لای خۆراوادا و لە بەرزی دوو میترو نیوی سەر زەوییەوە هەڵکەوتووە. نمای گشتی بەردنووسەکە بە فۆڕمی لاتەریب (متوازی الاضلاع) یکە بە قەوارەی ١٤٥لە١٩٠ سانتی‌میتر کە لە سەرەتا دا بە مەبەستی سازکردنی ڕوویەکی ساف و تەخت نزیکەی ٢ سانتیان تاشیوە، ئینجا بە هەڵکۆڵین و تاشینی دووبارە پیت و وشەکانیان زەق و قیت کردۆتەوە.
دەقی سەر بەردنووسەکە لە جۆری خەتی نەستەعلیقی شکستەیە کە لە باری نووسین و هەڵکۆڵینەوە بە یەکێک لە جوانترین بەردنووسەکان دەژمێردرێ و باس لە مێژووی ئیلام و دەسەڵاتدارانی ئەو دەڤەرە دەکا.

**

بەردنووسی نەخجیر یان سەرتەزێن

کانی سەرتەزێن لە داوێنی خوراوای چیای نەخجیر لە بەشی ساڵحاوا هەڵکەوتووە. ئەم ناوچەیە بە دارگەلی وەک بەڕوو، گۆێژ،



www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەن و چەند جۆر داری دیکە داپۆشراوە. هەر لەو نزیکانە و لە جێیەکدا کە خۆرەتاو لە لابەلای دارە بەرزەکانی دەشتەکانی بەشی "مێهران سوو" دەیەوێ کەلێنێک بۆ هاویشتنی پڕشنگەکانی بدۆزێتەوە، بەردنووسێک بەرچاو دەکەوێ کە بە ئەلف و بێیەکی سادە و ساکارترین ئیمکانات لە دڵی تاشەبەردێکدا هەڵکۆڵدراوە و ناوەکەشی هەر لەو کانییەوە وەرگیراوە.

هەروەک لە دەقی بەردنووسەکەدا هاتووە، غوڵامڕەزاخانی والی ئەوی بە کوڕەکەی واتە یەدوڵڵاخان ناسراو بە "ئەشرەفولمولک" پێشکەش کردووە. دەقی بەردنووسەکە لە سەر نمای خۆراوای تاشەبەردێک و بە بەرزی ١،٥ میتر لە ئەرزەوە، هەڵکۆڵراوە. ڕووی ناڕێک و سیقاڵنەدراوی بەردەکە و هەروەها ئەو قەڵشتە گەورەیەی کە بەشێوەی ئاسۆیی لە بەردەکەدا هەڵکەوتووە، بۆتە هۆی ئەوەیکە دەقی بەردنووسەکە لە سێ بەشی جیادا بنووسرێ. خەتەکەی بە شێوازی هەمیشەیی سەردەمی غوڵامڕەزاخانی والی، واتە نەستەعلیق بووە و دیسانەوە بە هۆی مەودا و فەزای کەم و هەروەها نووسینی جوانیناسانەی پیت و وشەکان لە مەودایەکی کەم و بەرتەسکدا، وشەکان چوونەتە ناو یەک و تێکترنجاون. هەروەها بە هۆی هۆکاری سروشتی و مرۆیی و کەمتەرخەمی دەسەڵاتدارانەوە ژمارەیەک لە پیتەکان هەڵوەریون و ئەمانەو ناپتەوی و خراپی جنسی بەردەکەش، خێراییەکی زیاتری داوە بە ڕەوتی خراپبوون و داخورانی بەردنووسەکە.

دەقی سەر بەردنووسەکە بەمجۆرەیە:

شنیدم کە جمشید فرخ سرشت
بسر چشمە بر سنگی نوشت
در این چشمە چون ما بسی دم زدند
برفتند چون چشم بر هم زدند
فی سنە ١٣٢٧

پێویستە بگوترێ کە ئەم بەردنووسە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی قاجار دەگەڕێتەوە



تا ئێستا وەک ئاسەواری مێژوویی تۆمار نەکراوە و بە هۆی ئاوڕلێنەدانەوە و کەمتەرخەمییەوە لە حاڵی خراپبوون و دارمان دایە.

***

بەردنووسی قووچەعەلی

ئەم ئاسەوارە لە سەر نمای باشووری تاشەبەردی چیای هەنار و ناوچەیەک بە ناوی "تەنگەڵانی قووچەعەلی" لە باکووری ئیلام هەڵکەوتووە. نووسراوەی سەر ئەم لەوحە لە قەوارەی ٥٠لە٧٠ سانتیمیتر و لە سەردەمی قاجار و حکوومەتی والیانی پشتکۆدا هەڵکۆڵراوە. بەرزییەکەی لە ئاستی زەوییەوە نزیکەی چوار میتر و نیوە و دەستڕاگەیشتن پێی کارێکی دژوارە.

ئەو خەتەی کە دەقی سەر بەردنووسەکەی پێنووسراوە لە جۆری نەستەعلیقە و وەک لەوحە بەردینەکانیتری غوڵامڕەزاخانی والی جگە لە جوانی پیتەکان، بە هۆی فەزا و مەودای کەمەوە وشەکان لە فەزایەکی چووکەدا خڕکراونەتەوە.

***

بەردنووسی قەڵای والی شاری ئیلام

پاش سازکردنی قەڵای حسێنئاوای ئیلام لە ساڵی ١٣٢٦ی کۆچی هەتاوی، غوڵامڕەزاخانی والی فەرمانیدا بەردنووسێک بە درێژی ١٨٠ سانتیمیتر و پانی ٣٤ سانت و بارستایی ١٤ سانتیمیتر بە باشترین شێوە سازبکەن و هەڵیکۆڵن. ئەم بەردنووسە بە خەتی نەستەعلیقی زەقە و لە حەڤدە دێڕ و بە مەودای وەکیەک و ڕێکوپێک و لە کادری لاکێشەییدا نووسراوە و لەو سەردەمانەدا لە سەرەوەی دەرگای چوونەژوورەوەی قەڵای والیشاری ئیلام داکوترا کە لە کاتی شەڕی ئێراق و ئێران و بۆمبارانی فڕۆکەکانی ئێراقی دەکەوێتە خوارێ و ئێستا لە شوێنێکی دیکەی قەڵاکە پارێزراوە.

**

بەردنووسی مەیمە (بەشی زەڕینئاوا)

لە لای باکووری شاری مەیمە و لە ناوچەیەک بە ناوی سەراب ژمارەیەک تاشە بەردی زۆر گەورە و زاڵ بە سەر بەشی خۆرهەڵاتی ڕووباری مەیمە هەڵکەوتوون. لە سەر نمای باکووری خۆراوای یەکێک لەو بەردانە کە نزیکەی ٣ میتر بەرزە و دوو میتر و نیویش پانە، لەوحێک بەرچاو دەکەوێ کە بە شکڵی قووچەکی پێچەوانە هەڵکۆڵراوە. بەردنووسەکە لە سێزدە دێڕ پێکهاتوە و مەودای نێوان دێڕەکان بە هێڵێکی ئاسۆیی لێکجیا کراوەتەوە.

جۆری نووسینی سەر لەوحەکە خەتی نەستەعلیقی زەقە و زۆر لەو لەوحە بەردینەی حوسێن قولی خانی والی هەڵکەوتوو لە باکووری ئیلام دەچێ و ڕەنگبێ هەر دوو لەوحەکە لە لایەن کەسێکەوە هەڵکۆڵدرابێ.

لە سەرەتای بەردنووسەکەدا ئایەتی "بسم الله الرحمن الرحیم" و دواتر شێعرێکی چوار خشتەیی بەمجۆرە هاتووە:

شنیدم کە جمشید فرخ سرشت
بە سرچشمە بر سنگی نوشت
در این چشمە چون ما بسی دم زدند
برفتند چون چشم برهم زدند

هەرچۆنێک بێ، بەردنووسەکان یان لەوحە بەردینەکانی کوردستان وەک ئاسەواری مێژوویی بەشێکن لە پێناس و ناسنامەی نەتەوەی کورد و دەبێ هەموان لە پاراستنیاندا ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان بخەینە گەڕ و هەروەها دەبێ بزانین کە دواتر هیچکات ناتوانین کە دەقاوەدەقی ئەوانە ساز بکەینەوە.

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# چریکە
çrîke



گۆشەیەکە کە هەموو ژمارەیەك لە گۆڤارەکەماندا بڵاو دەبێتەوەو هەر جارەش باس لە تەوەرێکی گشتیو تایبەتی دەکاو ''سەید جەلال ساڵحی'' ش دەی نووسێ.

## لە نیشتمان خۆشتر کوێیە؟!

ڕۆژی چوارشەممە پازدەی بەفرانبار بوو، کات ژمێر چواری بەیانی لە سلێمانیەوە بەرەو پێنجوێن وەڕێ کەوتین، لە دڵەخورپەدا بووم وەی لەوەی خۆشەویستانم دەچنەوەو ئەو ماوەیەی کە پێکەوە بووین خوومان پێک گرتبوو، چونکە بەڕاستی هاتنیان چەندە خۆشە، چوونەوەشیان سەد قات ناخۆشتر، هەمیش تازە چەند ڕۆژێک لە چلەی برای جوانە مەرگم کاکە سەیید جەماڵ چووبوو، هەمووی ئەمانە بەسەر یەک دا کەڵەکە ببوون و لە دڵی خۆمدا بیرم لێ دەکردنەوەو هێندەی دیکەیان نارەحەت کردبووم.

تا دەهات نزیکتر دەبووینەوە، منیش دەت گوت سەرمامە هەستم دەکرد دەلەرزم. بارانیش بە ڕێژنە دەباری کە گەلێ جار شووشە خاوێن کەرەوەی سەیارەکە وێڕا نەدەگەیشت، تەم و مژەکەش هێندە زۆر و شەویش بوو پێشی سەیارەکەت نەدەدیی!

بەڵێ! گەیشتینە پێنجوێن کوێستانەکانی بەفر گرتبوونی، سەیارە بەرەو سنوور ڕێی گرت. لە گەڵ ئەوەی کە جاری دیکە چووبووم، بەڵام بە دڵ حاڵ و هەوای ئەو جارەیان جیاوازتر بوو، هەستێکی خۆشتر لە جەستەم گەڕا و وەک نەخۆشێک کە ئازارەکەی نامێنێ هەست بە لەشێکی سووک و خۆش دەکا، وام لێ هات. نەم دەزانی بۆ خۆشحاڵی و نارەحەتی دەستیان وێک داوەو بەسەرم دا زاڵ بوون. خوا خوام بووم درەنگتر بگەینێ، هێشتا کەمێکمان مابوو بانگی بەیانی دا.

هەر کە بەرەولای سنوور وەڕێ کەوتین هەناسەیەکم هەڵکێشا بۆسۆی لێ دەهات، گوتم: توخوا لێم گەڕێن با هەوایەک پڕ بە سییەکانم، هەوایەکی کە لە گەڵ کلۆ بەفرەکان دا بەرەو ئەم دیو دێ، هەڵمژم، چونکە بۆنی ئەو دیو واتە ئەو زێدەی چاوم لێی پشکوت بوون و ئیزنم نەبوو لە نزیکەوە دابێمەوەو مشتێک لەو خاکەی کە بۆنی ئازادی لێ دێ، ئازادی و ڕزگاربوون لە چنگ ئاخوندە کەڵلە ویشک و چەکمەی بەکرێ گیراوەکانیان، هەڵگرم و دەست نوێژی (تەیمووم) پێ بگرم و پاش ماوەیەکی زۆر دوورکەتنەوە لێی دوو ڕکات نوێژی بەیانی لەسەر بخوێنم و لە کاتی سڵاودانەوەدا ڕووی تێکەم و بڵێم "ئەسلام و عەلەیکوم" ئەی زێدەکەم، ئەی ئەو خاکە پیرۆزەی کە زۆر لە ئازیزانمانت بە دوور لە ئێمە لە ئامێز گرتووەو نەمان دیون و تازە ناشیان بینینەوە! ئەوە نەمردم و پێم وەسەر خاکی پیرۆزت ناوە (دیارە هەر شوێنێکی ئەو کوردستانە بۆ هەر تاکێکی کورد نیشتمانی خۆیەتی و لێی بێگانە نیە، بەڵام هیچ شوێنێکیش نابێتە ئەو جێگایەی کە لێی لە دایک بووەو گۆش کراوە).

بەڵێ! ئاخرەکەی گەیشتینە جێ و هەموو لە سەیارەکە دابەزین، بەر لە هەموو شتێک خۆم گەیاندە بەفری قەراغ ڕێگاکە و تۆپەڵێکم هەڵگرت و دەستم کرد بە خواردنی. هەموو دەنگیان دام و گوتیان: نەی خۆی تووشی کۆخە ڕەشە دەبی؟!

گوتم: کوڕە لێم گەڕێن کوا بەفری وا، ئێوە بۆنی پێوە بکەن، دەزانن بۆنی ئەو دیوی لێ دێ. بای ئازادی بەو بەیانیە لە گەڵ خۆی هێناویەتی. مادام کە ناتوانم لانی کەم با لەم دیوەوە هەواکەی هەڵمژم و تامی هەوا خۆشەکەی بەو بەفرە بچێژم؟!

بەڵێ! خوێنەرانی خۆشەویست:

ئەو بای ئازادی‌یەی کە لە مانگی ڕێبەندانەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەڵی کردووەو ئێرانیشی گرتۆتەوە، ئەو مزگێنیەمان دەداتێ و پێمان دەڵێ: ئەی ئەو کەسانەی دوور لە زێد و کەس و کارتانن و وەدووی ئازادی، ئازادی بۆ گەلەکەتان کەوتوون، وا شەپۆلەکانی بای ئازادی پارچەیەکی دیکەی کوردستانەکەتانی گرتەوەو خەریکە ئەو بەشەش ڕزگار دەبێ. ئۆمێد بە خوا تا ڕزگاربوونی ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی، سەربەخۆیی ئەم پارچە ئازاد کراوەی کوردستان واتە کوردستانی باشوور ڕابگەیەندرێ و بە فەرمی یەکەم حکوومەتی کوردی تێدا دابمەزرێ.

بە هیوای ئەو ڕۆژەو وەدیی هاتنی ئاوات و ئامانجی گەلەکەمان

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەخشان فەلسەفی:
# لە زۆر بواردا خزمەتم بە نەتەوەکەم کردووە و پێم خۆش‌بوو یەکێك لە خزمەتەکانم خزمەت بێت بە کلتووری کوردەواری، بۆ ئەوەش کۆم کردوونەتەوە تاکوو نەوەی نوێ بەم کەل و پەلانە ئاشنا بن

## وتوویژ لەگەڵ خاتوو پەخشان فەلسەفی
## بە بۆنەی کردنەوەی پێشانگایەکی کەل‌وپەلی فۆلکلۆری کوردی

**دیمانە: شلێر مەحموودی**


خاتوو پەخشان فەلسەفی و شلێر مەحموودی

خاتوو پەخشان لە ساڵی **١٩٦٧** لە شاری بانە چاوی بە دونیا هەڵێناوە، و تا تەمەنی **٢**ساڵی لە بانە ماوەتەوە و دواتر بە هۆی ئەوەی باوکی کە پێشمەرگە بوو دەر بە دەر بووە. لە ساڵی **١٩٩٤** لەگەڵ خوا لێخۆشبوو(شەهید عوسمانی رەحیمی) دا ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە و بەرهەمی ئەم هاوسەرگیریەش **٣**منداڵی چاوگەشە بە ناوەکانی ( سامان، سوورکێو و سنوور). وەکوو خۆی دەڵێ منداڵەکانم هیوای دوارۆژی خۆم و میللەتەکەمن و درێژەدەری رێبازی باوکیانن.

خاتوو پەخشان فەلسەفی لە رۆژی ٨ مارس دا پێشانگایەکی لە شاری کۆیە کردەوەو ئێمەش سەبارەت بەو پێشانگایە چەند پرسیارێکمان پێشکەش کردوئەویش بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:

**لاوان**: بیرۆکەی کۆکردنەوەی ئەم کەڵو پەلە مێژووییانەت چۆن لا دروست بوو؟

خاتوو پەخشان فەلسەفی: من چونکە لە بنەماڵەیەکی‌شۆڕشگێڕدا گەورە بووم، بێگومان ئەوە ڕەنگ دانەوەی لە سەر منیش هەبووە، لە زۆر بواردا خزمەتم بە نەتەوەکەم کردووە و پێم خۆش‌بوو یەکێک لە خزمەتەکانم خزمەت بێت بە کلتووری کوردەواری، بۆ ئەوەش کۆم کردوونەتەوە تاکوو نەوەی نوێ بەم کەل و پەلانە ئاشنا بێت و دوای من هەر لە خزمەت بە کلتووری کوردەواری بەردەوام بن.

لاوان: کێ یارمەتی داویت بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو کەل و پەلە فۆلکلۆریانە؟

**خاتوو پەخشان فەلسەفی**: بۆ کۆکردنەوەی ئەم کەل و پەلانە هەر هاوڕێیەکم کە زانی‌بێتی من ئارەزووی کۆکردنەوەی شتی مێژووی دەکەم ئەوە یارمەتیان داوم و هاوسەرە موبارەکەشم یارمەتیدەرم بووە.

**لاوان**: ئەو کەس و لایەنانەی کە یارمەتیان داویت بۆ کردنەوەی پێشانگاکە لە هەولێر و کۆیە کێن؟

**خاتوو پەخشان فەلسەفی**: پێشانگاکەم بە

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هاوکاری هەموو تۆڕە ڕێکخراوەکان بوو، بە تایبەت ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لقی کۆیە، بەتایبەت بەڕێز چیمەن خانم کە سکرتێری گشتی یەکیەتی ژنانە لقی کۆیەیە. هەر ئەویش دەرفەتی بۆ ڕەخساندم کە بتوانم پێشانگاکەم لە ڤێستیڤاڵی نەتەوەکان لە هەولێردا بکەمەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم زۆرسپاسی هەموو ئەو کەس ولایەنانە بکەم کە یارمەتیان داوم بە تایبەتی چیمەن خانم.

**لاوان**: خاتوو پەخشان پێشانگاکەت لە ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان دا کردەوە. بۆچی؟ پەیامت بۆ ژنان لەم ڕۆژەدا چیە؟

**خاتوو پەخشان فەلسەفی**: ئەو ڕۆژەم پێ ڕۆژێکی پیرۆز بوو و هەمیشە هەوڵم داوە بە کردەوەیەکیش بێت خزمەت بە ژنانی میللەتەکەم بکەم کە زۆر بێبەش کراون لە مافە ڕەواکانیان، پەیامم بۆیان پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی کوردستان بە تایبەتی و جیهان بە گشتی دەکەم و هیوادارم هەمیشە سەرکەوتنی خۆیان بدەن و مافەکانی خۆیان بۆ خۆیان بهێننە دی و ئاگاداری هاوسەرەکانیان بن بۆ ئەوەی ئەوانیش یارمەتیدەری بەدیهێنەری مافەکانیان بن و وانەکەن هاوسەرەکانیان مافەکانیان پێشێل بکەن.

**لاوان**: خاتوو پەخشان فەلسەفی چالاکی ژنان لە تاراوگە دا چۆن دەبینیت؟

**خاتوو پەخشان فەلسەفی**: چالاکی ژنان باش دەبینم و بەرەوپێش چوونیان بە خۆیانەوە بینیوە و دەتوانن باشتریش بن، بەڵام بە بڕوای من بەرەو پێش چوونیان پێویستی بە ئیمکانیاتی ماددی و مەعنەوی هەیە، هەر ئەوەشە بۆتە لەمپەر لەبەردەم باشتر بوونیان دا، ئەگەر نا بەتوانان و داواکاریشم ئەو ژنانەی بەرپرسیارەتیان لە ئەستۆ دایە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان نەکەنەوە و



بە ناوی ژن و مافەکانی ژن ئەو هەلە بۆ خۆیان نەقۆزنەوە، هەروەها داوایان لێ دەکەم کە ها و شا نی پیا و ە کا نیا ن خزمەت بە نەتەوەکەیان بکەن. بەبڕوای من خزمەت هەر ئەوە نیە بەیانی لەماڵ بچێتە دەرو ئێوارە بگەڕێتنەوە، بەڵکو ئەگەر دەستت بۆگوڵێک برد بە نیەتی پاک ئەوە خزمەتە بە نەتەوەکەت و خزمەتە بە مافی ژن.



**لاوان**: خاتوو پەخشان فەلسەفی ئێمە سوپاست دەکەین بۆ ئەو دەرفەتەی کە پێت داین و دەست خۆشیت لێ دەکەینو هیواداریں بەردەوام بیت لە خزمەت کردن بە ژنانو نەتەوەکەت. دوا وتەت چیە بیخەیەڕوو؟

**خاتوو پەخشان فەلسەفی**: هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەی لاوان دەخوازم و منیش سوپاستان دەکەم کە بە سەرتان کردمەوەو لە کردنەوەی پێشانگاکەم لە هەولێر و کۆیە بەشداریتان کرد. بەم کردەوەیەتان گەورەتان کردم و تەشویقی منتان کرد. پەیامم بۆ لاوان ئەوەیە کە بتوانن خۆیان پێ بگەیەنن و خزمەت بە نەتەوەکەیان بکەن، چونکە ڕێژیم هەمیشە لە هەوڵی لە ناوبردنیان دایە و جۆرەها پیلان بەکار دێنن بۆ سەرنەکەوتنیان وەک گیرۆدە کردنیان بە ماددە بێهۆشکەرەکان و لە سێدارە دانیان و زیندانی کردنیان. بۆیە داوایان لێ دەکەم کە وشیار بن و بتوانن بە سەر پیلانەکانی ڕێژیم دا زاڵ بن، چونکە میللەت بە گشتی چاوی لە لاوانە و لاوان نەوەی دوارۆژی نەتەوەکانیانن و داوایان لێ دەکەم کە درێژە دەری ڕێگای شەهیدەکانیان بن و لە هەر گۆشەیەکی دنیا بن دڵسۆزی میللەتەکەیان بن. لە کۆتایی دا دەڵێم من دایکی گشت لاوێکم.

❊❊❊

# چەند خاڵی هاوبەش و لێك چووی دوو سەرۆك كۆماری ئەمریكا



و: شەونم نوورانی



ئابراهام لینکۆڵن

چەند خاڵی هاوبەش و لێک چووی دوو سەرۆک کۆماری ئەمریکا واتە، ئابراهام لینکۆڵن شازدەیەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە حیزبی کۆماری خواز و جان ئێف کەنەدی سی و پێنجەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا و لە حیزبی دێموکڕاتلە نێوان ژیان و مردنی ئەو دوو سەرۆک کۆمارەدا چەند خاڵ گەلێکی هاوبەش هەیە کە زۆر جێی سەرسووڕمانن، هەرچەند ڕەنگە مانا و واتایەکی ئەوتۆیان نەبێ، بەڵام مێشکی مرۆڤ بەلای خۆیان دا ڕادەکێشن و جالبن؟!

١: ئابراهام لینکۆڵن لە ساڵی ١٨٤٦دا چووە کۆنگرەی ئەمریکا و جان ئێف کەنەدی سەد ساڵ دواتر یانی لە ساڵی ١٩٤٦دا.

٢: ئابراهام لینکۆڵن لە ساڵی ١٨٦٠دا بووە سەرۆک کۆماری ئەمریکا و کەنەدی سەد ساڵ دواتر واتە، لە ساڵی ١٩٦٠دا.

٣:هەردووک سەرۆک کۆمارەکە تەئکیدیان لەسەر مافەکانی مەدەنی دەکردەوە.

٤:هەردووک سەرۆک کۆمارەکە لە دوای چوونیان بۆ نێو کۆشکی سپی کوڕێکیان لە دەست دا.

٥: هەردووکیان لە ڕۆژی هەینی داو گوللەیان وەسەری کەوت و کوژران.

٦: مونشی لینکۆڵن ناوی "کەنەدی"و مونشی کەنەدیش ناوی "لینکۆڵن" بوو.

٧: بکوژی هەردووکیان خەڵکی باشووری ئەمریکا بوون.

٨: جێگری هەردووکیان ناوی جانسۆن بووە. "ئەندرۆ جانسۆن" لە دایک بووی ساڵی ١٨٠٨ جێگری لینکۆڵنو "لیندۆن جانسۆن" سەد ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٠٨دا بوو بە جێگری کەنەدی.

٩: بکوژی لینکۆڵن "جان ویلکس بۆس" لە دایک بووی ١٨٣٩ و بکوژی کەنەدیش "لی هارۆی ئیسواڵد" لە دایک بووی سەد ساڵ دواتر واتە، ١٩٣٩.

١٠: ناوی هەر دوو بکوژەکە سێ کەرتە و هەر ناوێکیش لە پازدە پیت پێک هاتووە(دیارە بە پێی ڕێنووسی ئینگلیزی‌یەکەی).



جان‌ئێف کەنەدی

١١:لینکۆڵن لە شانۆیەک بە ناوی فۆڕد کوژرا و کەنەدیش لە سەیارەیەک دا بە ناوی لینکۆڵن کە لە لایەن کۆمپانیای فۆڕدەوە ساز کرابوو، کوژرا.

١٢: لینکۆڵن لە شانۆیەک دا کوژرا و بکوژەکەی دوای هەڵاتن خۆی لە عەمباری‌یەک دا شاردەوەو کەنەدی لە عەمباری‌یەک دا تەقەی لێکرا و بکوژەکەی پاش هەڵاتن خۆی لە شانۆیەک دا شاردەوە.

١٣: "بۆس" و "ئیسواڵد" بەر لەوەی دادگایی بکرێن کوژران.

١٤: لینکۆڵن، حەوتوویەک بەر لە کوژرانەکەی لە شاری "مۆنرۆ" لە ویلایەتی مریلەندا دەی گوزەراند و "کەنەدی" کاتەکانی خۆی لە گەڵ شانۆکارێک بە ناوی "مارلین مۆنرۆ"ی بەسەر دەبرد.

سەرچاوە:

http://forum.isatice.com

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

By Dream-Wallpaper.com

# دەمەتەقەی کرمانج و نیشتمان

سەید قادر ئەحمەدی(کرمانج)

نیشتمانەکەم بۆچی وا زەردی بێ خەزان
چی وای لێ کردووی وابووی بە خەزان

توخوا پێم بڵێ بۆچی ڕەنگ زەردی
بۆچی لەبەرچی موبتەلای دەردی

لە بۆم بەیان کە ئازارو ژانت
تەواو شێواوی دوور بێ لە گیانت

پەت و سێدارە، خنکانی لاوان
یا داخی گران، هی لێك دابڕان

تۆ نەت زانیوە لاوان موعتاد بوون
خراونە زیندان بێ سەر و شوێن بوون

نیشتمانەکەم مەبە دڵ گران
بڕوانە سەفی پێشمەرگە و لاوان

هەموو چەك لە شان، پێنووس بەدەستن
بۆ داخی گەلیان زۆر خۆنەویستن

دوورن لە بەڵای مەست و موعتادین
زانا و بلیمەت تیئۆری زانن

وەرە بڕوانە بۆ عەرسەی مەیدان
ئاسمانی داگرت بڕی کوردستان

لەهەر چوار لاوە بەرزە ئاڵامان
دەشەکێتەوە بەدەستی لاوان

سەرپاك خوێندەوار، زانای زەمانن
بۆ دیفاع لەگەل زۆر قارەمانن

یەك دەگرینەوە جۆری زەمانە
دەبینەوە یەك دژ بە بێگانە

نیگەران مەبە تۆڵە دەستێنین
پەت و سێدارە تێك دەڕووخێنین

کرمانج لێم گەڕێ ناسۆر گرانە
بەهاری شادیم لەلا خەزانە

ئێستە پێشمەرگە نوستوو دەوینم
بۆیە خەزانە بەهاری ژینم

خۆشیم نەماوە خەریکی شینم
مەرگم خۆشترە زیاتر لە ژینم

کوانێ حەماسەی جادەی کەلیخان
سەدان تانك و تۆپ غەنیمەت گیران

حەوت شەهیدەکەی گردی مەردەکان
یا حەماسەکەی ڕێی هەژدە دۆڵان

سێ عەمەلیاتەکەی یادی قاسملوو
تۆڵەی ئەو یادە هەر پێشمەرگە بوو

شەڕی بەردە ڕەش پشتماڵی سیچان
سەدان پاسدار و جاشی تیا کوژران

قرمەی پێشمەرگە و هاواری جاشان
گوێی دونیای پڕ کرد گەیشتە ئاسمان

ئاخوند وەك ڕێوی عەبای کلك بوو
جیا لە هەڵاتن هیچ چاری نەبوو

نیشتمانەکەم خۆت عاجز مەکە
پێشمەرگە شێرەو چاوەڕێی هەلێکە

هێزی پێشمەرگە و یەکیەتی لاوان
وەك شێر وەستاون لە عەرسەی مەیدان

پێشمەرگە هەموو حەماسە خولقێنن
بەحەق لەتۆڵە، تۆڵە ئەستێنن

پێشمەرگە یەکجار بەرز و بەڕێزە
ماف پەروەرە، وڵات پارێزە

پێشمەرگە ناخەوێ، یەکجار وشیارە
ناترسێ لە بەند، پەت و سێدارە

بەحەق پێشمەرگە سەنگەر شکێنە
لە مەیدان شێر و دوژمن بەزێنە

بۆ حەوت شەهیدەکەی گردی مەردەکان
نەتدی پێشمەرگە چۆن تۆڵەیان سان

پەنجاو نۆ لاوی شاری مەهاباد
دووقات و سێ قات تۆڵەیان ئەستاند

گەل ئامادەیە لەهەر مەیدانا
سیاسەتقانی بەهێز و توانا

حیوار، گفت و گۆ، مافی گەلانە
گەل ئامادەیە بۆ ئەو مەیدانە

دوژمن لە چوار یەك جانەبانە
تیرۆر و ئێعدام، زیندان ئامانجیانە

دوورن لە ئەخلاق و بزەی ئینسانی
پیشەی خۆیانە جەهل و نەزانی

دووژمن سەد هێندە پۆشتە و پەرداخ بێ
بەشت بە زووحاك خواردنی خوێن بێ

لاوان ئێعدام و وڵات وێران کا
لە دەست هێزی گەل هەر دەبێ ڕا بکا

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ن: محەممەد ئەمین شەریفی

بۆت بنووسم، نازانم بۆت لە چ بدوێم، لە شتی جوان، لە سروشت، لە کاتی بهاردا کە شاخ و کێو، دەشت و دەوەن، لێرەوار و چۆم و چەمەن و رووبار بە دیمەن و نیگاری دڵ ڕفین، هەست بزوێنی خویان دەڕازێننەوە، دارەکان خونچە و گوڵی سوور سپی‌یان لەبەر دەکەن. زەوی دەڵێی بەرگی مەخمەری پۆشیوە بە هەزاران رەنگ‌و، وێنەی جۆراوجۆرو دڵ ڕفین و هەست بزوێن خۆی دەڕازێنێتەوە. هاژەی چۆم و رووبار بە گوێ دەگا، قەپەزەی ئاو هەڵدێرەکان، شنەی شەماڵی ئێواران و بەیانان بسکی گیا و گوڵ باوەشین دەکا. یا ئەستێرەی بەرە بەیان کە بە گرشە گرش و پرشنگ هاویشتن رووناکی نیشان دەدا کە مزگێنی هێنەری ئاسۆی روونە.

خۆشەویستەکەم دەریای خەیاڵات دەمباتە ناو گێژاوی شەپۆلەکانی دونیای خەیاڵاتی جوانی. ئازیزەکەم بۆت لە چ بدوێم، لە قاسپەی خاسەکەوی سەربەردان، لە خاڵ و ملی بارەکەوان، لە گەمە و ڕەوتی کۆتران، لە دەنگی قاز و قورینگ لە ئاسمان، لە بۆن و بەرامەی گوڵا و داران، لە نم نمە بارانی بەهاران، لە جریکەی بولبول لە ناو گوڵان، لە سرتەی کیژ و کوڕان، لە دەنگی شمشاڵی کاکی شوان، لە قریشکە و پێکەنینی کیژ و کوڕان، لە لاوک، حەیران و گۆران، لە هەڵپەڕکێ و شادی ناو گوڵان، وەک بەهەشت وایە خاکی کوردستان. خۆشەویستەکەم، نەمامەکەم، ئاواتەکەم، هەریەک لەوانە جوانی و زینەت و ڕازاوەیی دەبەخشنە خاکی پیرۆزی نیشتمان. دەڵێ لە کاتی بەهاردا شاخ و کێو و دۆڵ و دەوەن وەک بووکی ڕازاوە بەرگی ئەتڵەس و مەخمەری لەبەرکراوەو بە هەزاران خشڵ و پەرپەڕ و زیوەر و ئاڵتوون خۆی ڕازاندۆتەوە. چاوی نەیاران کوێر دەکا و دڵی دۆستان شاد و کامەڕان. ئێستا با بۆت لە هاتنی بای بەهاری بدوێم کە بەفر دەتوێنێتەوە، کانیاوەکان دەبووژێنەوە یان گەڕانەوەی قاز و قورینگ و مەلەکان لە گەرمێنەوە بەرەو نیشتمانی جوان، هەر کام لەوانە موژدە هێنەری بەهاری شادی و ئازادین کە گیاو گوڵی دراەکان لە دەست بەفرو سەرمای زستان ئازاد دەبن، خۆشەویستەکەم هاتنەوەی پێشمەرگەکان بۆ خاکی پیروزی کوردستان موژدەی ڕزگاری دێنن. نازانم بۆت لە چ بدوێم لە بۆنی بەیبوون و هەڵاڵە، لە جوانی قەد و باڵا، لە پشتوێنی شل و چاوی بەکل، لە لێوی ئاڵ و دانەی خاڵ، لە کوڵمی سوور و گەردنی زەردخەنەی سەر لێوان، لە خوێن شیرینی و ڕەوتی جوان، لە ناز و عیشوەو پێکەنین، لە هەناسەی بە تا و تین، لە کاتی لیمۆ گوشین، لە جێ ژوانی بە گەرم و گوڕ کە دڵ دێنێتە کوڵ. خۆشەویستم بۆت لە چ بدوێم، لە جووتە هەناری نەشە بزوێن، لە کوڵمی وەک بەفر و خوێن، لە سینگی سپی‌و گەردنی زەرد، لە چاوی گەش و جوانی وەک ئەستێرەی بەرەبەیان، لە گێل گێلە و کەرمەک و گوارە، لە دەنگی بازنە و قەتارە، لە برژانگی تیری مژۆڵ، لە باسک و سینگی نەرم و نۆڵ، لەو مەمکەی لە باخەڵ دا سەری بە کراس هەڵ داوە، لەو خاڵەی کوڵمەی زێوت ئەویش لە سەر سووچی لێوت. تۆ ئاوێنێک ڕاگرە بالا لە هەمووان جوانترە ئەو خاڵەت با هەر وابێ نەوەک لەویش تلاسابێ.

تێبینی: دیارە ئەمانە هی بیرەوەری سەردەمی نووسەر خۆین واتە نووسینەکەیان هی ئێستا نیە، بۆیە خوێنەر لێی تێک نەچێ و پێی وانەبێ کە نووسینی ئێستای نووسەرن؟!

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تێڕوانینێکی لۆژیکیانە لەسەر وانەکانی ژیان

وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە: ئارا

کاتێک لە دایک دەبین...

١ـ لاشەیەکوو لە ئێختیار دایە. وێ دەچێ بە ڕواڵەت لێی ڕازی بن یان نا، بەڵام ئەوە تەنیا شتێکە کە دەبێ تا کۆتایی تەمەنتان زۆر بە جوانی ئاگاداری لێ بکەن و بیپارێزن.

٢ـ وانەگەلێک فێر دەبن و ئەزموونێک وەردەگرن. بە هاتنتان بۆ ئەم جیهانە یانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە قوتابخانەیەکی شەو و ڕۆژیی بە ناوی "ژیان کردن لە سەر گۆی زەوی"دا ناونووسیتان کردوە. هەر تاک یان ڕووداوێک لە ژیانتان دا واتە مامۆستای جیهان.

٣ـ شتێک بە ناوی هەڵە بوونی نیە، بەڵکوو تەنیا فێری وانەی ژیان دەبن. تەرەقی و پێگەیشتن پرۆسەی ئەزموون و هەڵەن. بەو واتایە کە شکستەکان بەشێکی گرینگن لە سەرکەوتنەکان.

٤ـ هەر وانەیەک ئەوەندە دووپات دەبێتەوە تا بە تەواوی فێری دەبن کە ئەویش بە شێوەگەلی جۆراوجۆر خۆیان دەردەخەن تا بە تەواوی لێی تێ بگەن. پاشان وانەی دیکە دەست پێ دەکا.

٥ـ ئەگەر وانە ساکارەکان بە باشی فێر نەبن، بەرەبەرە دژوار و دژوارتر دەبنەوە. گیروگرفتە دەرەکی‌یەکان ڕەنگ دانەوەو هەڵقوڵاوی بەرچاو و ئاشکرای بارودۆخی دەروونیتانن. کاتێک کە لەمپەرە نێوخۆیی و دەروونی‌یەکان چارەسەر بکەن و نەیان هێڵن، دونیای دەرەوەتان ئاڵ و گۆڕی بەسەردا دێ. غەم و پەژارە، ئەمری واقیعی ژیانن تاکوو سەرنجتان بۆ لای کێشە دەروونی و نێوخۆیی‌یەکانتان ڕاکێشێ.

٦ـ کاتێک هەڵس و کەوتتان دەگۆڕێ تێ‌دەگەن وانەیەک فێر بوون. ژیری و چاکە، جۆرێکە لە ڕاهێنان. بە قەولێک "لە هەر خەروارەی مشتێک" لە "هیچ بوون" باشترە.



٧ـ ئەوێ هیچ بەسەر ئێرەدا بانتر نیە. کاتێک ئەوێ دەبێتە ئێرە، ئەوێ‌یەکی دیکە لە بەردەمتان قوت دەبێتەوە کە دووبارە باشتر لێرە دەردەکەوێ.

٨ـ مرۆڤەکان ئاوێنەی ڕەنگ دانەوەتانن. ئێوە ناتوانن شتێکتان سەبارەت بە کەسێک خۆش بوێ یان ڕقتان لێی بێ، مەگەر ئەوەی کە ئەو تایبەتمەندی‌یە، شتێک لە ناختان نیشان بدا کە خۆشتان لێی دێ یان لێی بێزارن.

٩ـ قەزا و قەدەر و چارەنووسی خۆتان پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە. چارەنووس و ژیان، لاپەڕەیەکی سپیتان دەداتێ و ئێوە دەبێ وێنەی ژیانتانی لێ بکێشن. ئەگەر بەرپرسایەتی چارەنووسی خۆتان وەئەستۆ نەگرن، ئەوە کەسێکی دیکە ئەو کارەتان بۆ دەکا.

١٠ـ هەمیشە ئەو شتە وەدەست دێنن کە خوازیارین و حەزتان لێ‌یە. ناختان بە تەواوی بڕیاردەرو چارەنووس سازی ئاستی وزەتان، ئەزموونەکانتان و کەسێکە کە بەرەو لای خۆی دێنن. بەم پێ‌یە دڵنیاترین شێوە بۆ تێ‌گەیشتن لە داواکارییەکانتان ئەوەیە کە بزانن چیتان لەبەر دەست دایە. لە جیهاندا دیاردەیەک بە ناوی قوربانی بوونی نیە و مرۆڤەکان هەر هەموو قوتابین.

١١ـ پێش بینی‌یەکان تەنیا دەبنە هۆی سەقامگیر کردنی نموونە و پووچەڵ کردنەوەی چوارچێوەکان. کەواتە هەموو هەوڵ و تەقەلاکانتان بۆ گۆڕینی ئەم وێنە هەڵانە وەگەڕ بخەن.

١٢ـ وەڵامی تەواوی پرسیارەکانتان لە ناخی خۆتان دایە. منداڵان پێویستیان بە ڕێنوێنیو ڕێنمایی کردنە، بەڵام کاتێک گەورە دەبین باوەڕمان بە هاوار و خواستی دڵی خۆمانە و یاساکانی دەروون لەوێ دا تۆمار کراون. واتە زیاتر لەوەی کە بیستوتە زانیاریت هەیە. تەنیا پێویستە بە وردبینی و بیرکردنەوەیەکی زیاترەوە گوێ لە هاواری دڵتان بگرن. گوێ بگرن و باوەڕی پێ بکەن.

سەرچاوە:

ڕاه زندگی. شماره ٣٠٣

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەی دادوەر.. گەر نیشتمان بگەڕێتەوە، پێویستی بە گوڵە

ئەی باغ ئێمە هەمووومان منداڵی تۆ بووین
ئێستاش من پاسەوان و عاشقان گوڵ کوژ و خودا دادوەر
من ڕێگر و عاشقان دڵگران و خودا دادوەر
ئەی گوڵ.. سەیری خۆت بکە، خوێنت لێ دەتکێت
من دەگریم و عاشقان بێ دەنگ و خوداش هەر دادوەر.
ئەی دادوەر .. ئێمە لە وڵاتی پڕ باغستان بووین
ئێستاکەش باغستان بۆتە عەردێکی وشك و پارچە پارچەکراو
سەیرە گشت ڕۆژێك لەم شارەدا، بایك خاپوور دەکرێت
کە چۆلەکەکان دەبنە پەناهەندەی لقی درەختی وڵاتێکی دیکە و
پەپوولەکانیش وەکوو چەکچەکیلکەکان سەرەیان لێ دەشێوێت.
ئەی دادوەر.. بەو سەرکردانە بڵێ:
با شوێنی باغەکان نەکەنە کۆشکی بڵند
ئیستا نیشتمان یاخییە و با بگەڕێتەوە
با، با نیشتمان بگەڕێتەوە ..
گەرنیشتمان بگەڕێتەوە..
چۆلەکەکان دێنەوە و دەچنە سەر لقی درەختەکان
بولبولەکان دێنەوەو دەچنەوە ناو چەمەنزارەکان
گەر نیشتمان بگەڕێتەوە..
هەمووومان دەبینەوە بەگوڵ و دەچینەوە ناو کۆشی باغ
گەر باغ دروست بۆوە ..
شاعیرەکان دروست دەبنەوەو عاشقەکانیش دووبارە دەبنەوە
ئەی گوڵ تۆ بوویتە ڕەمزی نیشتمان
عاشقەکان و سەرکردەکان و لەش فرۆشەکان و گوڵ فرۆشەکانیش هەر قەساب..
کۆمەکم بکە ئەی دادوەر .. چۆن ڕێ لەم هەموو قەسابانە بگرم
کە خۆشم خەریکە دەکەومە بەر دەستی قەساب.

پێشەوا کاکەیی

قەڵادزێ/ پاییزی٢٠٠٩

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بە بۆنەی ڕۆژی ڤالێنتاین

کەژاڵ - سەردەشت

ئەو دڵەی من ئەمانەتێکە لە لایەن منەوە بۆ تۆ تا ئەو کاتەی کە هەناسە هەڵ دەکێشم.
هەستەکانی من ئەمانەتێکن بۆ تۆ لە لایەن دڵمەوە تا ئەو کاتەی کە دەژیم.
ئەم ئەوینەم ئەمانەتێکە لە لایەن دڵمەوە تا ئەو کاتەی کە تۆم هەیە.
لێم وەرگرە، ئەوەی کە لە توانام دایە بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای ئەوینەکەتەوە بیبەخشم.
بمبوورە ئەگەر بێجگە لەم ئەمانەتە شتێکی دیکەم لە دەروون دا نییە.
هەر ئەو دڵەم هەیە ئەویش ڕۆژێک لە پێناو تۆ دا دایدەنێم.
هەر ئەو چاوانەم هەیە کە لە ڕێگای ئەوینی تۆوە جیا لە فرمێسک ڕشتن کارێکی دیکەیان نییە.
هەستەکانیشم کە لە ڕێگای ئەوینی تۆوە، تەنیا بۆ تۆیە.
بریا بم توانیبا هەڵفڕم و ئەستێرەکانم بۆ چنی بای، بریا بم توانیبا ببم بە هەتاو و بۆ تۆ دەرکەوتبام، بریا بم توانیبا و ببم بە دڵۆپێک و بەسەر تۆدا بباریبام، بریا بم توانیبا هەر وەکوو ئاسمان سەر پەنای تۆ بم.
هەر ئەو دڵەی کە هەمە، دەڵێی تۆم هەیە، دەمویست دڵم بە دیاری بدەم بەتۆ، لە سبەی ترسام کە ئەم دیاریە فڕێ دەی، ئەوم بە ئەمانەت دا بەتۆ کە ئەگەر ڕۆژێک ویستت بم دەیەوە تۆی لە ناو دابێ.
کەوایە من قسەیەکی دیکەم نیە، من ئاشقم، جیا لە مانەوە ڕێگایەکی دیکەم نیە.
تۆ هەمیشە لە دڵی من دای، شایان بێ یان نەبی هەموو ژیانی منی.
هەر ئەوەی کە تۆم هەیە، دەڵێی دنیام هەیە، هیچ شتێکی دیکەم لە خودا ناوێ.
ئەگەر خودا دڵی دا بە من بۆ ژیان دەیدەم بەتۆ بە ئەمانەت، ئێستا هیچ کەسێکم جیا لە تۆ نیە.
ئێسا کە دڵم بە ئەمانەت داوە بە تۆ، ئەگەر زیندووم لەبەر ئەوەیە کە لە دڵی تۆ دام.
کەوایە تا ئەو کاتەی کە هەناسە هەڵ دەکێشی، من زینووم، تا ئەو کاتی کە ئاشقی، من ئاشقم و تا ئەو کاتەی کە تۆم هەیە، بۆ هەمیشە خۆشم دەوێی.

www.getclipart.com

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەی بەنرخ



Fact is the first thing the human are looking for.
یەکەم شتێک پێویستە مرۆڤ بە دوایدا بگەڕێ ڕاستی یە.
By good effort you can buy happiness.
بە کرداری باش ئەتوانی خێر و خۆشی بکڕی.
A friend in need is a friend in deed.
هاوڕێی ڕاست ئەوەیە کە هاوەڵتە لە کاتی پێویست دا.
Nice saying doesnt need strength.
وتەی شیرین پێویستی بە هێز و بازوو نیە
Speak is silver silent is gold.
ئەگەر قسەکردن زیو بێ ئەوا بێ دەنگی زێڕە.
When beautify your beasty in foot your peeling and thoughts beans they for your behavior.
کاتێ ڕەوشتت جوان ئەکەی لە ڕاستی دا بیرو هۆشت جوان کردووە، چونکە پشتیوانی ڕەفتاری تۆیە.
Speech by its Tim and silence at its time.
قسەکردن لە کاتی خۆی و بێ دەنگیش لە کاتی خۆی نیشانەی وشیارییە.
A house without calm like sea without cliff.
ماڵێک ئارامی تیا نەبێ، دەریایەکی بێ کەنارە.
Speak suitably or listen suitably.
یان جوان قسە بکە یان ئاقڵانە گوێ بگرە.
Reality is the first thing that human looking for.
ڕاستی سەرەتای شتێکە مرۆڤ پێویستە بە دوای دا بگەڕێ.
Smiling is best weapon for war and life.
زەردەخەنە باشترین چەکی شەڕی ژیانە.
Do not correcting your mistake is another mistake.
چاک نەکردنی هەڵەکەت، هەڵەیەکی ترە.
Getting love is the biggest success of life.
بەدەست هێنانی خۆشبەختی گەورەترین سەرکەوتنی ژیانە.
Our life is the prod u citing of our thinking.
ژیانی ئێمە بەرهەمی بیرکردنەوەمانە.
Do nil let your tongue speaks before your mind.
ڕێگە نەدەی بە زمانت پێش هۆشت بێتە گۆ.
Successful is some daily off orts.
سەرکەوتن کۆمەڵێک هەوڵی بچووکی ڕۆژانەیە.
Till you and alive you have pessimistic.
تا لە ژیان دا بمێنی ئومێد هەیە تا ئومێد هەبی چاودێری ئیلاهیش هەیە

ئامادە کردنو وەرگێڕان: محەممەدی میرخزری





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ئا : ڕەحمان مەحموودی

چۆنی واز لێ دێنیّ؟!

وەک ئاشکرایە جگەرەکێشان زیان بە تەواوی تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنیّ، لە هەر تەمەنێک دا و لە بەر هە هۆیەک دەست بە جگەرەکێشان کردووە باشترین هەنگاو لە ژیانت دا کە بیری لی بکەیەوە وازهێنانە لێی، لەوانەیە چەندین شێواز و رێگە هەلی بۆ وازهێنان لە جغارە، کامیانت بەلاوە ئاسانترە تۆ ئازادی لە هەڵبژاردندا، بەڵام کاتێک دەگەیە ئەو بڕیارە گرینگە رەچاوەی ئەوانە بکەی:

سەرەتا هۆکاری وازهێنانت دیاری بکا، گریمان تۆ بڕیارت داوە واز لە جگەرەکێشان بێنی، پێویستە پێش هەموو شتێک هۆکاری وازهێنانەکەت بزانی: ئایا واز دێنی؟ چونکە جگەرەکێشان زیان بە تەندروستیت دەگەیەنیّ؟ وازدێنی چونکە نات هەویّ زیان بە تەندروستی خێزان و دەوروبەرت بگەیەنیّ؟ یان بە هۆی بیرکردنەوە لە نەخۆشی شیرپەنجەی سییەکان تۆی ترساندووە؟ یان دەت هەویّ گەنجتر دەربکەوی و بیر بکەیەوە. هۆکارێک هەڵبژێرە کە ئەوەندە کاریگەریت لێ بکا کە بەرگەی ئەو تەگەرانە بگری کە لەکاتی وازهێنان دا بەرەوڕوویان دەبیتەوە.

ڕەنگە هەوڵدان و باس کردن، وازهێنان و فرێدانی جغارە ئاسان بێ، بەڵام بەڕاستی وازهێنان کارێکی ئێجگار ئاسان نیە، بەڵکوو زۆر لەوانەی هەوڵ دەدەن واز لە جگەرە بێنن، بە بێ بوونی بەرنامە و ڕێگەی دروست **۹۵**٪یان هەوڵەکانیان پووچەل دەبێتەوە یان لە ساتێک لە ساتەکان، دەست بە جگەرەکێشان دەکەنەوە. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە مێشکی کەسانی جگەرەکێشان ڕاهاتووە لەسەر ماددەی نیکوتین کە لە جگەرە دایە لەبەر ئەوە لە کاتی نەبوونی ئەو ماددەیە لە خوین دا نیشانەکانی خۆ کێشانەوە لە جگەرە تێیدا دەردەکەوەیّ. لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی جگەرە تەرک دەکا پێویستە هێندێک دەرمان و جێگیرەوەی نیکۆتین وەرگریّ بە ڕێنوێنی پزیشک کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ئەو نیشانانە کە هێندێک جار بێزارکەرن و دەبنە هۆی ئەوەی کە کەسەکە دەست هەڵگریّ لە بڕیارەکەی و بە ناچار دەست بە جگەرەکێشان بکاتەوە.

هەر بۆیە کاتیک بڕیار دەدەی واز لە جگەرەکێشان بێنی باشتر وایە سەردانی پزیشک بکەی تا بۆت روون بکاتەوە چۆن واز بێنی و چ جۆرە دەرمانێک بەکار بێنیّ. جێگرەوەی نیکۆتین یا بە شێوەی بنێشت(بنێشتی نیکوتین ) هەیە یا حەبی جۆشان کە لە ئاودا دەتوێتەوە. بەکار هێنانی ئەو ماددانە شانسی واز هێنان لە جگەرەکێشان دوو بەرابەر دەکا. جگە لەو دەرمانانەی کە نیکۆتینیان تێدایە، هێندێک دەرمانی دیکە هەیە کە لەوانەیە پێویست بێ بەکار ببریّ لە ژێر رێنوێنی پزیشک. وەک هێندیک حەب کە تامەزرۆ بوونت بە جغارە کەم دەکاتەوە بە گۆڕینی ئەو بەشەی مێشک لە ژێر کاریگەری نیکۆتین. ئەو گۆڕانکاریەش ڕەنگە وا





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکات کە ئەو کەسە حەز بە جگەرەکێشان نەکا تەنانەت ئەگەر جغارە لە بەر دەمیشی دابنرێ. بە تەنیا بڕیار مەدەو هەوڵ بدە هاوڕێکانت و ئەندامانی بنەماڵەکەت ئاگادار بکەی و پێیان بڵێی بەنیازی واز لە جغارە بێنی، هاندانی ئەوان کاریگەری باشی دەبێ لە سەر وازهێنانەکەت. پاشان وا باشە خۆت لە تەنگژە دەروونی‌یەکان دوور بخەیەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی خووگرتن بە جگەرە ئەوەیە کە ماددەی نیکۆتین لە سیگاردا دەبێتە هۆی ئارام کردنەوەی مێشک بەتایبەتی لەکاتی ئێسترێس یا فشاردا، هەر بۆیە پێویستە لە کاتی واز هێنانت لە جگەرە لە هەمان کات دا ئەوەندەی پێت دەکرێ خۆت دوور بگرە لە تەنگژە دەروونی‌یەکان و لە ماوەی چەند حەوتوویەکی سەرەتای واز هێنانەکەتدا، بەپێچەوانەوە هەوڵ بدە گوێ لە گۆرانی خاو یا هێمن کەرەوە بگری، هەروەها هێندێک وەرزش بکە بۆ ئارام کردنەوەی مێشک و لەش و خۆت لە خواردنەوەی ئەلکۆلی‌یەکان بەدوور بگرە، هێندێک ماددە هۆکاری ورووژێنەرن و وات لێ دەکەن حەزت بە جگەرەکێشان زیاد بکا، یەکێک لەو هۆکارانەی نەخواردنەوەی مەشرووباتە بۆیە هەوڵ بدە تا دەتوانی کەم بخۆوە بە تایبەتی لە سەرەتای تەرک کردنەکەت دا، ڕەنگە لە هێندیک کەس دا قاوە لە ورووژێنەرەکان بێ بۆیە وا باشترە لە سەرەتای جگەرەکێشان کەمتر قاوە بخۆیەوە یا باشترە چایی بخۆیەوە یا ئەگەر عادەتت بە جگەرەکێشان گرتووە پاش نان خواردن دەکرێ بنێشت بجووی یا ددان بشۆی یا هەر شتێک کە کە دوورت بکاتەوە لە جگەرە تا وردە وردە خۆت فێر دەبی حەز لە جگەرە ناکەی پاش نان خواردن .

ماڵ و کەل و پەلەکانی ماڵەکەت خاوێن بکەوە. هەر کە دوای جگەرەکێشان هەوڵ بدە ئەو هۆکارانە لە نێو بەرە بە دیتنی یا بۆن کردنی کە هۆکارێکن بۆ وەبیر هێنانەوەت بۆ سیگار، پێویستە هەموو لیباسەکانت بشۆی کە بۆنی سیگاریان لێ دێ یا هەموو ئەو کەل و پەلانەی ماڵەوە کە بۆنی سیگاریان لێ دێ و گرتووە ماددەی بۆن خۆشیان لێ بدە بۆ نە هێشتنی بۆنی سیگار.

گەلێ جار ئەوانەی هەوڵی واز هینان لە جگەرەکێشان دەهێنن لە ساتێک لە ساتەکانی سەرەتای وازهینانەکەیاندا دەست پێ دەکەنەوەو ناتوانن ئارام بگرن، بەڵام تکایە بێ هیوا مەبن و کۆڵ مەدن و هەوڵ بدن بزانە چی وای لێ کردووی دووبارە جگەرە دابگیرسێنیەوە، دووبارە هەوڵ بدە وازی لێ بێنی و ئەوجارە باشتر دەبی و ئارام تر دەبی، تەنیا چەند حەوتوویەکی سەرەتا ناخۆشە و ناراحەت دەبی، بیر بکەوە چەند حەوتوویەک هیچ نیە، بەڵام کە چەندین ساڵ بە دەست نەخۆشی دڵ یا شێرپەنجە یا هەر نەخۆشی‌یەکی دیکەوە بناڵێنی ئەوکات پەشیمان دەبیەوە کە هیچ سوودێکی نیە. هەوڵ بدە ڕێکەوتی واز هێنانەکەت بنووسە بۆ ئەوەی بزانی لە گەڵ هەر هەوڵێک دا ماوەی چەندە دەتوانی بێ جغارە بی ئەوەندە هاندەرێکە بۆ خۆت بە زیادبوونی ماوەی واز هێنانەکەت. ئەگەر بەڕاستی ئارەزووی واز هێنانت هەبێ دڵنیا بە هەوڵەکەت سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام ئەگەر تۆ زۆرت مەبەست نەبوو و دوای دوو یا سێ ڕۆژ دەستت پی کردەوە، ڕەنگە بڵێی زۆر گرانە و ناتوانم واز بێنم، نەخێر بە پێچەوانەوە ئەوە کارێکی گران نیە و دەتوانی ئەنجامی بدەی، بۆ ئەوەی سوور بی لە سەر واز هێنان وەرزش بکە و چالاکی زیاد. زیادکردنی چالاکی و جەم و جۆڵی ڕۆژانە و وەرزش کردن دەبێتە کەم بوونەوەی نیشانەکانی خو کێشانەوە لە سیگار تەنانەت شتێکی سووک و ئاسان سوودێکی باشی دەبێ وەک ڕۆیشتن لە هەوای کراوەدا. لەبیرت نەچێ خواردنی سەوزە و میوە زۆر گرینگە، بەڵام هەوڵی پارێز لە خۆراک مەدە لە کاتیی واز هێنانت(مەگەر نەخۆشی ترهە بێ ) تەنیا هەوڵ بدە میوەو سەوزەو شیرەمەنی کەم چەوری لە خۆراکەکانت دا زیاد بکەی. لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە ئەو جۆرە خۆراکانە وات لێ دەکا تا تامی سیگارت لا ناخۆش بێ و زیاتر یارمەتیت دەدا لە دوور کەوتنەوەی. یادداشتێک بۆ خۆت دابنی، ئەو بڕە پارەیەی کە لە




www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ماوەی جغارە نەکێشانەکەدا دەستت دەکەوێ هەوڵ بدە لە شتێک دا خەرجی بکەی کە خۆت ئارەزووی پێ دەکەیی، پادداشی خۆت بدەوە بۆ نەکێشانی جگەرە. بی گومان ئەو پادداشتە هاندەرێکی دیکەی واز هینانەکەت دەبێ. ئەوەت لەبیر نەچێ ئەو هەوڵەی دەیدەی بۆ تەندروستیتە، واز هێنان لە جگەرە بە زووترین کات ئەنجامی باش و بە سوودی دەبێ لە سەر تەندروستیت، پەستانی خوێن و زیاد بوونی تریەی دڵت کەم دەکاتەوە. لە دوای رۆژێک رێژەی ئۆکسیژن و دوانە ئۆکسیدی کەربۆن لە خوێندا دەگەڕێتەوە سەر رێژەی ئاسایی خۆی. لە سوود و قازانجە درێژخایەنەکانی واز هێنان لە جگەرە بریتین لە:

کەم کردنەوەی مەترسی تووش بوونت بە سینگە کوژی(ێنژین صدری) شێرپەنجەی سییەکان و شێرپەنجەکانی دیکە. وا باشە بەردەوام ئەو سوودانەی وازهێنان لە جگەر لە بیر نەکەی. لە کاتی بەرنامە و پلان دانانت بۆ وازهێنان لە جغارە دەبێ ئەوەش بزانی کە هێندێک نیشانەی دوورکەوتنەوە لە جگەرەت بۆ دێتە پێش وەک سەر ئێشە و ورپایی و نەمانی تامەزرۆ بوونت بۆ جگەرە، بەڵام ئەوەی کە جێگای دڵ خۆشییە ئەوەیە کە ئەو نیشانانە لە دوو و سێ حەوتووی سەرەتادا زۆرن و بە شێوەیەکی بەرچاو و بێزارکەر دەردەکەون و بەرەبەرە کەم دەبنەوە تا بەرەو نەمان دەڕۆن، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ئەو نیشانانەش چارەسەری کەم کردنەوەیان هەیە. جگە لەو دەنگە کۆخە تووشی دەبی لە حەوتووی یەکەمی واز هێنانەکەت، بەڵام بوونی کۆخە یەکێک نیە لە نێشانەکانی خۆ کێشانەوە لە نیکۆتین، بەڵکوو هەوڵدانی لەشە بۆ پاک کردنەوە سییەکان و بۆڕی هەوا لە دووکەڵ و پیسی و پاشماوەی جگەرە کە لە ماوەی جگەرەکێشان دا نیشتووەو کەڵەکە بووە. لە کاتی وازهێنانت لە جگەرە هەوڵ بدە خۆت لە خواردنەوەی پیپسی(نوشابە) و قاوەو شەربەت دوور بخەیەوە لە پێش و پاش بەکارهێنانی جێگرەوەی نیکۆتین، بە هۆی ئەو ماددە ترشەی کە لە خواردنەوەکان دا هەیە لەشت ماددەی نێو ئەو چارەسەرانە(جێگیراوانە ) باش هەڵ نامژێ و سوودی لێ نابینێ وەک ئەوە وایە دەرمانەکەت نەخوارد بێ.

جۆرێک لە جێگیرەوەی جگەرە بەکار بێنە کە بۆت گونجاوە و ئەگەر زانیت بۆ ماوەیەک بەکارت هێناوە و نیشانە لاوەکی لە سەر لەشت داناوە دەکرێ بیگۆڕی بە جۆرێکی دیکە، بەڵام لە ژێر رێنوێنی پزیشک.

دەرکەوتووە بەکارهێنانی ئەو ماددە جێگرەوانە هیچ زیانێکی لە سەر تەندروستی نیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆریش بەکاری بێنی پێویستە رۆژانە بە شێوەیەکی رێک و پێک و بە بەرنامە جێ بەجێی بکەی.

ن: د. دەریا سەعید

سەرچاوە زانستی سەردەم ژمارە ٦٦

ئا: ڕەحمان مەحموودی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاگری عەبدوڵڵاپوور:
# لە هەر قۆناغ و بارودۆخێكدا بم هەموو هەوڵی خۆم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانم سەركەوتن بەدەست بێنم

## وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەل لاوی وەرزشوانو سەرکەوتوو "ئاگری عەبدوڵڵاپوور"

## دیمانە: لاوان



لاوی وەرزشوانو سەرکەوتوو ئاگری عەبدوڵڵاپوور

**لاوان**: سەرەتا لە زمانی خۆتەوە خۆت بناسینە؟

**ئاگری عەبدوڵڵاپوور**: پێش هەموو شتێک سوپاستان بکەم بۆ ئەوەی کە ئەو هەلەو بۆ ڕەخساندم تا لە ڕێگای گۆڤارەکەتان واتە گۆڤاری خۆشەویستی لاوانەوە لە خزمەت لاوەکان دا بم و وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوەو سڵاو و ڕێزم بۆ گشت لاوان بە تایبەت لاوانی وەرزشکاری کوردستان.

من ئاگری عەبدوڵڵاپوور لە شاری سەردەشت لە دایک بووم و لە ساڵی١٣٨٨ی هەتاوی هاتوومەتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ئێستاش ئەندامی یەکیەتیی لاوانمو لە خزمەتتان دام.

لاوان: ماوەی چەند ساڵە وەرزش دەکەی و یەکەم جار لە کوێ دەستت پێ کرد؟

**ئاگری عەبدوڵڵاپوور**: من لە سەرەتایی منداڵییەوە زۆرم حەز لە وەرزش بوو بە تایبەتی "کۆنگفۆ"، چونکە زۆرم سەیری فیلمی ڕەزمی دەکردو حەز و خولیایەکی تایبەتیم پێ پەیدا کرد، ئەوەبوو لە تەمەنی ١٤ ساڵی ڕا لە ڕێگای کورە خاڵەکەم "فریا ئەسپەندار" کە ئێستا لە نێو ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕات دایە کە ئەو کات دەچوو بۆ باشگای کاڕاتە و منی هان دا بۆ ئەوەی کە لە گەڵی بچم بۆ باشگا، بەڵام من زۆرم حەز لە کاڕاتە نەبوو بۆیە ماوەیەکی کەم چووم و کاراتەم کردو ئەوە بوو دەسپێکی کاری وەرزشی من .

لاوان: چۆن بوو کە کیک بۆکسینگت هەڵبژارد؟

**ئاگری عەبدوڵڵاپوور**: دوای ئەوەی کە لە باشگای کاڕاتە هاتمەدەر، ساڵێک دواتر چووم بۆ تاران بۆ ماڵی پوورم کە چەند برادەرێکی هاوشاریم لە تاران بوون کە دەچوون بۆ باشگای کیک بۆکسینگ کە منیشان هاندا لەگەڵیان بچم بۆ باشگا و کاتیک دەستم بە ڕاهێنان کرد حەز و هۆگرییەکی تایبەتم پێ پەیدا کرد کە بەداخەوە ماوەیەکی زۆر کەم لەوێ مامەوە و دوایی چوومەوە بۆ سەردەشتو لەوێ بەردەوام درێژەم بە کارەکەم دا.

**لاوان**: تاکوو ئێستا هیچ پلەیەکت لەو وەرزشەدا بەدەست هیناوە؟





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئاگری عەبدوڵڵاپوور**: بەڵێ من پێم خۆشە پێش هەموو شتێک ماندوونەبوونی و دەست خۆشانە لە مامۆستاکەم کاک شۆڕش مەلایی بکەم کە یارمەتی زۆر کردووم بۆ ئەوەی کە من بگەم بەو ئاستەی کە ئێستا تێیدام سوپاسی دەکەم و هیوادارم هەر بەردەوام بێ لە خزمەت کردن بە لاوان و منداڵانی وڵاتەکەم. من لە شاری سەردەشت بۆ یەکەم جار کێبەرکێدا بەشداریم کرد کە پلەی سێیەمم بەدەست هینا و دواتریش کێبەرکێی کیشوەری لە تاران کە توانیم لەوێش پلەی سێیەم بە دەست بێنم و دواتریش بووم بە ئەندامی هەڵبژاردەی کیک بۆکسینگی لاوان لە ئێران کە بۆ دواجار تیکەڵ بووم بە ریزی تیکۆشەرانی دێموکرات لە باشووری کوردستان کە لێرەش وازم نەهێناوە هەر بەردەوامم کە لێرەش لە گەڵ تیمی کۆیە بەشداریم لە کێبەرکێی دا کرد لە پاریزگای هەولیر، کە لە کێشی خۆمدا یەکەمم هێنایەوە .

**لاوان**: لەو کاتانەدا کە لە یاری‌یەکەدا سەرکەوتنت وەدەست دینا هەستت بە چی دەکرد؟

**ئاگری عەبدوڵڵاپوور**: بێ گومان هەموو مرۆڤیک کاتیک کە سەرکەوتن بە دەست دێنێ هەست بە خۆشی‌یەکی یەک جار زۆر دەکا. من زۆرم گرینگی بە کارەکەم دەدا و هەمیشە وتوومە لە هەر قۆناغ و بارودۆخێکی‌دا بم هەموو هەوڵی خۆم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانم سەرکەوتن بەدەست بێنم، چونکە کاتێک کە ئیرادەی بکردایە لە سەرکەوتن نزیک دەبوومەوە. بۆیە کاتیک کە سەرکەوتنم وەدەست دەهینا هەستم بە گرنگی و بەردەوامی و باشتر بوونی خۆم دەکرد لەو بوارەدا .



**لاوان**: وەرزشوانێک بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێ دەبێ چ بکا؟ بەرێزت هۆکاری سەرکاوتنی خۆت بۆچی دەگەڕێنیەوە؟

**ئاگری عەبدوڵڵاپوور**: هەر وەرزشوانێک بۆ ئەوەی کە سەرکەوتن بە دەست بێنێ یەکەم دەبێ ئیرادەی بەهێز و لە سەر کارەکەی سوور بێ و بەردەوام پەرەی پێ بدا، وەرزشەکەی نەگۆڕێ‌و شکستەکانی بکات بە ئەزموون بۆ سەرکەوتنی. من زیاتر هۆکاری سەرکەوتنی خۆم بە هەوڵ و ماندوو نەبوونی خۆم‌و مامۆستایەکەم دەزانم کە یاریدەدەرم بووە.

**لاوان**: کاک ئاگری چ پەیامێکت بۆ لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؟

**ئاگری عەبدوڵڵاپوور**: پەیامم بۆ لاوانی وڵاتەکەم ئەوەیە کە خۆیان بەکەم نەگرن‌و چونکە ئەگەر لە لاوانی نەتەوەکانی تر لەسەرتر نەبن ئەوا بێگومان کەمتر نین، هەروەها داوایان لێدەکەم کە دوور بکەونەوە لە مادە هۆشبەرەکان و روو لە وەرزش بکەن‌و هەوڵ بدەن کە پەرە بە تواناکانیان بدەن.

***



www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆ نۆهەمین کۆنفرانسی
# یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان ـ نۆرویژ

بەشدارانی بەڕێز:
میوانە ئازیزەکان:
بە بۆنەی پێک هێنانی کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوان لە وڵاتی نۆرویژ، لەلایەن هاوڕێیانی کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی و لاوانی کوردستانەوە جوانترین پیرۆزبایتان پێشکەش دەکەین. هەر لەم پێیوەندیەشدا دەست خۆشی بە دەستەی بەڕێوەبەری لاوان لە نۆرویژ و پیرۆزبایی بە ئێوە بەشدارانی کۆنفرانس دەڵێم و لە بەرە بەری ٢ی رێبەندان ساڵرۆژی کۆماری کوردستاندا پیرۆزبایی ئەو رۆژە مەزنەشتان لێ دەکەم.
بەشدارانی بەڕێزی کۆنفرانس!
هەروەک دەزانن دروست بوونی رێکخراوەکانی لاوان و ژنان مێژوویەکی دوور و درێژی ٦٥ ساڵەی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان، چەندە خۆشە ئێستا کە پاش چەندین ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر کۆماری کوردستان دا ئەویندارا‌ن و رێبوارانی ئەم رێگایە هەروا درێژە بە کاروانی لەپسان نەهاتووی ئەوان دەدەن. لەم پێوەندی‌یەدا بە ئومێدەوە کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی دەڕوانێتە رێکخراوێکی بە ئەزموونی سینفی وەک یەکیەتیی لاوان و لێ‌وپۆ هاویشتنی ئەم رێکخراوە لە دەرەوەی وڵات نیشانەی ئەم ئەزموونە بەنرخانەن کە یەکیەتیی لاوان تۆماری کردوون.
هاوڕێیان!
لەبەرەبەری دەست پێ کردنی کۆنفرانسەکەتان دا شاهیدی ئەوەن کە رۆڵەکانی خەباتگێڕ و بە وەفای کورد هەر رۆژە بە بیانوویەک و لە ژێر سیناریۆیەکی هێزە داپڵۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی دا دەچێتە ژێر پەتی سێدارە و گیانیان لێ دەستێندرێ، تازەترین شەهید لەم پێناوەدا شەهید حوسێن خزری بوو کە تەنیا لەبەر ئەوەی کە کورد بوو چووە ژێر پەتی سێدارەو گیانی لێ‌ستێندرا.
ئەو کەسانەی وەک محەمەد سدیق کەبودوەند و سەکینە محەممەدیئاشتیانی و حەبیبوڵلا لەتیفی بە بیانووی بەرگری لە مافی مرۆڤ و بابەتگەلی وەک تێکدانی ئاسایشی وڵات و دژی خوا کە دەخرێتە پاڵیان، دەستەواژە گەلێکی سواوی کۆماری بە ناو ئیسلامین کە بەم شتانەوە شوناسی نەتەوەیی ئەم رۆڵە ئازایانەی کورد کە حکوومەتی کودیتای وەلەرزە خستوە، بشارنەوە.
لەم پێوەندی‌یەدا چاوڕوانین کە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە وڵاتی نۆرویژ بە ئێعتراز لەم کردەوە جینایەتکارانە، بە خۆپیشاندانی هێمنانە و لەرێگای UNی ئەو وڵاتەوە یان هەر رێگایەکی‌تر کە بۆیان دەکرێ بۆ داکۆکی لەم رۆڵە کوردانە، ئەو پەڕی هەوڵ و هیمەتی خۆتان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی پێش گیری لەو ئێعدامە زنجیرەیی‌یانە یان کەم کردنەوەیان بگرن یان هەر نەبێ دنیای دەرەوە و بە تایبەت لاوانی ئەم وڵاتانە لەمەڕ ئەم شێوە هەڵوێستەی کۆماری ئیسلامی ئاگادار کەنەوە و سیاسەتە دژی گەلیەکانی ئەم رێژیمە لە قاو بدەن.
ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی مەدەنی سەرەکیترین خەباتە کە لاوان دەستە دەستە لە شکڵ‌و شێوەدا بە بیانووی جۆراوجۆر دێنە سەر شەقامەکان و درێژە بەم خەباتە دەدەن ئێوە لاوانی دەرەوەی وڵاتیش بەشێکی بەهێز لە پتانسیەلی ئەم بزووتنەوەن.
خۆشەویستان!
ئێوە لاوانی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر بەشێکن لە خەباتی مەدەنی و بەشداری و بەدەورەوە بوونتان لە ناو ئەم یەکیەتی‌یەدا سەلمێنەری ئاگایی و وشیاری نەتەوەیی و سنفیی‌یەکانی ئێوەی بەڕێزە، کەوابوو بە ئەندام بوون و بە دەورەوە بوون لە نێو ئەم رێکخراوە دا متمانە دروست دەکا و ئەم دەروەست‌و متمانەیەتان دەبێتە هەوێنی کارو چالاکی ئێوە تێکۆشەرانی خەباتی مەدەنی. ئەمڕۆکە ئەو جیلە نوێ‌یەی کە لە خەبات بەشدارە جیلێکی رووناکبیر و کراوەیە لە هەموو بوارەکان دا، ئەم رووناکبیری و کراوەیی‌یە دەبێ بە هەوێنی کارو ژیانی ئێوە لەم پێوەندی‌یەدا هەر بۆیە ئێمە لە ئێوە خوازیارین و چاوەڕوانین کە:
* هەوڵ بدەن ئاستی ئاگایی خۆتان بەرنە سەرێ و بەردەوام یارێکی بە وەفا بن بۆ خوێندن و خوێندنەوە.
* ئەرکە نەتەوەیی‌و نیشتمانیەکەتان بە باشی بەڕێوەبەرن و هیچ کات لە شۆڕش و هاوکاری بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد دانەبڕێن.
* هەوڵ بدەن بە رێکخستن و کۆکردنەوی لاوانی کورد لە نۆرویژ لە دەوری یەکیەتیی لاوان ببنە چەترێکی پشتیوانی بۆ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان.
* هەوڵدان لە پێناو ئاشتی و دادپەروەری و دێموکراسی دا ئەرکی هەمیشەیی‌تان بێت.
ئازیزان:
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە چاوەڕوانی زیاترەوە دەڕوانێتە کۆنفرانسی ئێوە کە بە رخنەی دروست کەر و پێشنیاری بەکەڵک و بە بەرنامەی گونجاو و سەردمیانە ئەم کۆنفرانسە کورت خایەنە بکەنە ئەزموونێکی درێژ خایەن بۆ کاروچالاکی‌یەکانتان و دەست نیشانی کۆمەڵێک رێ‌وشوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ درێژە پێدان بە کومیتەکەتان تا زیاتر لە جاران بتوانێ ئەرکی رێکخراوە و ئەندامی تیدا رەچاو کرا بێت و مافی ئەندام وەک تاک لە پێشوو زیاتر بایەخی پێ بدرێ.
بایەخ دانی ئێوە بە خەبات دەبێتە هاندەر و پشتیوانێکی بەهێز بۆ بەرەو پێش بردنی رێکخراوەکەمان و مایەی دڵخۆشی لاوانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا.
لە کۆتایی دا سەرکەوتن بۆ کۆنفرانس و بۆ بەشداران لەش ساغی بە ئاوات دەخوازم

سکرتێری گشتیی

**یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان**

**مەنسوور سەممار**

**٢٠,١,٢٠١١**

**کۆیە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**ژنان و لاوانی تێکۆشەر!**

**بەشدارانی بەڕێزی ڕێ و ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان!**

لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەریی و هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٦٥مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بناخەدانەری کۆماری کوردستان، بنماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی خۆڕاگر و بنماڵەکانیان و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەڵێین و هیواداریین کە رۆڵەکانی گەلی کورد بە حەق درێژە پێدەری ڕێگە و ڕێبازی کۆماری کوردستان و ڕێبەرە مەزنەکەی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر بن.

بەڕێزان:

دامەزرانی کۆماری کوردستان لەوەها قۆناغێکی مێژوویی گەلی کورددا و دانانی ڕێکخراوی سینفی بۆ دوو توێژی سەرەکی کۆمەڵگا کە ژنان و لاوانی کورد بوون، خاڵێکی هەرە ئەرێنی ئەم کۆمارە ساوایە بوو کە لەو سەردەمەدا بە پێی ئەو ئەقڵیەتە دواکەوتوویەی کە ئەو کات کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی تێیدا دەژیا. دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لە سەرووشیانەوە پێشەوا قازی محەممەد بە هەڵوێست گرتن لە بەرامبەر ئەم دوو توێژە لە کۆمەڵگای کوردی ئەویش بە ئاوڕدانەوە لەو پێویستی‌یە مێژووییە، پێشکەوتن خوازیی نەتەوەی کوردیان سەلماند کە ئەگەر ڕێژیمە زاڵ بە سەر هەر پارچەیەک لە کوردستاندا بە داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان داب و نەریت و فەرهەنگی خۆیانیش بەسەر نەتەوەکەماندا بسەپێنن، گەلی کورد لە هەر دەرفەتێک کە بۆی بکرێ ئەو تابوویە دەشکێنێ و ئاشتی خوازیی و پێشکەوتن خوازیی خۆی دەسەلمێنێ. کۆمارێک کە بە ١١ مانگ تەمەنەوە توانی وەک حکوومەتێکی میللی دێموکڕاتیک بەرنامەڕێژی بۆ وڵات بکات و بۆ هەموو چین و توێژەکان بوار بخوڵقێنێ.

هەر بۆیە لاوان و ژنانی وڵاتەکەمان دوای تێپەڕینی ٦٥ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستاندا و لە ژێر توندترین زەبر و زەنگ و سەرکوتی ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامیش دا لە بەرگری کردن لە مافی ڕەوای خۆیان نەوەستاون و ئەگەر بە تێچووی گرانترین هەزینەی ژیان کە گیانیانە تەواو بێ، لەو پێناوەدا بەختی دەکەن. دەبینین کە هەر ئێستا سیاچاڵەکانی ڕێژیم پڕن لە کچان و کوڕانی خەباتکاری سیاسی و مەدەنی کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە دژی ئەو ڕێژیمە دژی مرۆیی‌یە بەند کراون و ڕووبەڕووی توندترین ئەشکەنجە دەبنەوە تەنانەت لە دادگاییەکی فەرمایشی دا قورسترین حوکم کە ئێعدامە بەسەریاندا دەسەپێنن و لەسەریان جێبەجێ دەکرێ.

ئەوانە و هەموو ئەو خەباتکارانەی کە دەستیان لە ژیان و خۆشەویستیان هەڵگرتووە و بۆ مان و مەوجوودییەتی نەتەوەکەیان خەبات دەکەن، هەموویان ڕێبوارانی بە ئەمەگی ڕێگەی پڕ لە شانازی کۆماری کوردستانن.

ئێمە وەک دوو ڕێکخراوی سینفی کە بە دەستی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان دامەزراوین بۆ جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆمان بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەردەبڕین و وەک هەمیشە یار و پشتیوانی ئەم حیزبە ئاشتی خواز و دێموکڕاتە دەبین و لە وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکەی کە پێک هێنانی کۆماری کوردستانە لە چوار چێوەی حکوومەتێکی فیدراڵی لە ئێراندا.

بەرز و پیرۆز بێ یادی ٢ی ڕێبەندان ٦٥مین ساڵ وەگەڕی کۆماری کوردستان

سڵاو لە قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**

**یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوی**

**٢٢ی ژانویەی ٢٠١١ی زایینی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداری یەکیەتیی لاوان
# لە کۆبونەوەی پارتە سیاسییەکانی کورد لە پەڕلەمانی بریتانیا دا




ڕۆژی دوو شەممە ١ی مارس  بە بەشداری ١٨ حیزب و ڕێکخراوی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان کۆبوونەوەیەک لە تەلاری پەڕلەمانی بریتانیا پێک هات

مەبەست لە گرێدانی ئەو کۆبونەوەیە ، دروست کردنی کومیتەیەکی چالاکە لە پارت و ڕێکخراوە کوردیەکان و پاڕلەمانتارانی بریتانیا بۆ کار کردن لە سەر دۆزی ڕەوای کورد.لە کۆبوونەوەی یەکەم ، بە بەشداری بەڕێز جێرمی کۆربین  جێگری بەرپرسی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە  پەرلەمانی بریتانیا و چەندین کەسایەتی و پەرلەمانتاری تر بەرێوە چوو. کۆبوونەوەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد وپاشان بەڕێز جێرمی کۆربین ،وتەیەکی پێشکەشی بەشداران و میوانەکان کرد.لە وتەکەی دا یەکیەتی و یەکریزی حیزبە کوردی‌یەکانی بە خاڵێکی گرینگ دانا و هیوای خواست کە پارتە کوردی‌یەکان بایەخی زیاتر بە مەسەلەی هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان بدەن.بەڕێز کۆربین ئەو کۆبوونەوەیەی بە سەرەتایەکی گرینگ بۆ کاری گەورەتر لە داهاتوو دا؛ لە قەڵەم دا و ڕایگەیاند کە لە داهاتوویەکی زۆر نزیک دا یەکەم کۆنفڕانسی هاوبەشی پارتە کوردیەکانی هەر چوارپارچە، بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە پەڕلەمانتارانی بریتانیا، لە تەلاری پەڕلەمانی بریتانیا بەرێوە دەبەن و لە ئێستاوە ئامادەکاریەکان دەستیان پێ کردوە.

شایانی باسە کە لە ناو ئەو هەژدە حیزب و ڕێکخراوە کوردیە دا شەش لایەن توانیان وتارەکانیان بخوێننەوە کە بە شێوەی خوارەوە بوو:

بەڕێزجێرمی کۆرک پەیامی  بەڕێز کاک خالید عەزیزی ،سکرتێری گشتیی حزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی خوێندەوە کە نەیتوانی بوو ئەو ڕۆژە بەشداری کۆنفڕانسەکە بێت.پاشان کاک عەبدوڵلا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وتارێکی پێشکەش کرد.دواتر پەیامی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان‌لە لایەن خاتوو شاناز برایم ئەحمەد بەرپرسی پێوەندیەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە بریتانیا پێشکەش کرا.پاشان پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە خوێندرانەوە.

پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن هاوڕێ ڕەحیم دەستیار ، ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی لاوان خوێندرایەوە و دواتر پارتی یەکیەتیی کورد لە سوریە وتاری خۆیان پێشکەش کرد.

دواتر نۆرە گەیشتە بەشداران و بۆ ماوەی کاتژمێرێک پرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی ئەو لایەنانە کرد کە وتاریان پێشکەش کرد بوو. شایانی باسە کە کۆبونەوەکە دوو سەعاتی خایاند و بڕیارە بەم زوانە کۆنفراسی گشتی حیزبە کوردیەکان بە بەشداری یەکیەتی لاوانیشەوە لە پەرلەمانی بریتانیا بەرێوە بچێ. ناوی ئەو حیزب و ڕێکخراوە کوردیانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون بریتین لە کۆنفڕانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا،

پارتی دێموکڕاتی کوردستان، یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پارتی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی یەکیەتیی دێموکڕاتی کوردی سوریە، پارتی یەکیەتیی کوردی سوریە، پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی یەکیەتی کوردستانی، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی سەربەستی کوردستان، بزووتنەوەی دێموکڕاتیکی یارسان، پارتی سەربەخۆی کوردستان، ڕێکخراوی خەبات ی شۆڕشگێڕی،  کۆمەڵە- پارتی سۆسیال دێموکڕاتی کوردستان،  پارتی دێموکڕاتی کوردستانی باکوور، یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوە چوونی کۆنگری جیهانی لاوان لە هەولێر

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی٢٧١٠/١٢/١١ (ک.) بەرامبەر بە ٢٠١١/٣/١٠ (ز. ) مەراسیمی کردنەوەی کۆنگرەی جیهانی لاوان بە بەشداری لاوانی ٥٠ نەتەوەو لەو نێوەدا لاوانی کوردستانیش، لە هەولیر پێتەختی هەرێمی کوردستان دەستی بەکاری خۆی کرد .

سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیە بە خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیبو دوای چەند ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان، دەستی پێکرد .دواتر لە لایەن بەڕێوەبەری مەراسیمەکە بە خێر هاتنی سەرجەم میوانان وبەشداربووانی ئەم ڕێورەسمە کراو دواا لە بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر کرا تا پەیامی کرانەوەی کۆنگرەی جیهانی لاوان پێشکەش بە ئامادە بووان بکا.

بەڕێزیان لەسەرەتایی قسەکانی داخۆشحاڵی خۆی بە نیسبەت بەڕێوە چوونی کۆنگرەی جیهانی لاوان لە شاری هەولێری پێتەخت دەربڕیو ڕوو بە هەموو ئەو میوانانەی کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان بۆ بەشداری لەم کۆنگرەیەدا هاتبوون وتی ؛"هیوادارم هەست بە ئەمنییەت وخۆشحاڵی بکەن ولە نزیکەوە ئەو ئارامیو ئاسایشە وپەرەپێدانی دێموکڕاسی بە چاوی خۆتان ببینن".

دوایی لە لایەن بەڕێز ئومید خۆشناو و، سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستان بە گەرمی بەخێر هاتنی میوانانو بەشداربووانی کۆبوونەوەکە کراو ئاماژەی بەوەکرد کە دوای کۆبوونەوەی بەرێنی لاوان لە جۆرجیا دوای ئەندامیەتی ئێمە و بەئەندام وەرگیرانمان، بڕیارمان دا کە داوا بکەین کۆنگرەی جیهانی لاوان لە کوردستان پێک بێ‌وگوتی ئەمە شانازی‌یەکی گەورەیە کە هەوڵەکانمان بێ ئاکام نەمایەوە و لە لایەن ڕێکخراوەی جیهانی لاوانەوە وەرگیرا .

بەرێز ئومێد خۆشناو لە کۆتایی قسەکانی‌دا داوای لە بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی کرد کە بە چەند وتەیەک مەراسیمەکە زیاتر برازێنێتەوە.

کاک مەسعوود بارزانی لە سەرەتای قسەکانی دا سپاسی ڕێکخراوی جیهانی لاوانی کرد کە لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان کۆنگرەیان گرت و یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانیان بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە وەرگرتووە.

بەرێزیان لە درێژەی قسەکانی دا گوتی : ئۆرگانی ئێوەو ئەندامیەتی لەو ئۆرگانەدا زۆر گرینگە، چونکە لە زۆربەی نەتەوەکانی جیهان تێیدا بەشدارنو ئەمەش شانازی بۆ کوردو تێکڕای نەتەوەکانی دیکەیە کە لەم ڕێکخراوەدا ببنە ئەندام .

بەرێزیان لە درێژەی باسەکانی‌دا گوتی: ئەوەی ئێمە نەمانتوانیوە بیکەین با گەنجەکانمان بیکەن، چۆنکە خەباتی ئێمە زۆر سخت بوو و ئەم سەختیەو خۆڕاگری‌یە بۆتە پێناسەی خەباتی نەتەوەیی‌و شەڕی مانو نەمانمان بۆ ئەم پرسە کردووە.

کاک مەسعوود بارزانی لە کۆتایی وتەکانی‌خۆی‌دا، داوای لە لاوانی کوردستان کرد کە خۆیان بەرگری لە مافی خۆیان بکەن وئێمە بەردەوام وەک پشتیگیرو هاریکارو یارمەتیدەری سەرەکی خۆیان ببینن .

دوای تەوا بوونی قسەکانی کاک مەسعوود دانیەڵ ڤۆڵتێر سکرتێری گشتی لاوانی جیهان بەم بۆنەیەوە پەیامێکی پێشکەش کرد و لە کۆتایی قسەکانی دا سپاس‌و پێزانینی خۆی‌و هەموو هاوڕێیانی بۆ ئەم میوانداریەتیەی حکوومەتی هەرێمو خەڵکی کوردستان دەربڕی.

بەڕێز سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوان کاک مەنسوور سەممارو هێدی مەحموودی ڕاوێژکاری بەڕێوەبەری گشتی و کەماڵ ئافەرین کادری یەکیەتیی لاوان وەک نوێنەرانی یەکیەتیی لاوان لە سەر بانگهێشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستان بەشداریی ئەو مەراسیمە بوون .

لە بەشی کۆتایی مەراسیمی کرانەوەی کۆنگرەی جیهانی لاوان چەند پارچە موزیکێک لە لایەن چەند لاوێکی موزیک ژەنەوە پێشکەش بە ئامادە بووان کرا.

# کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەی شەشەمی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠ /١٢/ ٢٧١٠ی (ک.) بەرامبەر بە ٢٠١١/٣/١١ی (ز) شەشەمین کۆبوونەوەی ئاسایی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئامادە بوونی زۆربەی زۆری ئەندامانی بەڕێوەبەری لە کاتژمێر ٩ی بەیانی دەستی بەکار کرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە خوێندنەوەی بابەتەکانی‌کۆبوونەوە لە لایەن بەڕێز مەنسوور سەممار بۆ ئەندامانی بەڕێوەبەری دەست پێ کرد .

یەکەم باسی کۆبوونەوەکە بە باس کردن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بوو لەسەر کۆنگرەی **١٥**ی حیزبی دێموکڕاتیی کوردستان دەستی پێ کرد.

بەڕێز سکرتێری گشتی باسی لە نزیک بوونەوەی ئەم کۆنگرەیە کردو ئاماژەی کرد کە دەبێ لاوان بە گشتیو یەکیەتی لاوان بە تایبەتی رەنگ‌دانەوەیەکی ئەرێنیان هەبێ لەسەر ئەم کۆنگرەیەو بە چالاکیەکی زیاتر لە جاران بەشداری ئەم کۆنگرەیەی حیزبەکەمان بکەین و توانای لاوان زیاتر بێنینە بەر چاو. دواتر هەموو ئەندامانی بەشدار بوو لەم کۆبوونەوەیەدا بیرو ڕای خۆیان لەسەر چۆنیەتی بەشدار بوونو رەنگدانەوەی هەرچی زیاتری بیری لاوانەو سەردەمیانەی لاوانیان خستە روو .

تەوەرێکی دیکەی ئەم کۆبونەوەیە باسێک بوو لەسەر باردۆخی ئەمڕۆی ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی،کە هەموو هاوڕێیانی بەشدار بوو لەم کۆبوونەوەیەدا پێداگر بوون لەسەر ئەوەی کە هەلو مەرجی ئەمڕۆی ئێران توشی ئاڵوگۆڕیەکی توند بووەو دەبێ هەمووومان لە هەولی ئەوە دابین کە کوردستان لەم ئاڵوگڕانەدا رەنگو پێگەی دیاری‌کراوی هەبێو ئەم جێگە و رەنگ‌دانەوەیەش تا ئەو رادەیە بەرچاو بێ کە لە دوارۆژی ئەم ئاڵ و گۆڕانەدا کورد وەک سەرکەوتویەکی مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامی چاوی لێ‌بکرێ.

لە درێژەی باسەکاندا باسی جووڵانەوی سەوز لە ئێران هاتە ئاراوەو نەقشو پێگەی ئەم جووڵانەوەیە لە لایەن بەشداربووانی کۆبوونەوەکە زیاتر شی کرایەوە هەر کام لە ئامادەبووان بیرو ڕای خۆیان لەسەر جۆڵانەوەی سەوزو پێگەی کورد لەم جووڵانەوەیەدا هەڵسەنگاندو لە کۆتایی ئەم باسەدا بڕیار درا کە یەکیەتی لاوان پشگیری لەم جووڵانەوەیە بکا.

دوا باسی ئەم کۆبوونەوەیە باسێک بوو لە سەر کارو چالاکیەکانی سێ مانگی داهاتووی یەکیەتی لاوان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارو چالاکیەکان .

جیگای ئاماژەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە لە کات‌ژمێر **٩** بەیانیەوە تا کات‌ژمێر **٤**ی دوانیوەڕۆی خایاند.

## فایلی ژمارەی داهاتوو:






کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# بەشێک لە وێنەی چالاكیەكانی یەكیەتی لاوان


















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



Mana Neyestani
Iran

# LAWAN

The Organ Democratic Youth Uonion of the Kurdistan
No: 41 March 2011